# بیرەوەرییەکانی مستەر هێمفێر

## جاسوسی بەریتانیا لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا

**ڕوونکردنەوەیەك لەلایەن وەرگێڕەوە :**

**پاش بەڵێندانی یەکێك لە خاوەن چاپخانەکانی سلێمانی کە بەبێ هیچ بەرامبەرێك ئەم پەرتووکەم بۆ چاپ بکات، منیش لەڕێگای هاوڕێیەکەوە بۆم ڕەوانەکرد، بەڵام پاش زیاتر لە 6 مانگ هەواڵێك نە لە چاپکردنی هەیەو نە چاپپیشکراوە !... بۆیە لەگەڵ سوپاسمدا بۆ ئەو بەڕێزانە، چیتر بە باشم نەزانی ئەم وەرگێڕانە لە قەفەزی چاوەڕوانی چاپکردندا بمێنێتەوە و بڕیارمدا کە لەڕێگای کوردستانپۆستەوە بڵاوی بکەمەوە. هیوادارم جێگای خۆی بگرێت.**

**تاهیر ساڵح شەریف**

2005/ 9 / 25

# بیرەوەریەکانی هێمفێر

# ڕوو زەردی ئەوان و چیرۆکی گێلێتی ئێمە!

## کەمال ڕەئوف

بیرەوەرییەکانی مستەر هێمفێر کورتە چیرۆکی ئەو پیاوە ئینگلیزەیە کەخۆی ڕۆژگاریٚ بەکاری جاسوسی کردن چووەتە ناوچەی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست و وەک بیرەوەرییەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا نووسیویەتیەوە و بەڕێز (تاهیر سالح شەریف)یش لەفارسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. گرنگی ئەم کتێبە بۆخوێنەر لەوەدایە کەئەم بابەتە هەرچەندە سالاٚنێکی دورو درێژە نووسراوەتەوەو ڕووداوەکانی بەسەرهاتگەلێکی بەسەر چوون و هی سەردەمانێکی ترن، بەلاٚم بەووردبوونەوە لێیان خوێنەر دەتوانێت بگاتە ئەو بڕوایەی کە بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی ئێستاش لەم سەردەمەدا ڕوودەدەن و بەجۆرێک لەجۆرەکان دووبارەبوونەوەی ئەو سیاسەتگەلەیە کە ئەوسا لەسەردەستی وولاٚتە گەورەکان لەم ناوچانەدا پیادەکراوە، هەروەها بەووردبوونەوەی دیالۆگەکانیش کە لە کتێبەکەداهاتوون، خوێنەر ئەو بڕوایەی لادروست دەبێت کەهەرچەندە دەسەلاٚتەکانی ئەم ناوچانەش لەشکلو شێوازدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە بەلاٚم زۆربەی خەلکی ئەو ساو ئێستاش هەر لەو بازنە داخراوەدا دەژین ودەخولێنەوە  کە بگەنە ئەو یەقینەی ئاخۆ ئاینی ئیسلام و بەرنامەکانی توانایان هەیە لەنەهامەتیەکان و نابەرابەریەکانی سەردەم ڕزگارمان بکات یان نا؟

لەم کتێبەدا کەبەشێکی بچووک لەمێژووی دەستێوەردانی وولاٚتەگەورەکان نیشان دەدات، ئاماژەیەکی ڕاستەو خۆش بۆ ئەوەدەکات کە چۆن شەڕی ئاینەکان و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان دروستکراو بوون وبەهۆی نزمی ئاستی هوشیاری خەلکەوە  توانیویانە لەو ڕێگایانەوە درێژە بەکاری داگیرکەرانەو دروستکردنی پشێوی لەنێو خەلکدا بدەن تا ئاسانتر بتوانرێت لەو ولاٚتانە جێگە پێی خۆیان قایم بکەن و بمێننەوە گەرا دابنێن، ڕووداوەکانی بیست و پێنج سالی ڕابردووی بزاڤە ئیسلامیەکان و چۆنیەتی سەرهەلدانیان و پشتیوانیکردنیان لەلایەن ولاٚتێکی وەک ئەمریکاوە بۆخۆی ڕاستی ئەو مەسەلەیە ئاشکرا تر دەکات , ڕەنگە زیندووترین نمونە بۆئەوە، ڕووداگەلێک بێت کە لە چەندسالی ڕابردوودا ئەفغانسان ڕوویاندا، کۆمەکی سەربازی و ماددی ئەمریکاو پاکستان بۆهێزەکانی تالیبان و دروستکردنیان وەک دەسەلاٚتێکی بەهێزی ئاینی تاک مەزهەبیانە لەو ناوچەیەدا، یاخود کۆمەکی هێزە ئیسلامیەکانی چیچان و پێشتریش دروستکردن و کۆمەککردنی ئیخوانەکانی میسر لەسەردەستی مەلیکەکانی ئەو سەردەمە، ئەو ڕاستیەمان پیشان دەدات کەچۆن توانیویانە لەناخەوە مرۆڤەکان داگیر بکەن و بیان ووروژێنن و بیانخەنە خزمەت مەسەلەیەکەوە کە لەبناغەوە هیچ سودێکی نەبۆ ئاینی ئیسلام هەبێت نە بۆ خەلکی ناوچەکە.

ئەگەر سەردەمەکەی هێمفێر بەئاشکرا دەسەلاٚتێکی ئاینی و مەسیحی لەپشتی ڕووداوەکانەوە بووە، ئەوا ئیستاش بەجۆرێکیتر لەپشتی دەسەلاٚتەکانەوە دەسەلاٚتێک و ئایدلۆژیایەکی ئاینی وەستاوە و هاوتەریب دەیانەوێت لەسیستەمی سەرمایەداریدا مرۆڤەکان بەو شتانە کوت و بەند بکەن کەتوانایی یاخی بوون و ووزەی شوڕشگێڕێتی هەلدەلوشێت، هەربۆیە سەیر نییە ئەگەر لەدەستوری ئەمریکادا ئاماژە بۆ ئەوەکرابێت کە ئەوان گەلێکن هەلبژاردەو خوشەویستی خوادان وخوداش سەریان دەخات بەسەر  نەتەوەکانیتردا، هەروەها لەدەستوری ئەلەمانیاشدا باس لەخودایەک بکرێت کەلەخوداکانی تر جیاوازبێت، هەربۆیە زیادە ڕۆیی نییە گەر بلێن  دەسەلاٚت و سیستەمی عەلمانی لەسەرمایەداریدا تا ئەوشوێنە بڕەکات کەبەرژەوەندیەکانیان

نەخاتە بەرمەترسی، کە لەدوا ئاکامیشدا ئەوە والیَکدەدریَتەوە بۆخۆشی ئەم دەسەلاَتە و هەیمەنەکردنی لەڕووی هزرەوە وەک هیمفیَر دەلیَت ڕیَک دروستکردنی ئاینیَکی ترە لەناو ئاینەکاندا.
لەکۆتایدا ماوەتەوە سەر ئەوەی کە دەستخۆشی لەبرای وەرگیَر تاهیر بکەم چونکە بە وەرگیَرانی ئەم کتیَبەی کتیَبیَکی تری بەکتیَبخانەی کوردی زیاد کرد کەبەدلنیاییەوە جیگەی سوود وەرگرتنە بۆ ناسینەوەو ئاشنابوونمان بەو سەردەمەی کە نووسەری کتیَبەکەی تیَدا ژیاوە.

****

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی :

ئەم وەرگێڕانە چیرۆکی سیخوڕێکی بەریتانیای گەورەمان بۆ دەگێڕێتەوە. نووسەری کتێبەکە ناوی" هێمفێر"ە کە خۆی ئەرکی جاسوسیکردنی بۆ وەزارەتی مستعمراتی بەریتانیای سەدەی هەژدەهەم لە ئەستۆ گرتووە و ناوەندی چالاکی جاسوسیانەکەی" هێمفێر"، ولاتانی تورکیا، میسر، ئێران، عێراق و سعودیەیە.

هێمفێری جاسوس، چەند کێشەو بابەتێکی تایبەتیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕەنگە زۆربەمان تا کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەی ئەو، زانیارییەکی ئەوتۆمان لە بارەیانەوە نەبووبێت : پرۆژەو ئامانجە نامرۆییەکانی ئیستعماری ئینگلیز بۆ بە مستعمرەکردنی ولاتانی دواکەوتووی ئیسلامی ونائیسلامی، پەیوەندی ئاینی مەسیح و ئیستعماری ئینگلیز، چۆنیەتی دۆزینەوە و پەروەردەکردنی فکری، سیاسی و ئەخلاقی محەمەد عبدالوەهابی ڕابەرو دامەزرێنەی ڕەوتی" ئیسلامی وەهابی" لەڕێگای نووسەری کتێبەکەوە و پەیوەندی ئەو ڕەوتە ئیسلامییە بە دەوڵەتی ئیستعماری بەریتانیاوە، پلانەکانی ئیستعماری ئینگلیز بۆ ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، نەخشە ئیستعمارییەکانی ئینگلیز بۆ دانانی چەند بنەماڵە و خێڵێکی دیکتاتۆر و ئیستبدادی لە سەرکورسی حکومەت و دەسەڵات لە ولاتانی دواکەوتووی ئیسلامیدا، بەکارهێنانی ئاینی ئیسلام بۆ دژایەتیکردن و لێدانی خودی ئاینەکە، ئاشکراکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئایەتەکانی قورئان، حەدیسەکان و گوتارو کردارەکانی پێغەمبەر وخەلیفەکان لەگەڵ واقعی سەردەمی محەمەد و سەردەمەکەی هێمفێردا، لەوانەیش گرنگتر، خوێندنەوە و توێژینەوەی هەمەلایەنە و ووردی هەموو دیاریدە و پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی ولاتانی دواکەوتووی بە مستعمرەکراوی ئەو ڕۆژگارە لەلایەن دەسەڵاتداران و حکومەتی ئینگلیزەوە و دیاریکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان لە بەر ڕووناکی خوێندنەوە و توێژینەوە دیاریکراوەکانیاندا... ئەوانەو زۆر کێشەیتریش لەم پەرتوکەدا تیشکیان خراوەتە سەرو ڕوونکراونەتەوە..کە بەڕاستی بەخوێندنەوەیان لەسیاسەت و نەخشە ئیستعمارییەکانی دەوڵەتی ئینگلیز سەرسام دەبین.

منیش وەک وەرگێڕی کتێبەکە، لەم پێشەکییە کەڵک وەردەگرم و دەمەوێت وەک پێویست و تا ئەو جێگایەی کە چوارچێوەی دیاریکراوی ئەو ڕێگام پێبدات، چەندڕاستییەک لە بارەی ئیستعماری کۆن و نوێوە بخەمە بەردیدەی خوێنەر و لە کۆتاییشدا هەوڵدەدەم کە لە سەر خودی کتێبەکە و چۆنییەتی وەرگێڕانەکە چەند خاڵێک ڕوون بکەمەوە.

لە سەرەتادا جەختکردن لەسەر ئەم خاڵە بە گرنگ دەزانم کە ئەوە بەبیر بهێنمەوە : ئیستعمار دیاریدەیەکی مێژووییە و لەگەڵ دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەرچیینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا سەری هەڵداوە. داگیر کردنی سەرزەوییەکانی نەتەوە لاوازترەکان لەلایەن بەهێزترەکانەوە، کە وەک دیاریدەیەکی وێرانکەر لە بەرەبەیانی کۆمەڵگەی کۆیلەدارییەوە دەستپێکردووە، بۆخۆی جۆرێکە لە ئیستعمار. ئەگەر ووشەی" ئیستعمار" بە هەمان مانای ووشەی" ئاوەدانکردنەوە"، یاخود" بنیاتنانەوە" هاتبێتە ناو فەرهەنگە سیاسییەکانەوە، ئەوا خودی مانای ڕاستەقینەی ووشەی" ئیستعمار"یش لەلایەن زماناسەکانی ولاتە ئیستعمارییەکانەوە ئاوەژۆ کراوەتەوە، چونکە لە ڕاستییدا و لە ڕووی مانای ماددی و بابەتی ووشەکەوە، هێزە ئیستعمارییەکان، واتای هێزە تالانکەر، داگیر کەر و وێرانکەرەکانی گەیاندووە و دەگەیەنێت، نەک هێزە بنیاتنەر و ئاوەدانکەرەوەکان. لێرەدا نامەوێت بچمە سەرباسی پەیوەندی نێوان ئیستعمار و شێوەکانی بەرهەمهێنانی پێش لە سەرمایەداری، چونکە ئەوە باسێکی مێژووییەو لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم باسەی ئێستا دوورمان دەخاتەوە... بەهەرحاڵ، لە ڕوانگەی مێژووییەوە، سەرمایەداری لە سەرەتای سەرهەڵدانی خۆیدا، واتە لە کاتێکدا کە پرۆسەی کەڵەکەی سەرەتایی سەرمایە لە سەدەی شازدەهەمدا دەست پێدەکات، ئیستعمارو سیاسەتی ئیستعماری سەرمایەداریش وەک مەیلێکی ئابووری جیانەکراوە و پێویست لەگەڵ هەمان پرۆسەدا دێتەکایەوە.

لە سەدەی شازدەهەمەوە، واتــە ســەدەی ســەرهەڵدانی شـێوەی بەرهــەمهێنانی ســەرمایەداری، ئیــستعماری سەرمایەداری بە چەند قۆناغێکی گرنگدا تێپەڕ دەبێت :ــ

قۆناغی یەکەم : قۆناغێکە کە هاوکات لەگەڵ پرۆسەی کەڵەکەی سەرەتایی ســەرمایە، گەشــەکردنی بازرگــانی جیهانی و شۆڕشی پیشەسازیدا دەستپێدەکات و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئیتر ئەم قۆناغە لە ژیانی ئیستعمار کۆتایی پێدێت، ئیستعماری نوێ جێگای شێوەی ئیستعماری تەقلیدی دەگرێتەوە.لە قۆناغی یەکەمدا، واتە لە قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، ئیــستعمار وەک سیــستەم و مەیلێکی داگیرکەر، تالانکەر، وێرانکەر و چەوسێنەری گەلانی لاواز ودواکەوتوو خۆی دەردەخاتەوە کە ئەمــەش لە دوالێکدانەوەدا دەبێتە هۆی گەشەکردنی هەرچی زیاتری خودی شـێوەی بەرهەمهـێنانی ســەرمایەداری لــە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا. مارکس لەو بارەیەوە دەڵێت :{ سیستەمی مستعمرات بووە هۆی گەورەترین پێشکەوتنەکان لە بواری بازرگانی و کەشـتیرانی و دەریاگەڕیــدا. بەتــەعبیری لــوثر،" کۆمپانیــا ئیحتکارییــەکان" بوونەتــە سەرەنوێلکە بەهێزەکانی کەڵەکە کردنی سەرمایە. ئەو مانیفاکتۆرانەی کــە بەخێراییــەوە ســەریان لەزەویــدا دەردەهێنا و گەورە دەبوون، چەند بازاڕێکی دابینکراویان لە مستعمرەکاندا بــۆ دەدۆزرایــەوە و ئیحتکــارکردنی بازاڕ هۆکارێکی کەڵەکەکردنی خێرای سەرمایە بوو. ئەو سەروەت و سامانانەی کــە لــە دەرەوەی ئــەوروپاوە ڕاستەوخۆ و بەهۆی تالانکردن، دیلکردن و مرۆڤ کوشتنی سەرزەوییە داگیرکراوەکانــەوە بەدەســتهێنرا بــوون، لەوێدا دەگۆڕان بۆ سەرمایە.... لەگەڵ گەشــەکردنی ســەرمایەداری قۆنــاغی مانیفــاکتۆرەدا، بــیروڕای گــشتی ئەوروپا، دوایین شوێنەواری شەرم و حەیاو ویژدانی خۆیی لــە دەســتدا. نەتــەوەکان (مەبەســتی مــارکس لــە نەتەوەکانی ئەوروپایە) دەستیان دەبرد بۆ هەموو کارێکی نەنگین و بێشەرمانە کــە ببووایەتــە هــۆی کەڵەکــە کردنی سەرمایە....1 }.لە هەمان پرۆسەدایە کە ئیسپانیا، پرتوگال، هۆڵەندە، فەرەنسا و بەریتانیا دەستدەکەن بە داگیرکردنی سەرزەوییەکانی وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهــان و لەنێوخۆیانــدا دابەشـیاندەکەن، یــان وەک مارکس دەڵێت : { قۆناغە جیاوازەکانی کەڵەکەی سەرەتایی سەرمایە، کە لــەڕووی زەمەنییــەوە کــەم تــا زۆر جیاوازبووە، لە نێوان ئیسپانیا، پرتوگاڵ، هۆڵەند، فەرەنسا و بەریتانیادا دابەشدەکرێن. ئــەو قۆناغانــەی کــە ئاماژەیان پێکرا، لە ئینگلتەرەی کۆتایی سەدەی هەڤدەهەمدا، وەک سیستمی ئیــستعمار، سیــستەمی قــەرزدانی دەوڵەتی، سیستەمی باجدانی نوێ و سیستەمی پشتیوانی گومرکی (نظام التعرفة الجمركيــة **the protectionist system**)، وەک شێوازی ئۆرگانیکی و پێکەوە گرێدراو دەرکەوتەوە. بەشـێک لــەو شـێوازانە لەســەر بنــەمای توندوتیژترین کردەوەی بەربەریانەی وەک سیستەمی ئیستعماری وەستا بوون، بەڵام هەموو ئەوانــە لەلایــەن هێزی دەوڵەتەوە، واتە تووندو تیژی سیستماتیک و ڕێکخراوی کۆمەڵگەوە بەکار دەهێنران تا پرۆسەی گــۆڕینی شێوەی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی بۆ شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خێراتر بکــات و ڕێگاکــانی جــێ گۆڕێکێ کردنی ئەم دوو شێوە بەرهەمهێنانە کورتر بکاتەوە 2 }. بەڵام پرۆسەی گۆڕینی شێوەی بەرهــەمهێنانی دەرەبەگایەتی بۆ شێوەی بەرهەمهێنای سەرمایەداری ئیستعماری، پرۆسەیەکی ئابوری، یان سیاسـیی ڕووت و پەتی نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی فکریش بووە. لە سەرەتای ســەرهەڵدان و لــەدایک بــوونی ســەرمایەداریدا، سەرمایەدارەکانی ئەوروپا و ڕۆشــنبیران و بیریــارانی لایــەنگری ئــەم چــینە، خــەباتێکی فکــری درێــژماوەو هەمەلایەنەیان لەدژی ئاینی مەسیحیەت کرد و سەرئەنجامی ئەم خەباتەشیان بەوە گەیشت کە ئاین مەسیح لە دەسەڵاتی سیاسیی جیا بکەنەوە، بەڵام پاش جێگیر بوونی یەکجاری شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، ئیتر چینی بۆرژوازی دەسەڵاتداری ئەوروپا گەیشتە ئەو بڕوایە کە ئاینی مەسیح، یەکێکە لەو ئامرزا فکرییانەی کــە دەتوانێت بۆ مانەوەی ڕژێمەکەی کــەڵکی لێوەربگرێــت. لەبەرئــەوە، بۆرژواکــانی ئــەوروپا و دەوڵەتــەکانیان پەنایان بردەوە بەر ئاینی مەسیح تا لەڕێگای بەکاربردنی ئەوەوە بتوانن شــەرعییەت بــە هــەر کردەوەیــەکی نامرۆییانەی خۆیان بدەن کە لە پێناوی قازانجپەرەستی خۆیاندا دژ بە گەلانی دواکەوتووی دنیــا ئــەنجامیان

دەدا. قەشەکان کرانەوە بە ڕاوێژکاری دەسەڵاتە سیاسییەکانی ئەوروپا (هەروەک همفێری نووسەری ئەم کتێبەیش ئاماژەی بۆ کردووە)، کڵێساکانیش کرانەوە ناوەندی چەواشەکاری و گێژ کردنی خەڵک، کڵێسا و ئیستعمار بوونە دوو دیوی یەک دراو. مارکس ئاماژەیەکی باش بەم پەیوەندییەی نێوان ئیستعمارو ئاینی مەسیح و کڵێسا دەکات و پاش بەبەڵگە کردنی قسەکانی ولیام هاویت دەڵێت : { پیاوێک کە پسپۆڕە لە بواری مەسیحییەتدا، لە بارەی سیستەمی ئیستعماری مەسیحییەت و هاویتەوە ئەوها دەڵێت :" درندەیی و کارەساتگەلێکی بێشەرمانە کە ڕەگەزە بە ناوەمەسیحییەکان لە هەرشوێنێکی دنیادا و دژ بە هەر وڵاتێکی داگیرکراوئەنجامیدەدەن، لە هیچ یەکێک لە سەردەمە مێژووییەکانی جیهاندا و لە ناو هیچ ڕەگەزێکدا، تەنانەت ئەگەر دواکەوتووترین و درندەترین ڕەگەزیشبن و بەهەر ڕادەیەک کە بێبەزەیی و بێشەرمیشبن، وێنەی نییە*".... لەو مستعمرە کشتوکاڵیانەی کە خەڵکەکەی تەنها خەریکی بازرگانی ناردنە دەرەوە (التصدیر) بوون، وەک هیندی ڕۆژئاوا و سەرزەوییە قەرەباڵغەکانی مەکسیک و هیندی ڕۆژ هەڵات، کە دەستیانکردبوو بە کوشت و کوشتار و تاڵانکردنیان، شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنانە زۆر ترسناکتر بوو. سەرەڕای ئەوەش، کەچی تەنانەت ناوەرۆکی مەسیحییەتی کەڵەکەی سەرەتایی سەرمایە لە مستعمراتدا، بەمانای تایبەتی ووشەکە ڕەتتنەکرایەوە. ئەم پسپۆڕە بێشەرم و توند ڕەوانەی پرۆتستانیزم، ئەم تاوانکارانەی ئینگلتەرەی مۆدێرن، لە ساڵی 1703 دا، بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی یاسادانانەکەیان (جمعیتهم التشريعية assembly) بۆ دیلکردنی هەر هیندییەکی سوور پێست، پاداشتێکی بە بڕی 40 لیرەی ئوستەرلینی تەرخانکردووە و لە ساڵی 1720یشدا بۆ کوشتنی هەر سوور پێستێک 100 لیرەی ئوستەرلینی تەرخانکردووە 3}.

قۆناغی دووەم / قۆناغێکە کە سەرمایەداری ئیستعماری گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەم پرۆسەی گۆڕانکارییەدا، ئەوەی کە نەگۆڕاوە سیاسەتی داگیرکارانەو تاڵانکەرانەی سەرمایەداری ڕۆژئاوایە بەرانبەر وڵاتانی کۆلۆنیالی ونیمچە کۆلۆنیالی. سەرمایەداری ڕۆژئاوا کە بە دوای شۆڕشی پیشەسازییدا پێینایە قۆناغێکی بەرزترەوە، واتە ئەو قۆناغەی کە هەندێک بیریاری سەرەتای سەدەی بیستەم بە قۆناغی ئیمپریالیزم ناوزەدیان کرد، بەکەڵک وەرگرتن لە پیشەسازی مۆدێرنی ئەو ڕۆژگارە، پەلاماری وڵاتانی دواکەوتووی جیهانیاندایەوە و پرۆسەیەکی نوێ لە بە مستعمرەکردن دەستپێکردەوە. ئامانج لە بە مستعمرەکردنەکانی وڵاتانی دواکەوتوو، دەستگرتنیان بوو بەسەر بازاڕ، هێزی کار و سەرچاوە سروشتییەکاندا.

لەم قۆناغەدا، نەخشە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری ئیستعماری ڕۆژ ئاوا ـ بە تایبەتی ئیستعماری ئینگلیز ـ بە هەندێک ئاڵوگۆڕەوە لە وڵاتانی مستعمرەو نیمچە مستعمرەدا پراکتیزە کران. لەناوبردنی پلەبەپلەی شێوەکانی بەرهەمهێنانی پێش لە سەرمایەداری، گەشەدان بەسەرمایەی بازرگانی و سوخۆری وابەستە بە مۆنۆپۆڵەکان و سەرمایەی مالی ڕۆژئاوا، کە زیاتر لە شێوەی سەرمایەی بازرگانی، سوخۆر و بۆرژوازی کۆمبراتۆردا خۆیان دەنواندەوە، دروستکردنی چەند حکومەتێکی ئیستبدادی بنەماڵەیی و خێڵەکی لە وڵاتانی دواکەوتوو ـ بەتایبەتی لە وڵاتانی ئیسلامی ـ دا، وەک پارێزەری بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان، پشتیوانی دارایی و سەربازی ڕاستەوخۆ لە حکومەتە پاشایەتیی و دیکتاتۆرەکان و هەوڵدان بۆ سەرکوتی ئەو جووڵانەوە دینی و شێوە دینیانەی کە ڕووبەڕووی سیاسەت ئیستعمارییەکان وەستابوونەوە، کە لەڕاستیشدا ئەوانە بەرگرییان لە شێوەی بەرهەمهێنانی دەرەبەگاییەتی، ئابووری کاڵایی، دەسەڵات و کلتوری فیودالی دەکرد، ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەک سیمبوڵی ئیسلامی ئەنتی ئیستعماری ڕۆژ ئاواو تاد...هەموویان ئەو نەخشە ئیستعماریانە بوون کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ساڵانی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لەدژی وڵاتانی دواکەوتووی جیهان بەڕێوە براون.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی کورتیش بەوە بکەم کە گەیشتنی سەرمایەداری بە قۆناغی ئیمپریالیزم، واتە قۆناغی باڵادەستی سەرمایەی مالی و مۆنۆپۆڵەکان، سەرمایەداری جیهانی دابەشکرد بە سەر چەند وڵاتێکی

گەورەهێزی ئیستعماریدا و لە هەمان پرۆسەدا چەندگەورەهێزێکی جیهانی نوێ سەریان هەڵدا، کە ڕۆڵی تاک لایەنەی ئیستعماری بەریتانیای گەورەیان لە دیاریکردنی سیاسەتی جیهانیداسڕیوە. سەرهەڵدانی فەڕەنسا، ئەڵمانیا، یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا، ژاپۆن وتاد... لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەو بارودۆخە جیهانییە کۆنەی گۆڕی کە بریتانیا تێیدا باڵا دەست بوو. بەریتانیای سیومبڵی ئیستعماری سەرمایەداری، تەقریبەن بووە هێزێک لە پەراوێزی سیاسەتی جیهانی ئەو سەردەمەدا و ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی جیهانی لێوەرگیرایەوە. ئەو گۆڕانکارییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕاستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر وڵاتانی دواکەوتووی جیهانیش هەبوو. هەندێک لەوڵاتانی ناوبراو، لەسەر دابەشکردن و بە مستعمرەکردنی وڵاتانی خاوەن نەوت، بازاڕ و سەرچاوەسروشتییە بەپیتەکانی وڵاتانی دواکەوتووی جیهان بەشەڕ هاتن، دووجەنگی جیهانی ماڵوێرانکەریان بەرپا کرد و لە هەمانکاتیشدا زۆرێک لەوڵاتانی دواکەوتووی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین و ئەوروپای ڕۆژهەلاتیان داگیرکرد. هەرلەو پرۆسەی کۆلۆنیالیزکردن و جەنگدا، خەڵکی وڵاتانی کۆلۆنیالی و نیمچە کۆلۆنیالی چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشیان دژ بە ئیستعماری ئیمپریالیستی بەرپاکرد. بە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا، هێزە ئیستعمارییەکان دەستیان بە پاشەکشە کرد و پرۆسەی بە مستعمرەکردنی ڕاستەوخۆ و داگیرکردنی سەربازییانەی وڵاتانی دواکەوتوو کۆتایی هات. قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئیمپریالیزمدا هاتەکایەوە و وڵاتانی مستعمرەی پێشتر چوونە قۆناغێکی نوێوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئیمپریالیزم بەجۆرێکیتر سیاسەت و نەخشە ئیستعمارییەکانی خۆی دژ بەوڵاتانی دواکەوتووی ناسراو بەوڵاتانی جیهانی سێیەم درێژەپێدا.

قۆناغی سێیەم / لە ڕووی ناوەڕۆکی ئابووری و سیاسییەوە، درێژکراوەی هەمان قۆناغی دووەمە، واتە ئەو قۆناغەیە کە سەرمایەی مالی و مۆنۆپۆڵەکان تیاییدا بالادەستن، بەڵام هاوکێشە ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆجییە جیهانییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.. جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهاتووە، بە سەرکردایەتی سۆڤیەت و ئەمریکا، جیهان دابەش دەبێت بەسەر دوو کەمپی ڕۆژهەلات و ڕۆژ ئاوادا. لەم قۆناغەدا، زۆربەی هەرزۆری وڵاتانی مستعمرە کراو لە ڕووکەشدا سەربەخۆییان بەدەستهێناوە، یان پرۆسەی سەربەخۆییان بەرەو خاڵی و کۆتایی دەچێت. ئەم قۆناغە کە پاش لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەستپێدەکات، قۆناغێکە کە وڵاتانی بەمستعمرەکراوی پێشتر، تیایدا دەکەونە داوی وابەستەیی ئابووری، سیاسی و دیپلۆماسی ئیمپریالیزمی ڕۆژ هەلات و ڕۆژئاواوە. سۆڤیەتی سەرکردەی کەمپی بە ناو سۆشیالیستی، چەند حیزب و کەسایەتییەکی دیکتاتۆر و عەسکەری لەو وڵاتانەدا لەسەر کورسی دەسەلات دادەنێت کە وابەستە دەبن بەخۆیەوە و بە هەموو شێوەیەک یارمەتییاندەدات. ئەمریکایش، کە سەرکردایەتی کەمپی ڕۆژئاوادەکات، بە هەمان شێوەی سۆڤیەت، کۆمەڵێک بنەماڵە و جەنراڵی سەربازی لە وڵاتانی وابەستە بەخۆیدا، وەک سەرۆک و پاشاکان بەدەسەلات دەگەیەنێت و لەڕووی ئابووری، سیاسی، سەربازی و دیپلۆماسییەوە پشتیوانی تەواوەتییان لێدەکات. هەر لە ئەمریکای لاتینەوە تا دەگاتە ئەوروپای ڕۆژهەلات، هەر لە ڕۆژهەلاتی ئاسیاو ئاسیای ناوەندییەوە بگرە تا دەگاتە خۆرهەلاتی ناوەڕاست، سەرتاسەر بە حکومەتە دیکتاتۆرو تۆتالیتارییەکان تەنرا بوو، کە تا ئەمرۆیش زۆربەی ئەو حکومەتانە لەسەر کار ماونەتەوە. ئەم حکومەتە دیکتاتۆر و سەربازییانە لە وڵاتانی ئیسلامی و نائیسلامی جیهانی سێیەمدا، هیچ شتێک نەبوون جگە لە داردەستەکانی دەستی ئیمپریالیزم و ئحتکاراتی ئیمپریالیستی بۆ دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان لە وڵاتانی ناوبراودا.ئەو حکومەتانە بە پێی نەخشەیەکی ئیمپریالیستی پێش و پاش جەنگی دووەمی جیهانی هاتبوونە سەرکار، کە ئامانجە کۆنە ئیستعمارییەکانیان لە هەلومەرجێکی تازەتردا و بەشێوەیەکیتر بەڕێوە دەبرد، بەڵام لە گەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و هەرەسهێنانی کەمپی سۆڤیەتدا، هەموو هاوکێشە ئابووری، سیاسی، سەربازی، دیپلۆماسیی و تەنانەت جوگرافییەکانی جیهانی

سەردەمی جەنگی ساردیش ئالوگۆڕیانکرد.بەوهۆیەشەوە سەردەم و قۆناغێکی نوێتر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتە کایەوە. ئەم قۆناغە، قۆناغێکە کە ئیمپریالیزم لەڕووی چلۆنایەتییەوە، لە ڕووی پەیوەندییە ناوخۆییەکانییەوە و لەڕووی نەخشە ئیستعمارییەکانییەوە بۆ وڵاتانی دواکەوتووی ناسراو بە وڵاتانی جیهانی سێیەم، دووچاری گۆڕانکاری بووە، گۆڕانکارییەک کە ئاکام وبەرهەمی شۆڕشی تەکنەلۆجیای زانیاری و بە دیجتالێزەکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی سەرمایەداریدا.

قۆناغی چوارەم / قۆناغێکە کە ئێستا تیایدا دەژین. ئەم قۆناغە، ئەگەرچی بە قۆناغی گلۆبالێزەیشن (بەجیهانیکردن)، یان پۆست مۆدێرنیزم ناودەبرێت، بەڵام لە واقعدا قۆناغی پشێوی و بێسەرەو بەرەییە لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا و لەڕووی کارکردو میکانیزمە ئابورییەکانیشیەوە درێژەکراوەی هەمان قۆناغی یەکەم و دووەمە کە لەپێشەوە ئاماژەم پێکرد. دەوڵەتانی ئیمپریالیستی نوێ، بە ئابوری و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوویانەوە، لەسەر دابەشکردنەوەی بازاڕو ئابوری جیهانی کەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ ئەمریکای پۆلیسی جیهانیدا 4. ئەمریکا گەڕاوەتەوە بۆ سیاسەتە ئیستعمارییەکانی بریتانیای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. ئەمریکا بەشێوەیەکی سەربازیانە وبە ڕاستەوخۆیی (بە هاوکاری بەریتانیای پیرە ئیستعمار) لە ژێرناوی جەنگی دژی تیرۆر و سەقامگیرکردنی دیموکراتیدا، ئەو وڵاتانە داگیردەکات کە دەکەونە ناوچە ستراتیژییەکانی جیهانەوە. وڵاتانی ئاسیایی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە دوو ناوچەی ئیسلامینشینن، کەوتوونەتە بەرهێرشی ئیستعماریانەی ئەمریکاوە5. تیۆرییەکەی هانتنیگتۆن (پێکدادانی شارستانییەکان6)، تیرێکی گردار بوو کەسەرانی کۆشکی سپی ئاراستەی فەندەمینتالێزمی ئیسلامی و ناوجەرگەی وڵاتانی ئیسلامی خاوەن نەوتیانکرد. گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان سەریان بەرزکردووەتەوە و ڕووبەڕووی ئەمریکا و مەسیحیەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا وەستانەوەتەوە. ئاگری جەنگی ژێر خۆڵەمێشی کۆن، بە تیۆری و تێزی سیاسیی تازەوە هەڵگیرسایەوە. ئاینی مەسیح لە پرۆسەی نوێی بەمستعمرەکردنی وڵاتانی ئیسلامیدا بێلایەن نییە. ئیسلامی سەلەفی و بونیادگەرایش، وەک پارێزەری بەرژەوەندی حکومەت و دەوڵەتە ئیسلامییە تەقلیدییەکانی ناوچەکە، هەروەک ئیسلامی سەلەفی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، خوازیاری مانەوەی بارودۆخی پێشترەو قەبوڵی هیچ گۆڕانکارییەکی ئابووری، سیاسیی و کلتوری ناکات کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەیەوێت لە وڵاتانی ئیسلامیدا، لەڕێگای میلیتاریزم و بەمستعمرەکردنەوە بەدی بهێنێت. ئەوەی کە لەم پرۆسە جیهانییەدا ئەگەری ڕوودانی هەیە، ئەوەیە کە سەرئەنجام ئیسلام بە هەموو باڵەسیاسییەکانییەوە، وەک هەموو قۆناغەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئیستعماری و مەسیحییەتدا شکست دەخوات و توانای خۆڕاگری نییە لەبەردەم هێرش و نەخشەو پلانەکانی ئەودا، بەڵام بەو حاڵەشەوە هێشتا ئیمپریالیزمی ئیستعماری ئەمریکاو ئینگلیس نایانەوێت و ناتوانن کە ئاین و کلتوری ئیسلام بسڕنەوە و بۆ هەمیشە لە ناوی بەرن (هەروەک ئەوەی کە لە سەدە ڕابردووەکاندا بەریتانیای بابی ئیستعمار نەیتوانی ئەوکارە بکات )، چونکە لەلایەک ئیسلام ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی و مەعنەویی قوڵی لە ناوکۆمەڵگە ئیسلامی و بە ئیسلامیکراوەکاندا هەیە و لەلایەکی تریشەوە هەموو دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان (لە قۆناغی ئێستادا ئەمریکاو بەریتانیا) پێویستیان بە ڕەقیبێکی ئایدیۆلۆژی هەیە تا لەڕێگای ئەوەوە بتوانن ئامانجە ئیستعمارییەکانیان بەدی بهێنن و بۆ درێژماوە وڵاتانی خاوەن سەروەت و دەوڵەمەندی ئیسلامی لە ژێر چنگیاندا بهێڵنەوە. نەخشەکانی ئیمپریالیستەکان وورد و زیرەکانەیە و ڕووبەڕوو بوونەوەکانی دەوڵەتەکان و جووڵانەوە ئیسلامییەکانیش لەگەڵیاندا نەزانانە، کوێرانە، ناهوشیارانەیەو ئەمەیش فاکتەری هەموو شکستەکان و دواکەوتوویی‌ەکانی وڵاتانی ئیسلامی وجووڵانەوە ئیسلامییەکان بووە بە درێژایی تەمەنی بە مستعمرەکردنی وڵاتەکانیان و وابەستەبوونیان، یاخود ڕووبە ڕوو

بوونەوەکانیان لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژئاوادا، هەروەک هێمفێری نووسەری ئەم کتێبەیش گۆشەیەکمان لەو ڕاستییە لە قۆناغێکی دیاریکراوی ململانێی ئیسلام وئیستعماردا بۆ ڕووندەکاتەوە.

پاش ئەو سەرنج و تێبێنیانەی سەرەوە لەسەر ئیستعماری ڕۆژئاوا، دەمەوێت چەند خاڵێکیش لە پەیوەند بەوەرگێڕانەکەدا ڕوون بکەمەوە :ـ

1 ـ ئەم کتێبە لەلایەن دکتۆر محسن مویدییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و لەساڵی **1983** دا چاپکراوە. لە ساڵی **1984** دا بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە و **16000**دانەی لەلایەن چاپخانەی سپهرەوە (کە یەکێکە لە چاپخانەکانی تاران) لێچاپ و بڵاوکراوەتەوە.

2 ـ من لە ڕێگای ئینترنێتەوە هەمان کتێبەم بەدەستهێناوە، کە هیچ پێشەکییەکی وەرگێڕی فارسی لەسەر نییە و تەنها چەند پەراوێزێکی وەرگێڕی لەسەرە.

3 ـ هەوڵێکی زۆرمدا تا دەقی تەرجمەی عەرەبی (ئەگەر وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی عەرەبی)، یان دەقە ئینگلیزییەکەی بە دەست بهێنم و زانیارییەک لەسەر نووسەرەکەی و بەرهەمەکانیتری کۆبکەمەوە و لەگەڵ دەقی ئەو دووزمانەیتردا بەراوردی بکەم، بەڵام هەوڵەکەم ئەنجامێکی نەبوو. لە بەرئەوە، من تەنها لێپرسراوم بەرانبەر بە دەقی وەرگێڕانە کوردییەکەی، نەک بەرانبەر بە دەقە فارسییەکەی. هەرهەڵەیەک لە وەرگێڕانە کوردییەکەیدا هەبێت، ئەوا من بەرسیارم لەو هەڵەیە وهیواداریشم هەرکەس کە سەرنج وتێبینییەکی لەسەر وەرگێڕانەکە هەبوو ئاگادارم بکاتەوە تا بۆ چاپکردنەوەی دووبارەی کەڵکی لێوەربگرم.

4 ـ لە وەرگێڕانەکەدا هەوڵمداوە کە زۆر ووشەی کوردی پەتی، یان هەندێک زاراوەی نوێی کوردی بەکار نەهێنم، چونکە بڕوام وایە کە وازیکردن بەو ووشەو زاراوانە و بەکاربردنیان لە وەرگێڕانی بابەتێکی ئەوا بەنرخدا، هەم لە زەوقی خوێنەرەکەی دەدات و هەم لە بەهای بابەت و وەرگێڕانەکەیش کەمدەکاتەوە. لەبەر ئەوە، لەو شوێنانەدا کە بە پێویستمزانی بێت ووشە عەرەبییەکانم بە کاربردووە، چونکە زیاتر ووشە عەرەبییەکان لە ناو گشت خەڵکدا بەکار دەبرێن و تێگەیشتن لێیان پێویستی بە بەدواداگەڕان نییە لە ناو فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا.

5 ـ لەبەر ئەوەی کە هیچ پێشەکییەک بۆ وەرگێڕانی فارسییەکەی نەنووسراوە و وەرگێڕەکەی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی نەقڵکردنی سورەت وئایەتەکانەوە نەداوە کە : ئایا هێمفێرئاماژەی بە ئایەت و سورەتەکان کردووە، یان وەرگێڕە فارسەکە ئاماژەی پێداون و هێناونیەتەوە ؟ بەڕاستی وەڵامی ئەو پرسیارەش بۆخۆم زۆر ڕوون نییە و منیش وەک هەرخوێنەرێکی ئەم کتێبە، بەگومانەوە لەسەر ئەوکێشەیە لە نێوان نووسەر و وەرگێڕە فارسییەکەیدا ئەم سەرو ئەوسەر دەکەم. لەبەر ئەوە، من وەک خۆیان دەیانووسمەوە و بەرپرس نیم لە بەهەڵە هێنانەوەی ئایەتەکان و سورەتەکان. ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی وەرگێڕە فارسییەکەی. گومانیشم لەوەدا نییە کە لە چەند شوێنێکدا، لەئاماژەدان بە ئایەت و سورەتەکاندا چەندئیشکالییەتێک هەیە، یان ناوی سورەتەکە نەهێنراوە و یان ئایەتێکی جیاواز لەو سورەتە هێنراوەتە کە ئاماژەی پێدراوە، بۆ نموونە : لە گفتوگۆیەکی نێوان محمەد عبدالوهابی دامەزرێنەری وەهابیەت و هێمفێردا، کەلەبارەی حەرام بوون و حەرام نەبوونی شەراب خواردنەوەیە لەئیسلامدا، ئاماژە بەم قسەیە(وهل انتم منتهون) کراوە، کە بەڕاستی من نەمزانی ئەمە قسەی محەمەدی پێغەمبەرە، یان یان ئایەتێکە ؟ کەچی لە پەراوێزەکەیدا نووسراوە (سورەی الاعراف، ئایەتی **91**)، بەڵام لەدەقی ئەو قورئانەدا، کە ئێستا لەبەردەستی مندایە و چاپی (**مجمع الملك فهد لطباعة والمصحف الشريف**)ە، ئەو ئایەتەی تێدانییە و ئەم ئایەتە لەشوێنی ئاماژە پێکراودا هاتووە : (الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَانُواْ هُمُ الْخَاسِرِينَ). ئەوە هەڵەیەکی زەقە لە نەقڵکردنی ناوی ئایەت و دەستنیشانکردنی ژمارەکەی سورەتەکاندا. بەهەرحاڵ، هەروەک لەپێشەوەیش وتم، هەم من لەو هەڵانە بەرپرس نیم و هەم کاتی ئەوەیشم لەبەردەمدا نییە کە بچمەوە سەر بەراوردکردنی یەک بەیەکی ئەو ئایەت و

سورەتانەی کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ کراوە لەگەڵ دەقی قورئاندا، ئەمە سەرەڕای ئەوە کە ئەرکی من نییە و خوێنەرانی ڕەخنەگری هێمفێر وکتێبەکەی خۆیان دەتوانن ئەو بەراوردکارییانە بکەن. هەر لەپەیوەند بە ئایەتەکانیشدا، بەپێویستی دەزانم ئەوەیش بەبیری خوێنەر بهێنمەوە کە : وەرگێڕی فارسی هەندێک هەڵەی بچووکی کردووە لە وەرگێڕان و دارشتنەوەی ئایەتەکاندا لە عەرەبییەوە بۆ فارسی، بەڵام من ئەو هەقەم بە خۆم نەداوە کە بۆی ڕاست بکەمەوە، چونکە من تەنها ئەرکی وەرگێڕانم لەسەرە نەک ڕاستکردنەوەی هەڵەی دارشتنەوەکانی وەرگێڕی فارسی. دوایین خاڵ کە بەبێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیەکە ئەم کتێبە، ئەگەرچی مێژووی نووسینەکەی پێوە نییە، بەڵام پێدەچێت 200 ساڵ زیاتر بەرلەئێستا نووسرا بێت (ئەمەیش بەو دەلیلەی کە نووسەری کتێبەکە دەڵێت :" لەساڵی 1710 وەزارەتی مستعمرات بە ئەرکێکی جاسوسی ناردمیان بۆ وڵاتانی ئیسلامی"...)، بەڵام کاتێک کە بەووردی سەرنج دەدەیتە سەر ئەو بابەتانەی کە لەم کتێبەدا نووسراونەتەوە، ئەو هەستەت لەلامان دروست دەکات کە لە دە تا دوازدە ساڵی ڕابردوودا نووسرا بێت، چونکە ئەمرۆ ئەمریکا و بریتانیا نەخشەکانی بریتانیای 300 ساڵ لەوەپێش بەرانبەر بە وڵاتانی ئیسلامی دووبارە دەکەنەوە، کە دووبارە بوونەوەی ئەو نەخشانە لایەنە نێگەتیڤەکانی زۆر زیاترن لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی. لەکۆتاییدا هیوادارم کە بەم وەرگێڕانە بتوانم بۆشاییەک لە کتێبخانەی کوردییدا پڕبکەمەوە.

تاهیرساڵح شەریف

**January 22, 2005**
**Canada - Toronto**

## سەرچاوە و پەراوێزەکان :

1 – کارل مارکس : کاپیتاڵ، بەرگی یەکەم، فەسڵی بیست و چوارەم، لاپەڕەکانی 855 و861، بەزمانی فارسی، وەرگێڕانی ایرج اسکندری. انتشارات فردوس – تهران. بە کەڵک وەرگرتن لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی فالح عبدالجبار. بڕوانە : http://www.marxists.org/arabic/marx/works/1867-c1/ch07.htm

2ـ کارل مارکس :هەمان سەرچاوە، ل852.

*ولیام هاویت (1791 ـ 1879) نووسەرێکی ئینگلیزییە کە توێژینەوەیەکی گرنگی لە بارەی دانیشتوانی ئەسڵی ئوسترالیاوە کردووە.

3 ـ کارل مارکس : هەمان سەرچاوە. ل 854 و 855.

4ـ بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە جێگاو ڕێگای ئەمریکا لە سیستەم و بارودۆخی جیهانی نوێدا، بڕوانە نووسراوەی :جەنگی ستراتیژی و شکشتی ستراتیژی جەنگی ئەمریکا. بە پێنووسی وەرگێڕی کوردی ئەم پەرتووکە، بڕوانە : http://www.kurdistanpost.se/nuseran/t/tahir_salih/040427_1.pdf

5 – بۆتێگەیشتنی زیاتر لە گرنگی جێگاوشوێنی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەڕوانگەی نووسەری ئەم پێشەکییەوە بڕوانە: http://www.kurdistanpost.se/nuseran/t/tahir_salih/021227.pdf

6 ـ بۆ تێگەیشتن لە تیۆری پێکدادانی شارستانییەتەکان، بڕوانە" پێکدادانی شارستانیەتەکان"، نووسینی سامیۆڵ هانتینگتن، کە لەلایەن نووسەری ئەم پێشەکییەوە کراوە بەکوردی و پێشەکی بۆنووسراوە، بڵاوکراوە لە : گۆڤاری ئاران، ژمارە 4 و 5 ساڵی 1997 ـ 1998 دا بڵاوکراتەوە.

****

# بیرەوەرییەکانی مستەر هێمفێر

## جاسوسی بەریتانیا لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا

## بەشی یەکەم

لە مێژ بوو کە دەوڵەتی بەریتانیای گـەورە بـیری لـە کێـشەی هێـشتنەوەی مـستعمرەکانی و دامەزرانـدنی ئیمپراتۆرییەتی گەورەی خۆی دەکردەوە. ئێستا ئەم ئیمپراتۆریەتە ئەوەنـدە فراوانبووەتـەوە کـە دەتوانرێـت دیمەنی خۆرهەڵاتن و خـۆر ئـاوابوون لـە دەریاکانیـدا ببینرێـت. جگـە لەوانـەش، دورگـەی بـەریتانیا، بـە بـەراوردکردن لەگـەڵ زۆرتـرین مـستعمرەکانیدا، وەک وڵاتی هینـد، چـین، وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت وشوێنەکانیتر، زۆر بچووکتر خۆی دەنوێنێت و دێتە بەرچاوان. لەلایەکی تریشەوە، سیاسەت و هـەنگاوەکانی ئیستعماری ئینگلز لە هەموو ئەو شوێنەنادا چوونیەک و یەکسان نییـە. لەهەنـدێک وڵاتـدا، بەڕووکـەش وای نیشاندەدات کە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات لەدەست خەڵکەکەیدایە، بەڵام سیاسەتی ئەکتیڤی کۆلۆنیاڵی تیایاندا بەڕێوەدەچێت و تەنانەت هێندەی نـەماوە کـە بەتـەواوی سـەربەخۆیی ڕووکەشـی ئـەو وڵاتانـەیش لەنێوببرێت و لە هەموو ڕوویەکەوە بکرێنە پاشکۆی بەریتانیا. لەبەر ئەوە، پێویستە لەسەرمان کـە دووبـارە بیر لە شێوەو چۆنیەتی ئیدارەکردنی مستعمرەکانی خۆمان بکەینەوە، بەتایبـەتی سـەرنج بدەینـە سـەر دوو خاڵی گرنگ :

1 / گرتنەبەری چەند ڕێگاو شوێنێک بە مەبەستی بەهێزکردن و پتەوکردنی دەسـەڵاتی تـەواوی دەوڵـەتی ئیمپراتۆری ئینگلیز بەسەر ئەو ناوچانەی کە لە ئێستادا بەتەواوی کراونەتە مستعمرەی ئەم دەوڵەتە.

2 / دارشتن و ڕێکخستنی چەند پرۆژەیەک بۆ بەدەستهێنان و دەسـتگرتن بەسـەر ئـەو سـەرزەویانەدا کـە هێشتا نەکەوتونەتە داوی ئیستعمارەوە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە ئاماژەیان پێکرا، وەزارەتی مستعمراتی ئینگلیز هەست بـەو پێویـستییە دەکات کە بۆ هەریەکێک لەو ناوچانە، بە مستعمرەو نیمـچە مـستعمرەوە، چـەند دەسـتەیەک بـە مەبەسـتی جاسوسـیکردن و بەدەسـتهێنانی زانیارییـەکان ڕەوانـە بکـات. خۆشـبەختانە، منـیش کـە لـە سـەرەتای دەستبەکاربوونمەوە لە وەزارەتی مستعمراتدا ئەرکەکانی خۆمم بە باشی ئەنجامدابوو، بە تایبەتی لـە بـواری ئەنجامدانی ئەرکی ڕاگەیشتنم بە کاروبارەکانی" کۆمپانیای هیندی شەرقی" کە لـە ڕووکەشـدا مەسـەلەیەکی بازرگانی و لە ناوەرۆکیشدا ئـەرکی جاسوسـیکردنی لەئەسـتۆدا بـوو، بەمەبەسـتی ناسـین و زانـینی ڕێگـا جۆراوجۆرەکانی نفوزو کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی وڵاتی هیند و داگیرکردنی شبهە قارە دروست بوو بوو، بەهۆی دڵسۆزیمەوە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانمدا، جێگاو شوێنێکی باشم لە وەزارەتی مستعمراتدا هەبوو.

لەو سەردەمەدا دەوڵەتی ئینگلیز خەمی هیندستانی نەبوو، چونکە ململانێی نەتەوەیی و ڕەگـەزی، نـاکۆکی ئاینی و کلتوری ئەو هەلەی بۆدانیشتووانی شبهە قارە نەڕەخساند بوو تا لەدژی دەسەڵاتی و نفوزی ئینگلیـز یاخی ببن. بارودۆخەکە لەوڵاتی چینیشدا هەر بەمجۆرە بوو. لەلایەن پـەیڕوانی بـوداو کۆنفۆسیۆشـەوە، کـە ئاینی مردووەکان بوو، هیچ هەڕەشەیەک لە ئینگلیز نەدەکراو ئەوەش بە دوور دەزانرا بـەو هـەموو ناکۆکییـە بنچینەییەی کە لە نێوان خەڵکی هیند و چیندا هەبوو، ئەوان بتوانن بـیر لـە سـەربەخۆیی و ئـازادی خۆیـان بکەنەوە، چونکە ئەو شتەی کە لەو دوو شوێنەدا لـە گۆڕێـدا نـەبوو، بیرکردنـەوە بـوو لـە ژیـان و ئـازادی. بێخەمبوونی دەوڵەتی بریتانیا لە ئاسایش و ئارامی زاڵ بەسەر ئەم دوو سەرزمینە پانوپۆڕەدا، هۆیەک نـەبوو بۆ ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەک سەرنج نەدرێتە سەر ئالۆگۆڕەکانی ئاینـدەی ئـەم ناوچـەیە. لەبەرئـەوە، وا

پێویستی دەکرد کە بیر لە چەند خۆ ئامادەکارییەک بکرێتەوە بۆ بەرگرتن بە هەرجۆرە گۆڕانکارییەکی ئایندە کە لە ڕێڕەوەی هوشیاربوونەوەی ئەم نەتەوانەدا ڕوویدەدا.. ئەو ئامادەکارییانەش بریتی بوون لە دارشتن و جێبەجێکردنی پرۆژەو نەخشە درێژماوەکانی وەک فراوانترکردنەوە و سەرتاسەریکردنەوەی ناکۆکی و نەزانی، هەژاری و نەخۆشی لەو ولاتانەدا. بۆ داسەپاندنی ئەو بەلاو بەدبەختیانە بەسەر خەلکی ئەم ناوچانەدا، ئێمە ئەم پەندە کۆنەی بودایییەمانکردە بنەمای کارکردنی خۆمان کە دەلێت :" واز لە نەخۆشەکە بهێنە و حەوسەلەی خۆت لەدەستمەدە، سەرئەنجام ناچار دەبێت کە بەهەموو تالییەکییەوە حەز لە دەرمانەکە بکات".

سەرەڕای ئەوە کە لەگەل نەخۆشێکیتر، واتە لەگەل دەولەتی عوسمانیدا، چەندین ڕێکەوتننامەمان بە قازانجی خۆمان ئیمزاکردبوو، بەلام پێشبینی پسپۆڕانی وەزارەتی مستعمرات ئەوە بوو کە ئەم ئیمپراتۆرییەتە، بۆماوەی کەمتر لەسەدەیەک، بەگشتی هەرەس دەهێنێت، هەروەها لەگەل دەولەتی ئێرانیشدا چەند ڕێکەوتننامەیەکی نهێنیمان ئیمزاکردبوو. کارمەندان و جاسوسەکانی ئێمە لە ولاتانی ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هەروەها لە ئێرانیشدا خەریکی ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانی خۆیان بوون و لە ڕێگای بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەولەتی ئینگلیزدا چەند سەرکەوتنێکیان بەدەستهێنابوو. بە بلاوکردنەوەی فەسادی ئیداری و بەرتیلخواردن و ئامادەکردنی هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی بۆ پاشاکان، تا ڕادەیەک بناغەکانی ئەم حکومەتانەیان لەق و لەرزۆک کردبوو، بەلام لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە خوارەوەتر ئاماژەیان پێدەکەم، زۆر دلنیا نەبووین لە لاوازکردنی هەردوو حکومەتی ئێران و عوسمانی. گرنگترین هۆیەکانیش بریتی بوون لە : ـ

1 ـ نفوزی مەعنەوی ئیسلام لە ناو خەلکی ئەم ناوچانەدا، کە لە هێز و سەقامگیرییەکی تەواو بەهرەمەند بوو. دەتوانرێت بگوترێت کە کەسێکی موسلمانی ئاسایی، لە ڕووی بنەمای بیروباوەڕکەیەوە لەگەل قەشەیەکی مەسیحیدا ململانێی دەکرد. ئەوان بەهیچ شێوەیەک دەستیان لە بیروڕای خۆیان هەلنەدەگرت. لە ناو موسلمانەکاندا، پەیروانی مەزهەبی شیعە، کە لە ولاتی ئێراندا نیشتەجێن، لە ڕووی عەقیدە و ئیمانەوە، بەبڕواترو ترسناکترن لە مەزهەبەکانیتری ئیسلام.

شیعەکان، بەگشتی مەسیحییەکان بە کافرو گلاو دەزانن. لەڕوانگەی شیعەوە کەسێکی مەسیحی پاشەڕۆیەکی بۆگەنە کە هەر موسلمانێک دەبێت لە ناوی ببات. جارێکیان لە موسلمانێکی شیعەم پرسی :" بۆچی بە چاوی سووک و ناپاکییەوە دەڕوانیتە مەسیحیەت، لە حالێکدا کە مەسیحییەکانیش بڕوایان بە خوا، پێغەمبەری خوا و دوارۆژ هەیە ؟". وەلامی دامەوە :" محەمەد پێغەمبەرێکی داناو زانا بوو کە بەم لێکچوواندنانە دەیویست تەنگ بە کافرەکان هەلبچنێت و ناچاریان بکات تا ئاینی ئیسلام قەبول بکەن و ڕوولە خوا بکەن. لە بواری سیاسەتیشدا هەرکاتێک کە دەولەتەکان هەست بە مەترسی کەسێک یاخود گروپێک بکەن، لەگەلیاندا توونـد و تیژ دەبن و لەم ڕێگایەوە تەریکیان دەخەنەوە، تا سەرئەنجام ناچاریان دەکەن کە واز لە نەیاریان بهێنن و سەریان پێدانەوێنن. مەبەست لە گلاوبوونی مەسیحییەکانیش ناپاکی مەعنەوی ئەوان نییە، بەلکو زەردەشتییەکانیش، کە بەڕەگەز ئێرانین، بەپێی هەمان لۆژیکی ئیسلام بە گلاو دەژمێردرێن".

منیش پێم گوت :" زۆرباشە! بەلام خۆ مەسیحییەکانیش بڕوایان بە خوا و پێغەمبەرو دوارۆژیش هەیە ؟". وەلامی دامەوە :" لەبەر دوو هۆیە کە ئێمە ئەوان بە کافر دەزانین : یەکەم، لەبەرئەوەی کە ئەوان پێغەمبەری ئیسلام، واتە حەزرەتی محەمەدیان قەبول نییە و ئەوان بە محەمەد دەلێن کەسێکی درۆزنە، ئێمەیش لەوەلامدا پێیان دەلێین کە ئێوە ناپاک و پیسن و ئەم قسانەی کە بەوانی دەلێین بنەمایەکی ئاقلانەی هەیە : (ئەوەی کە ئازارت دەدا، ئازاری بدەرەوە !). دووەم،لەبەرئەوەی کە مەسیحییەکان تۆمەت دەدەنە پال پێغەمبەرانی نێردراوی خوا، کە ئەمەیش گوناهێکی گەورەیەو سوکایەتیکردنە بە پێغەمبەران.. بۆنموونە، دەلێن بۆیە عیسا کەوتە بەر نەفرەتی خوا و لە خاچ درا، چونکە شەرابی خواردبووەوە".

سەرم لەم قسەیەی دواییەیانی سورما و پێم گوت :" مەسیحییەکان هەرگیز شتی وا نالێن". ئینجا ئەویش پێی وتم :" تۆ ئاگات لێی نییە، ئەم تۆمەتانەیان لە کتێبی مقدەسدا هەڵبەستووە". ئەو هیچیتری نەگوت و منیش دڵنیا بووم لەوە کە درۆ دەکات، ئەگەرچی بیستبوویشم کە هەندێک لە موسڵمانە شیعەکان درۆ بەدەم محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامەوە دەکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا مەبەستم نەبوو کە زیاتر درێژە بە گفتوگۆکەمان بدەم، دەترسام دەنگۆ (دیعایە)یەک لە بارەی ناسنامەی ڕاستەقینەمەوە بکەوێتە سەرزمان و ناسنامە ڕاستەقینەم ئاشکرا ببێت، چونکە خۆم خستبووە بەرگی کەسێکی موسڵمانەوە وخۆمم لە سەرئێشەیەکی لەوجۆرەیش دووردەخستەوە کە بێم بەرگری لە مەسیحیەت بکەم.

2 ـ ئاینی ئیسلام، بەپێی پێشینە مێژووییەکانی، ئاینی ژیان، سەروەری و ئازادییە و پەیڕەوانی ڕاستەقینەی ئاینی ئیسلام هەروا بە ئاسانی مل بە دیلی و کۆیلەیەتی خۆیان نادەن. لەخۆبایی بوون و خۆبەزلزانی ڕابردوو، بەجۆرێک زاڵە بەسەر ئەقڵ و بوونیاندا کە تەنانەت لەم سەردەمی لاوازی و داچوونەشیاندا دەستبەرداری نابن. ئێمە ناتوانین بچینە سەر ڕاڤەکردنی مێژووی بەسەرچووی و موسڵمانان و لە بارەی ئەوەوە هوشیاریان بکەینەوە کە سەرکەوتن، مەزنی، شکۆداری و شانازییەکانی ڕابردوو، لە هەلومەرج و پێداویستییەکانی ئەوڕۆژگارەوە دەرکەوتوون و ئەمڕۆکەیش بارودۆخێکی نوێ جێگای ئەوی گرتووەتەوە، گەڕانەوەش بۆ ڕۆژگارە بەسەرچووەکان، ڕێگای ژیانی نوێی ئەمڕۆکە نییە.

3 ـ ئێمە لە هوشیاری، دووربینی و جموجوڵەکانی هەردوو حکومەتی ئێران و عوسمانی دەترساین کە لەوانەبوو لە هەر ساتەوەختێکدا بە نەخشە ئیستعمارییەکانمان بزانن و هەموو نەخشەکانمان بکەنە بڵقی سەرئاو.هەروەک لەپێشەوەش ئاماژەی پێکرا، لەئەنجامدا ئەو دوو حکومەتە لاواز بوون و تەنها لە ناوەندەکانی فەرمانڕەوایەتیاندا نەبێت دەسەڵاتێکی بەهێز وپتەویان نەبوو. بەهەرحاڵ، هێشتا ئەوەیش بۆخۆی هۆیەکی نیگەرانی و دڵنیا نەبوونمان بوو لە سەرکەوتنی ئایندەمان.

4 ـ زاناکانی ئیسلامیش هۆیەکیتری نیگەرانییەکانی ئێمە بوون.. موفتییەکانی الازهر و مەرجەعەکانی شیعە لە عێراق و ئێراندا، هەریەکەیان بۆخۆی وەک کۆسپ و ڕێگرەکانی بەردەم نەخشە ئیستعمارییەکانمان دەردەکەوتنەوە.. ئەم زانا ئیسلامییانە بچووکترین هەڵوێستیان لە سەر شارستانییەت، زانستی نوێ و بارودۆخی ئەمڕۆ نەبوو، تەنها شتێک کە سەرنجیان دەدایە و بەلایەنەوە گرنگ بوو، خۆ ئامادەکردن بوو بۆ بەهەشت، ئەوبەهەشتەی کە قورئان بەڵێنی پێدابوون. ئەوان هێندە دەمارگیربوون کە یەک زەرەیش ئامادە نەبوون پاشەکشە لە شتەکانی خۆیان بکەن. کۆمەڵانی خەڵک، پاشاکان و فەرمانڕەواکان، تێکڕا وەک مشک کە چۆن لە پشیلە دەترسێت، ئەوانیش ئەوا لە زانا ئاینییەکانی خۆیان دەترسان. سوننە مەزهەبەکان ئەوەندەی شیعەکان لە زاناکانی خۆیان نەدەترسان. دەبینین کەهەمیشەلە ناوچەی فەرمانڕەوایەتی عوسمانییدا، لە نێوان سوڵتان و شێخەکانی ئیسلامدا پەیوەندییەکی باش هەبووە و تا ڕادەیەک نفوزی مەعنەوی زاناکان پاڵیدەدا بە پاڵ دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانەوە، بەڵام لە وڵاتی شیعەنشیندا، خەڵکی زیاتر پابەند بوون بە زانا ئاینییەکانیانەوە. پابەند بوونی شیعەکان بە زاناکانیانەوە، پابەندبوونێکی بەهێز و پتەو بوو، بەڵام بایەخێکی ئەوتۆیان بە فەرمانڕەواکانیان نەدەدا. ئەم جیاوازییە لە نێوان ڕوانگەی شیعەو سونەدا لە سەر ڕێزدانانیان بۆ زاناکان وپاشاکانیان، لە هیچ کاتێکدا لە دڵەڕاوێک و نیگەرانییەکانی وەزارەتی مستعمرات و دەستەی فەرمانڕەوایەتی ئینگلیزی کەمنەدەکردەوە.

بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو گیروگرفتە ئاڵۆزانەی کە لە نێوانماندا هەبوو، چەندین جار لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا دەستمان بەگفتوگۆ کرد، بەڵام تەقریبەن هەمووجارێک گفتوگۆکانمان لە کەش و هەوای بەدگومانییدا دەکرا و لەگەڵ بنبەستدا بەرەو ڕوو دەبووینەوە. ڕاپۆرتەکان و نامەی بەکرێگیراوە

سیاسییەکانیشمان، هەروەک ئـەنجامی گفتوگۆکانمـان هێنـدە دڵخۆشـکەرە نـەبوون. بـەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەوانەشدا، خۆمان نائومێد و هیوابڕاو نەدەکرد، چونکە ورەیەکی بەرز و سەبرێکی باشمان هەبوو.

لەیادمە کە جارێکیان وەزیری مستعمرات کۆبوونەوەیەکی لەگـەڵ یـەکێک لـە بـەناوبانگترین قەشـەکانی لەنـدەن و ژمارەیـەک لـە پـسپۆڕانی ئاینیـدا، کـە بەگـشتی ژمارەیـان بیـست کەسـێک دەبـوو، سـازکرد و کۆبوونەوەکەش سێ کاتژمێری خایاند، لەبەرئەوەی کە هیچ جـۆرە ئـەنجامێک لـەو کۆبوونەوەیـە بەدەسـت نەهات، قەشەکە ڕووی لە ئامادەبووانکرد و گوتی :" لە جێی خۆتاندا مەجولێن و سـەبرو حەوسـەڵەی خۆتـان لەدەست مەدەن، مەسیحییەت پاش لە سێ سەد ساڵ ژان و دەربەدەری و پاش لە شەهیدکردنی عیسا و پەیڕوانی ئەو، توانیویەتی کە جیهانی ببێتەوە. ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە لە داهاتوودا عیسا بە چاوی سۆزو بەزەییـەوە بۆمان بڕوانێت تا پاش لە سێ سەد ساڵێتر کافرەکان بکەینە دەرەوە. کەوایە پێویستە لەسەرمان خۆمـان بـەو هۆکارانە چەکدار بکەین کە بۆ زاڵبوون، سەرکەوتن و لە ئەنجامیشدا بۆ بڵاوکردنەوە(تبشیر)ی مەسیحییەت لـە ناوەندەکانی موسڵمانانندا پێویستن. پاش چەندین سەدە، لەوانەیە بەم ئەنجامە بگەین کە چ ئیشکالیێکی هەیـە !" ئەگەر باوکان نەمامەکە بۆ منداڵەکانیان بنێژن و ئەوان بەرەکەی بچننەوە".

جارێکیتر لە وەزارەتی مستعمراتدا کۆنفرانسێک گـیرا بـۆ نوێنـەرانی پایەبـەرزی بـەریتانیا، فەرەنـساو ڕوسـیا. ئەنـدامانی کۆنفرانـسەکە بـریتی بـوون لـە لیژنـە سیاسـییەکان، پیـاوانی ئـاینی و کەسـایەتییە ناسراوەکانیتر. لەبەرئەوەی کە پەیوەندییەکی نزیکم لەگەڵ شەخسی وەزیردا هەبوو، خۆشـبەختانە منیـشیان بۆکۆنفراسەکە دەعوەت کردبوو. بابەتی باس و لێکۆڵینەوەی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە چۆنیەتی داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی و لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەسەر ڕێگای ئەم ئامانجەدایە.

بەشداربووانی کۆنفرانسەکە لەڕێگاکانی تێکشکاندنی هێزەکانی ئیسلام و چۆنیەتی پێکهێنانی دووبەرەکی و ئاژاوەی نێوان موسڵمانانەکانیان دەکۆڵییەوە. لە هەمان کۆنفرانسدا، گفتوگۆ لەسەر لەرزۆک کردنی پایـەکانی بیروباوەڕی موسڵمانان کرا. هەندێک لەبەشداربووانی کۆنفرانسەکە بڕوایان وابووکە دەتوانرێت موسـڵمانانی جیهانیش بەرەو ڕێگای ڕاست هیدایەت بکرێن، هەربەوشێوەیەی کە ئیسپانیا پاش لەچەند سەدەیەک گەڕایـەوە بۆ باوەشی مەسیحییەت. بۆچی ئەوە هەر موسڵمانە دڕندەکان نـەبوون کـە سـەرەتا ئەوێـشیان فـەتحکرد ؟. ئەنجامەکانی کۆنفرانسەکە هێندە ڕوون و دڵخۆشکەر نەبوون. ئەوەی کەلەو کۆنفرانسەدا ڕوویدا، لـە کتـێبی" بەرەو مەلەکوتی مەسیحیەت"دا باسمکردووە.

بێگومان، بە ئاسانی ناتوانرێـت ئـەو درەختـە قـەد ئەسـتوورەی کـە ڕیـشەی بەرۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا بڵاوکردووەتەوە، لەڕەگەوەببڕدرێتەوە. لەهەمانکاتیشدا، بەهەر نرخێک بووە دەبێت تەحەمولی ئەو دژواریانـە بکەین، چونکە ئاینی مەسیح لە کاتێکدا سەرکەوتوو دەبێت کە لە سەرتاسەری دنیادا بڵاوبێتەوە. عیسا بەگشتی مژدەی بەجیهانی کردنێکی لەوجۆرەی بە پەیڕوانی خۆیداوە. سەرکەوتنی محەمەد سەرچاوەی لە هەلومـەرجی سەردەمەکەی خۆیەوە گرتبوو. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتـەکانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا، ئێـران و ڕۆم، لـە ماوەیەکی کورتدا بووە هۆی سەرکەوتنی محەمەدو موسڵمانەکان و ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورانـەیان تێکـشکاند. هەلومەرجی مێژوویی ئێستا ڕێک بە پێچەوانەی هەلومەرجی سەرهەڵدانی ئیسلامەوەیە. وڵاتـە ئیـسلامییەکان بەخێرایی بەرەو هەڵوەشانەوە دەڕۆن. بەپێچەوانەیشەوە، وڵاتانی مەسیحیش بەرەو پێـشکەوتن و گەشـەکردن دەڕۆن.کاتی ئەوە هاتووە کە مەسیحییەکان تۆڵەی خۆیان لە موسڵمانان بکەنەوە و ئەوەی کە لە دەستیانداوە، سەرلەنوێ بەدەستی بهێننەوە. ئەمەکە بەهێزترین دەوڵەتی مەسیحی سەردەم لەمەیدانی جیهانیـدا خـۆی لـە بەریتانیای گەورەدا دەنوێنێتەوە، پێویستە کە لەو ڕووەیشەوە ڕابەری خەباتکردن دژ بە وڵاتانی ئیـسلامی لـە ئەستۆ بگرێت.

# بەشی دووەم

لە ساڵی 1710ی میلادیدا، وەزارەتی مستعمراتی بەریتانیا، کردمیان بــە فەرمانبەرێـکی جاسـوس بەســەر وڵاتەکانی میسر، عێراق، ئێران، حیجاز و ئەستەنبوڵی { قوستەنتینیەی سەردەمی ئــەم ڕووداوانــە ـ وەرگــێڕی فارسی } ناوەندی خەلافەتی عوسمانییەوە. ئــەو مەئموریەتــەی کــە بــەمنیان ســپارد بــوو، بــریتی بــوو لــە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بە مەبەســتی دۆزینــەوەی ڕێگاکــانی تێکــشکاندنی موسـڵمانان و نفـوزکردنی ئیستعمارییانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا. هاوکات لەگەڵ مندا، نۆ (9)جاسوسیتریش لە باشــترین و لێهــاتووترین فەرمانبەرەکانی وەزارەتی مستعمرات، ئەرکی ئەنجامدانی ئەمجۆرە مەئموریەتەیان لــە ئەســتۆ گرتبــوو لــە وڵاتانی ئیسلامیدا. ئەوانیش بە مەبەستی فەراهەمکردنی پێداویــستییەکانی دەســەڵاتی ئیــستعماری ئینگلیــز و بەهێزکردنی سەنگەرەکانی دەوڵەتی ئینگلیز لە شوێنە مستعمرەکراوەکاندا، دەستیان بە چالاکی کردبوو. پارە و پوڵی پێویست خرابووە بەردەستی ئەم تاقمە جاسوسیانەوەو بە نەخشەیەکی وورد و زانیارییە ســەرەکییەکان ئامادەکرابوون بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان. فهرێستێکی تــەواویان لــە نــاوی وەزیرەکــان، فــەرمانڕەواکان، کاربەدەستە پایە بەرزەکان، زانا ئایینییەکان و سەرۆک خێڵەکانیان پێدابوون. لە کاتی خواحافیزیــدا بــوو کــە جێگری وەزیری مستعمرات بە دێڕێک بەڕێیکردین، هەرگیز ناکرێت ئەو دێڕە فەرامۆش بکرێت. جێگرەکەی وەزیر پێی گوتین :" سەرکەوتنی ئێوە، چارەنووسی ووڵاتەکەمان دیــاری دەکــات. کەواتــە هەرچــی لــە تواناتانداـیــە بیخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانتاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن".

لە کاتێکدا کە لە مەئموریەتەکەم خۆشحاڵ بووم، بە کەشتییەک بــەرەو ئەســتەنبوڵی ناوەنــدی خەلافــەتی ئیسلامی کەوتمەڕێ. مەئموریەتەکەی من پێکهاتبوو لە دووبەش : یەکەم، فێربــوونی زمــانی تــورکی، کــە لــەو سەردەمەدا زمانی ڕەسمی موسڵمانانی ئەو وڵاتە بوو. تەنها چەند ووشەیەکی تورکی لە لەندەن فێر بووبــووم. دووەم، پاش لە زمانی تورکی، دەبووایە زمانی عەربی، قورئــان، تەفــسیر و تائویــل و دوای ئەوانــەش زمــانی فارسی فێر ببم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە فێربوونی زمانێک لەگەڵ توانایی شــکانی تــەواو بەســەر ڕێزمــان و ئەدەب و گفتوگۆی ڕاست و ڕەوانی ئەو زمانەدا، جیاوازن لەیەکتری. ئەو مەئموریەتەی کــە پــێم ســپێردرابوو، ئەوە بوو کە ئەوەندە شارەزای ئەو زمانانە ببم تا بتوانم وەک خەڵکی ئەو شوێنانەی بــۆی دەچــووم، قــسەی پێبکەم. ئەکرێت کە لە ماوەی دوو تا سێ ساڵدا فێری زمانێک ببیت، بــەڵام زاڵبــوونی تــەواوەتی بەســەر ئــەو زمانەدا، چەندین ساڵ کات و دەرفەتی دەوێت و ناچار بووم کە بە جۆرێک فێری ئەم زمانە بیانیانە ببم کە هــیچ خاڵێکی ڕێزمانی و ڕەمزەکانی ئەو بەسەرمدا گوزەرنەکات و هیچ کەسێک نەتوانێت کە لە تورک بوون، یــاخود لە لە ئێرانی و عەرەب بوونم بکەوێتە گومانەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو دژواریانەیشدا، کەچی من دوو دڵ و نیگەران نەبووم لە ســەرکەوتنم لەمەئموریەتەکەمــدا، چونکە موسڵمانەکانم دەناسی و دەمزانی کە گیانی میوانداری، دەست و دڵ ئاوەڵایی و نییــەت پاکییــان کــە بــە یادگاری لە قورئان و سونەتی پێغەمبەرەوە بۆ یان ماوەتەوە، ڕێگا نادات بەوە کەوەک مەسیحییەکان بەدگومان و ڕەشبین بن. لەلایەکی تریشەوە، حکومەتی عوسمانی هێندە لاواز بوو بوو کە ڕێکخراوێکی بۆ دۆزینەوەی تۆڕە جاسوسییەکانی بریتانیا و چــالاکی بــەکرێگیراوانی بێگانــەکان نــەبوو لــە قــەڵمڕەوی وڵاتــانی ئیــسلامیدا. ئیمپراتۆرو دەستوپێوەندەکانی بێتوانا و فشەڵ بوون.

پاش چەند مانگ لە سەفەرێکی درێژ خایەن و ماندووکەر، سەرئەنجام گەیشتمە دارالخلافەی عوسمانی، بــەر لە پیادەبوونم لەکەشتییەکە، ناوی" محەمەد" م بۆ خۆم هەڵبژارد. هەرکە گەیشتمە ئەوێ، چــووم بــۆ مزگــەوتی گەورەی شار. بەڕاستی چێژم لە دیمەنی پاک و خاوێنی و نەزم و تەرتیب و کۆبوونەوەکانی موسڵمانانی ئەوێ وەرگرت. لە ناکاودا لەدڵی خۆمدا گوتم :" بۆچی دەبێت ئێمە خەڵکانێکی دڵپاکی ئــەوها ئــازار بــدەین ؟ بۆچــی

دەبێت بێپەروا لەهەوڵی زەوتکردن و تێکدانی ئاسایشی ژیانییاندا بین ؟ ئایا مەسیح ڕێگای بەمجۆرە کارە دزێو و نا بەجێیانە داوە ؟"، بەڵام بەخێرایی خۆمم لەم دڵەڕاوکێ ئەهریمەنی و پووچانە ڕزگارکرد و ئەوەم بەبیری خۆمم هێنایەوەیە کە من مەئموری وەزارەتی مستعمراتی بەریتانیای گەورەم و دەبێت ئەو ئەرکانەی کە پێم سپێردراوە بەتەواوی مانا ئەنجامیان بدەم و ئەو پێکەی کە ناومە بەسەرمەوە تادوایین دڵۆپی بینۆشم.

هەر لەگەڵ یەکەمین ڕۆژی چوونە ناوەوەمدا بۆشار، لەگەڵ شێخێکی پیرو بە ساڵە چووی سوننەدا ئاشنا بووم. شێخ ناوی ئەحمەدەفەنی بوو، زانایەکی بەبڕوا، چاک و بەڕێز بوو. لە ناوقەشەکانی خۆماندا هەرگیز پیاوێکی وەک ئەوم بەو گەورەیی و ڕێزەوە نەبینبوو. شێخ ئەحمەد شەو و ڕۆژ خەریکی عیبادەتکردن بوو، لەگەورەیی و ئازادیخوازی پێغەمبەر سەری سوڕمابوو. شێخ، پێغەمبەری خوای بە سەرچاوەی ئینسانیەت دەزانی وسونەتی پێغەمبەری دەکردە پێوەری کردەوەکانی خۆی. هەرکاتێک کە ناوی (محەمەد) بە زمانیدا بهاتبایە، فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتەخوارێ.بەختێک لە بەختەباشەکانی من لە ناسینی شێخدا ئەوە بوو کە تەنانەت بۆ یەک جاریش لەبارەی ئەسڵ و فەسڵی خێزانەکەمەوە پرسیاری لێنەکردم و هەمیشەش بە" محەمەدەفەندی" بانگی دەکردم. هەر پرسیارێکیشم لێبکردایە، زۆر بەڕێزەوە وەڵامی ئەدامەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە زانی من غەریبم و دەمەوێت خزمەت بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکەم (ئەمە درۆیەکی گەورەبوو کە بەمەبەستی مانەوە و نیشتە جێبوونم لە ئەستەنبوڵدا بە شێخم گوت بوو) کە جێگرەوەی پێغەمبەرە. جگە لەوەش، بە شێخم گوتبوو کە من گەنجێکی بێ باوک و دایکم و باوکم ودایکم مردوون وخوشک و برایشم نییە، بەڵام ئەوان دوای مردنیان سامان وسەروەتێکی تاڕادەیەک باشیان بۆ بەجێهێشتووم. ئەوەشم پێ گوتبوو کە پێشتر بڕیارمداوە، بە مەبەستی فێربوونی زمانی تورکی و عەرەبی سەفەر بۆ ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلام، واتە بۆ شاری ئەستنبوڵ بکەم و پاش لەکۆکردنەوەی سەرمایەیەکی دینی و مەعنەوی، ئینجا سەرمایە ماددییەکەشم بەگەڕبخەم و خەریکی کارو کاسبی خۆم بم. شێخ ئەحمەد پیرۆزبایی لێکردم و چەند شتێکی پێگوتم کە یاداشتم کردوون و لێرەیشداوەک خۆیان دەیانووسمەوە :

ڕێزگرتن و میوانداریکردن لە تۆ، لەبەر چەند هۆیەک واجبە و ئەو هۆیانەیش ئەمانەن :

1 – تۆ موسڵمانیت و موسڵمانانیش برای یەکترین (انها المؤمنون اخوة).

2 – تۆ میوانی شارەکەمانیت و پێغەمبەر فەرمویەتی (ڕێز لە میوان بگرن ـ اکرموا الضیف).

3 – تۆ قوتابی زانست و ئیسلامیت و پێغەمبەر ئامۆژگاری موسڵمانانی کردووە کە ڕێز لە قوتابیانی ئاین بگرن.

4 – تۆ دەتەوێت کارو کاسبیەکی حەڵاڵ بکەیت، بە پێی بەڵگەکانی حەدیسیش" کاسب خۆشەویستی خودایە ـ الکاسب حبیب الله).

لە هەمان ساتەوەختی یەکەمدا، کەسایەتی بەرزی شێخ، سەرنجمی بەرەو خۆی ڕاکێشا. لە دڵی خۆمدا گوتم کە بریا مەسیحییەتیش پەی بەم ڕاستیانەی ببردایە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئەوەم دەبینی کە شەریعەتی ئیسلام، بە هەموو پایەبڵندییە تیۆرییەکەیەوە، خۆی لەبەردەمی هەرەس و داڕماندا دەبینێتەوە و بەهۆی فەساد و لێنەهاتوویی دەسەڵاتدارە خۆبەزلزان و ستەمگەرەکانییەوە، بەهۆی دەمارگیر (تعصب)ی زانا ئاینییەکانی و ئاگادار نەبوونیان لە بارودۆخی جیهانییەوە، دووچاری ئەم ڕۆژ ڕەشییە هاتووە. بەشێخم گوت :" ئەگەر ڕێگا بدەیت، حەزدەکەم کە لە حزوری جەنابتاندا فێری زمانی عەربی و قورئانی پیرۆز ببم".

شێخ هانیدام و پێشوازی لە پێشنیارەکەم کرد و یەکەم وانە کە پێی گوتمەوە سورەتی ئەلحەمد بوو. بە دەربڕینێکی گەرموگوڕەوە دەستیکرد بە تەفسیر و تائویل و ڕوونکردنەوەی واتای ئایەتەکان. پرۆناونسیەیشن ( pronunciation تلفظ )ی زۆرێک لە ووشە عەرەبییەکان بۆم دژواربوون، هەندێکجاریش ئەم دژوارییە

دەگەیشتنە ئەوپەڕی خۆی. ئەو هەمیشە پێی دەگوتم کە ڕاستەوخۆ وانەی قسەکردنی زمانی عەرەبیم پێنالێتەوە و لەبەرئەوەش لانی کەم دەبێت کە ووشەکان دە جاران بڵێمەوە تا بەتەواوی لەبەریان دەکەم.

شێخ قواعیدی فێرکردم و لەلای ئەو توانیم کە لە ماوەی دوو ساڵدا فێری تەفسیرو تەجویدی قورئان ببم. شێوەی وانە وتنەوەکەی وا بوو کە بەر لە دەستپێکردنی وانەکە، دەستنوێژ(وضوء) ی دەگرت و ئینجا فەرمانی بە منیش دەداکە دەستنوێژ بگرم. ئەوجا ڕووە و قیبلە دادەنیشتین و دەستی بە وانە وتنەوە دەکرد. پێویستە ئەوەش بڵێم کە دەستنوێژگرتن لە ئیسلامدا بریتییە لە کۆمەڵێک شۆردنی جۆراوجۆر : شۆردنی دەموچاو، پاشان شۆردنی دەستی ڕاست لەسەری پەنجەکانەوە تا سەر ئانیشک، دەستی چەپ و پاکردنەوەی سەرو پشتی گوێییەکان و مل، هەروەهاشۆردنی قاچەکان. لەکاتی دەستنوێژدا دەبێت کە ئاو لەدەمت ڕابدەیت و لوتت پاک بکەیتەوە. من زۆر نارەحەت دەبووم کە دەمم میسواک دەکرد. ئەو مسواکانە لە دارێکی وشک دروستکرابوون، پێش لە دەستنوێژگرتن، هەموو پیرو لاوەکان، لە دەمیان ڕادەدا. من وام بیردەکردەوە کە ئەم دارە وشکە زیانی بۆ دەم و ددانەکان هەیە. هەندێک جار دەمبینی کە ئەو مسواکانە دەمی بریندار دەکرد و خوێنی لە پووکەکان دەهێنا، بەلام من ناچار بووم کە ئەم کارەیش بکەم، چونکە بەر لەدەستنوێژ گرتن، بەکارهێنانی مسواک سونەتێکی جەخت لە سەرکرابوو کە حەدیسەکانی پێغەمبەر پشتیوانیان لێدەکرد.

لەماوەی نیشتەجێ بوونم لە ئەسنتەنبوڵدا، شەوەکانم لە مزگەوتێکدا دەگوزەراند و لە بەرانبەر ئەوەشدا پارەیەکم دەدا بە مجەوری مزگەوتەکە کە ناوی مەروان ئەفەندی بوو. مەروان پیاوێکی تووڕە و عەبوس بوو، ناوەکەی خۆی بە هاو ناوی یەکێک لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر دەزانی و شانازی بەم ناوە پیرۆزەوە دەکرد. جارێکیان پێی وتم :" ئەگەرخوا منداڵێکی دایتێ ناوی بنێ مەروان، چونکە مەروان یەکێک بووە لە کەسایەتییە مجاهیدەکانی ئیسلام".

شەوانە نانم لە ژووری مجەورەکەدا دەخوارد و ڕۆژانی هەینیش، کە پشووی موسڵمانەکان بوو، لەگەڵ مجەوری مزگەوتەکەدا بەسەرمدەبرد. ڕۆژەکانیتری هەفتەیش لە دوکانێکی دارتاشیدا شاگردیم دەکرد و لە بەرانبەریشدا کرێیەکی کەمم وەردەگرت. کارەکەم پارتایم بوو، چونکە دەبوایە کە پاش نیوەڕوان لەلای شێخ دەرس بخوێنم. کرێکەم بەقەدەر نیوەی کرێی کرێکارەکانیتر بوو. دارتاشەکە ناوی خالیدبوو. لەوکاتانەدا کە بۆنانخواردنی نیوەڕوان دەستمان لە کارهەڵدەگرت، چەند بابەتێکی لەبارەی توانایی وبالادەستی" خالیدی کوڕی وەلید"ەوە باس دەکرد و بەیەکێک لە یارانی پێغەمبەری دەزانی کە نەیارانی ئیسلامی شکست پێهێناوە، ئەگەرچیش لەگەڵ عومەری کوڕی خەتابدا نێوانیان خۆش نەبووە. دارتاشەکە وای بیر دەکردەوە کە ئەگەر عومەر ببوایە بە خەلیفە، کە لەڕاستیدا ئەمەش ڕوویدا بوو، خالیدی دەخستە لاوە.

بەلام خالیدی دارتاش پیاوێکی بێڕەوشت بوو کە بەبێ هۆ لەناو هەموو کرێکارەکاندا زیاتر بڕوا و متمانەی بەمن دەکرد و منیش نەمدەزانی هۆی ئەمە چییە. لەسەرەتادا وامدەزانی لەبەرئەوەیە کە هەرچییەکی پێدەگوتم بێ چەندوچۆن ئەنجامدەدا و نە لەسەر کێشە ئاینییەکان و نە لەسەر کارکردنیش هیچ مشت و مڕێکم لەگەڵدا نەدەکرد. لەوکاتانەی کە دوکانەکە چۆڵ دەبوو، هەستم دەکرد کە وەستا خالید نیازێکی خراپی بەمن هەیە. شێخ ئەحمەدیش چەندین جار پێی گوت بووم کە نێربازی (لواط) لە ئیسلامدا یەکێکە لە گوناهە گەورەکان، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا خالید پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە کاری سێکسیم لەگەڵدا بکات.

خالید هێندە پابەندی ئایین نەبوو. لە ڕاستیشدا لە ناخەوە بڕوای پێی نەبوو، بەلام بەڕووکەش وای پیشاندەدا کە پابەندی ئایینە. ڕۆژانی هەینی دەڕۆیشت بۆ مزگەوت، بەلام لە ڕۆژەکانیتری هەفتەدا ئێمە نەماندەبینی کە نوێژ بکات. بەهەر شێوەیەک بوو، پێشنبارە شەرمهێنەرەکەیم ڕەتکردەوە. پاش ماوەیەک لەوە کە من داواکەییم ڕەتکردەوە، چاوی تەماحی خستبووە سەر یەکێکیتر لە کرێکارەکان کە لاوێکی جوانی خەڵکی سالۆنیک بوو، و ئەویش خۆی بە یەکێک لە توانایە نوێیەکانی ئیسلام دەزانی، بەلام خالید ئەو کارە

قیزەونەی لەگەڵ ئەودا ئەنجامدا. کارەکەیشی بەم شێوەیە ئەنجامدەدا کە لاوەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبردە ئەمبار (مخزن)ی پشتی دووکانەکەوە کە تەختەکانی تیادا دانرا بوو. هەردووکیان وایــان پیــشان دەدا کــە بەمەبەســتی بژادرن و ڕیکخستنی تەختەکان دەچنە ئەمبارەکەوە، بەڵام تا ڕادەیەک ئاشکرابوو کە بە چ مەبەستێک دەڕۆنــە ئەوێ.

هەموو ڕۆژێک لە دوکانی دارتاشییەکەدا نانی نیوەڕۆم دەخوارد، پاشان بۆ نوێژی نیوەڕۆ دەچوومە مزگەوت و هەتا کاتی نوێژی عەسر لەمزگەوت دەمامەوە و دوای ئەوەی کە نوێــژی عەســرم دەکــرد، ئینجــا دەڕۆیــشتم بۆماڵی شێخ ئەحمەد و بۆماوەی دووکاتژمێرخەریکی خوێندن و فێر بوونی قورئان دەبووم. جگــە لــە قورئــان، زمانی عەرەبی و تورکیش فێردەبووم. هەموو ڕۆژانێکی هەینیش، برێکم لە کرێی هەفتانەکەم وەکو زەکــات دەدا بەشێخ ئەحمەد، ئەوەش نیشانەی پەیوەندی وئیرادەی من بوو بەشێخەوە و لەڕاستیدا ئــەم زەکاتــەیش وەک هەقی زەحمەتێک وابوو لەبەرانبەر ئەوەدا کە ئەو وانەی قورئــانی پێدەگوتمــەوە.لەڕاســتیدا شــێخ باشــترین ڕێڕەوی بۆ فێرکردنی قورئان هەبوو. جگە لەوەش، بنەماکانی ئەحکامی ئیسلامی بە زمــانی عــەرەبی و تــورکی فێردەکردم.

کاتێک کە شێخ ئەحمەد زانی من زگورتیم و هێشتا ژنم نەهێناوە، پێشنیاری ئەوەیکرد کە هاوسەرێک بۆخــۆم هەڵبژێرم و یەکێکە لەکچەکانی بکەمە هاوسەری خۆم. لەبەرانبەر ئەو پێــشنیارە ڕێــزدارانەو بەئەدەبانەیــەی ئەودا، من عوزرم هێنایەوە. عوزرەکەشم ئەوەبوو کە پێم گوت من لەڕووی سێکسییەوە بێتوانام و وامنیــشانداکە نەخۆشی بێتوانایی سێکسیم هەیە. هیچ چارەیەکی ترم نەبوو جگە لە هێنانەوەی ئەو بەهانەیە، چــونکە شــێخ بەبەردەوامی پێی لەسەر پێشنیارەکەی دادەگرت و بەهۆی ئەوەشەوە خەریک بوو پەیوەندییەکــەمان بپــچڕێت. شێخ شوکردن و ژنهێنانی بە یەکێک لەســونەتەکانی پێغەمبــەر دەزانی و لــەوڕووەوە پــشتی بــەم گوتەیــەی پێغەمبەر دەبەست کە دەڵێت :" هەرکەسێک پشت لە سونەتەکانی من بکات، لە پەیڕەوانی من نییە – من رغــب عن سنتي فليس مني). لەبەر ئەوە، هیچ چارەیەکم نەبوو جگە لەوەی کە بێتوانایی سێکسی بکەمــە بیانوویــەک بۆ ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکەی شێخ. درۆ مەسڵەحەت ئامێزەکەم قەناعەتی بەشێخ کرد، ئیتر لەوبارەیەوە هــیچ شتێکی دیکەی نەگوت و دۆستایەتی و برایەتیەکەیشمان گەڕایەوە دۆخی جاران خۆی.

پاش لە دوو ساڵ نیشتەجێ بوونم لە ئەستەنبوڵدا و چوونە پێشەوەم لە زمانی عەرەبیدا، ئیجــازەم لەشــێخ وەرگرت تا بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم، بەڵام شێخ ڕێگای نەئەدام و دەیگوت بۆچی ئاوا زوو دەڕۆیتەوە ؟ خــۆ ئێرە شارێکی گەورەیەو ئەوەی کە دەتەوێت لێرەیش هەیە و دەستت دەکەوێت. بە ئەمری خوا، ئەستەنبوڵ دین و دنیای تیادا دەستدەکەوێت. شێخ لە درێژەی قسەکانیدا وتی :" ئێستا کە دایــک و باوکــت مــردوون و خوشــک و برایشت نییە، ئەستەنبوڵ بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەییت هەڵبژێرە". بەهەرحاڵ، شێخ پێی لەسەر مانەوەم لــە ئەستەنبوڵدا دادەگرت. ئەویش زۆر هۆگری من بوو، منیش بە هەمان شێوە هۆگری ئەو بووبووم، بەڵام ئەرکــێک کە لەبەرانبەر نیشتمانەکەم (بەریتانیا) دا پێم سپێردرابوو، لە سەروی هەموو شتێکیترەوە بــوو، کــە ئــەوەیش ناچاری کردم بگەڕێمەوە بۆ لەندەن. دەبووایە کــە ڕاپــۆرتی دوو ســاڵەی مەئموریەتەکــەم بــدەم بــە وەزارەتی مستعمرات و ڕێنمایی و فەرمانی نوێتریش وەرگرم.

بڕیار بوو لە ماوەی ئەو دووساڵەی کە لە ئەستەنبوڵدا بەسەرم برد، هەموومانگێک ڕاپۆرتێک لــە بــارەی بارودۆخ و ئاڵوگۆڕەکانی پایتەختی عوسمانییەوە ڕەوانەی لەندەن بکەم. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانمــدا، باســی داواو پێشنیارەکەی خالیدی نێربازی خاوەنکارەکەیشم کردبوو. لەوەڵامەکــەی وەزارەتی مــستعمراتدا فــەرمان درابوو کە :" ئەگەر ئەزانی قبوڵکردنی داواو پێشنیاری خاوەنکارەکەت، ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکەت ئاسانتر دەکاتەوە، ئەوا قەیناکە و مل بۆ داخوازییەکەی کەچ بکە". کاتێک کە ئەم وەڵامەم خوێندەوە سەرم گێژی خــوارد و تێگەیشتم کە چۆن سەرۆکەکانی ئێمە شەرم ناکەن و لەبەرخاتری بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئینگلیــز مــن

هاندەدەن بۆ کارێکی قێزەونی سێکسی. بەهەرحاڵ، چارەیەکم نەبوو، دەبوایە ئەو پێکەی کە ناومە بەسەرمەوە تا دواین دڵۆپی بینۆشم. ناچار نەمهێنایە سەرخۆم و دەمی ناڕەزایەتیم لە نامیهرەبانی لێپرسروانی لەندەن نەکردەووە. ئەو ڕۆژەی کە خواحافیزم لە شێخ ئەحمەد کرد، چاوەکانی پڕبوون لە فرمسێک و بەم ڕستانە خواحافیزی لێکردم :" خوات لەگەڵ بێت کوڕم ! لەیادم مەکە. انشاالله لە ڕۆژی مەحشەرو لەحزوری پێغەمبەردا چاومان بەیەکتری دەکەوێتەوە". هەر بە ڕاستییش تا ماوەیەک زۆر بێتافەتی شێخ ئەحمەد بووم و بێئەوەی خۆم پێ کۆنترۆڵبکرێت، بۆ شێخ دەگریام. بەڵام چی دەکەیت و چارەت چییە ؟ بەجێگەیاندنی ئەرک لەسەرووی هەمووسۆزێکی شەخسییەوەیە.

# بەشی سێیەم

نۆکەس لە هاوکارەکانی من بانگکرابوونەوە بۆ لەندەن. ئەو بەدبەختانە، تەنها پێنج کەسیان لێگەڕابووەوە بۆ لەندەن. لە چوارکەسەکەی دیکەیش، یەکێکیان ببوو بە موسڵمان و لەمیسردا نیشتەجێ بووبوو. وەزیری مستعمرات ئەم هەواڵەی پێڕاگەیاندبووم و لەوە خۆشحاڵ بوو کە سەرەڕای موسڵمانبوونی ئەو کەسە، بەڵام هیچ نهێنییەکی نەدرکاندووە. جاسوسێکیتر کە بە ڕەگەز ڕوسی بوو، گەڕابووەوە بۆ ڕوسیاو لەوێ نیشتەجێ ببوو. جێگری وەزیر لەم ڕووەوە بێتاقەت بوو، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو کە جاسوسە بە ڕەگەز ڕوسییەکە، پاش ئەوەی کە گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی دایک، شتێک لە بارەی نهێنییەکانی مستعمراتی ئینگلیزەوە ئاشکرا بکات. جێگری وەزیر بەم ئەنجامە گەیشت بوو کە جاسوسە ڕوسییەکە هەر لە سەرەتاوە لە ناو وەزارەتی مستعمراتی ئینگلیزدا جاسوسی بۆ ڕوسەکان کردووە و پاش لە تەواوبوونی مەئموریەتەکەشی گەڕاوەتەوە بۆ ڕوسیا. سێهەمین جاسوسیش بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی کۆلێراوە، لە" عەمارە" ی نزیکی بەغداد مردبوو. زانیارییەکی ئەوتۆیش لە بارەی کەسی چوارەمەوە نەبوو. وەزارەتی مستعمرات هەواڵی ئەویان تا" صنعا"ی پایتەختی یەمەن هەبوو. لە ساڵی دووەمدا، ڕاپۆرتەکانی خۆیی بەبەردەوامی لە سەنعاوە نارد بوو، بەڵام پاش لەوە، ڕاپۆرتەکانی نەگەیشتبونە دەستی وەزارەتی مستعمرات و پەیوەندی پچڕابوو لەگەڵ وەزارەتدا. هەرچی دەوڵەت و وەزارەتی مستعمرات هەوڵیاندا کە لەبارەی ژیانی ئەوکەسەوە زانیارییەک بەدەست بهێنن، بەڵام هەوڵەکانیان بێئەنجام بوو. وەزارەتی مستعمرات بەتەواوی ئەنجامە نەخوازراوەکانی ونبوونی جاسوێکی شارەزا (ماهر)ی خۆی دەزانی کەچییە، چونکە بە پێوەرێکی وورد، بەهای مەئموریەتی هەریەکێکیانی پێوابوو، هەربەڕاستیش ونبوونی هەریەکێک لەم جۆرە جاسوسانە بۆ دەوڵەتی ئینگلیز، کە لە ئاستانەی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی سەرکوتکردنی ئاژەوە و یاخبووندا بوو لە وڵاتانی ئیسلامیدا، زۆر مەترسیدار بوو.

ئێمە نەتەوەیەکین کە ژمارەی دانیشتوانمان کەمە، بەڵام بەپرسیارێتی گرنگمان لە ئەستۆدایە و کەمبوونەوەی مرۆڤە پسپۆڕەکانیش، بۆ ئیمە زۆر زیانبەخش دەبێت.

پاش ئەوەی کە جێگری وەزیر مستعمرات دوایین ڕاپۆرتمی هەڵسەنگاند، ڕێنمایی کردم تا بەشداری لە کۆنفرانسێکدا بکەم کە لە لەندەندا گیرابوو بۆ ئەوەی کە گوێ لە ڕاپۆرتەکانی شەش جاسوسیتری بەشدار بووی کۆنفرانسەکە بگرم. بەسەرپەرشتی خودی وەزیر، دەستەیەک لە لێپرساوانی بایەبەرزی وەزارەتی مستعمرات، لە کۆنفرانسەکەدا ئامادە بوون. هەریەکە لە هاوکارەکانم ڕاپۆرتەکانی خۆی خوێندەوە و منیش بەشداریمکرد و هێڵەگشتیەکانی ڕاپۆرتەکەی خۆمم لە بارەی تورکیاوە بە ئاگاداری ئامادەبووان گەیاند. وەزیر، جێگرەکەی و هەندێک لە بەشداربووان دەستخۆشیان لێکردم بۆ ئەو چالاکیانەی کە لە تورکیادا ئەنجامم دابوون. لەگەڵ ئەوەیشدا من لە پلەی سێیەمدا بووم و دوو جاسوسیتریان، کە توانیبوویان باشتر لەمن

چالاکییەکانیان ئەنجامبدەن، لە پلەی یەکەم و دووەمدا بوون. ئەو دوو کەسەیش بریتی بوون لە جی بـێلکۆود G. Belcoude و هەنری فەنس H. Fanse

پێویستە ئەوەیش بڵێم کە من لە فێربوونی زمـانی تـورکی، عـەرەبی، تەجویـدی قورئـان و داب و نـەریتی ئیسلامدا سەرکەوتنێکی زۆرم بەدەستهێنابوو، بـەڵام لـە ئامـادەکردنی راپـۆرتێکی روونـدا دەربـارەی خاڵـە لاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانی، زۆر سەرکەتوو نەبووم. پاش لە تەواوبوونی کۆنفرانسەکە، کە شەش کاتژمێری خایەند، جێگری وەزیر لەم خاڵە لاوازم ئاگاداریکردمەوە. منیش پێم گوت کە :" بابەتی سەرەکی کارکردنی مـن لەو دوو ساڵەدا، فێربوونی دووزمانی جیاواز، راڤەکردنی قورئان و ئاشنا بوونم بووە بە داب و نەریتی ئیسلامی و هەلی پێویستم لەبەردەمدا نەبووە تا بیر لـە ئەرکـەکانیترم بکەمـەوە. ئەگـەر متمانـەی خـۆت بـەمن لـە دەستنەدەیت، ئەواخوا یاربێت لە سەفەری داهاتوومدا قەرەبۆی دەکەمەوە". جێگری وەزیر پـێی وتم :" بـێگومان تۆ لەکارەکەتدا سەرکەوتوو بوویت، بەڵام چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیەکە لەم رێگایەدا لەکەسەکانیتر چالاکتر بیت".
هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا وتی :
بابەتی گرنگی کارکردنی مەئموریەتی تۆ لەئایندەدا دووخاڵە :
1-دۆزینەوەی خاڵەلاوازەکانی موسـڵمانەکان، کـە سـەرکەوتنی ئـێمە بـۆ نفوزکردنـە ناویـان و پێکهـێنانی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان گروپە جیاوازەکانی ئیسلامدا مسۆگەر دەکات، چونکە فاکتەری سەرکەوتنی ئێمە بەسەر دوژمندا زانین و ناسینی ئەم بابەت وکێشانەیە.
2-پاش لە ناسینی خاڵە لاوازەکان، هەنگاونان بۆ پێکهێنانی دووبەرەکی و ناکۆکیش پێویستە. هەرکاتـێک کـە لەبەجێهێنانی ئەم کارەدا توانایی تەواو لە خۆت نیشان بدەیت، ئەوا لەوە دڵنیابـە کـە لـە ریـزی پێـشەوەی لێهاتووترین و باشترین جاسوسەکانی ئینگلیزدا دەبیت و دەبیتە رەمزی شانازی کردن.
شەش مانگ لە لەندەن مامەوە. لەو ماوەیەدا لەگەڵ کچەکەی پورمدا" ماری شۆی"، کە ساڵێک لـەمن گـەورەتر بوو، زەواجمانکرد. لەوکاتەدا، تەمەنم بیست دووساڵ بوو، ماریش تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو. ماری کچـێک بوو کە رۆشنبیریەکی مام ناوەنجی هەبوو، بەڵام زۆر شۆخ وشـەنگ بـوو. رەفتـاری هاوسـەرەکەم، ئاسـایی و میانەڕەو بوو. خۆشترین رۆژەکانی ژیانم لەگەڵ ئەودا بەسەر برد. لە هەمان سـەرەتای دەستپـێکردنی ژیـانی هاوسەریماندا بوو کە ماری سکی پڕ (حامله) بوو. من بە بێسەبریەوە چاوەڕێی میوانە تازەکەمانم دەکرد، بەڵام هەرلەوکاتەدا، فەرمانێکی تازەم لە وەزارەتەوە پێگەیشت و بەپـێی ئـەو فەرمانـە دەبووایـە کـە بـەزوویی و بێدواکەوتن سەفەر بکەم بۆ وڵاتی عێراق، ئەو وڵاتەی کە بۆ ساڵانێکی زۆر کرابووە مـستعمرەی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی.

خۆم و هاوسەرەکەم کە چاوەڕێی یەکەمین منداڵمان دەکرد، بەهۆی مەئموریەتێکی نوێوە کە پێم سپێردرابوو، دووچاری خەفەتێکی زۆر بووین، بەڵام خۆشەویستی نیـشتمان، پلەوپایـەخوازی و مـەیلی پێـشبرکێ لەگـەڵ هاوپیشەکانمدا، بوونە هۆی ئەوە کە هەست و نەسـت و سـۆزەکانی ژن و مـێردایەتی و خۆشەویـستی منـداڵ، بکەونە ژێر تیـشکی بەجـێگەیاندنی ئەرکەکانمـەوە. هـیچ گومانـێکم بۆخـۆم نەهێـشتەوە لـە قـەبوڵکردنی بەجێهێنانی ئەرکە نوێیەکانمدا. وەڵامی داخوازی هاوسەرەکەمم بۆ دواخستنی مەئموریەتەکەم تا ئەوکاتەی کە منداڵەکەمان دێتە دنیاوە، نەدایەوە و داواکارییەکەیم قەبوڵ نەکرد. ئەو رۆژەی کە بەمەبەستی سەفەرکردن لـە هاوسەرەکەم جودا دەبوومەوە، هەردووکمان زۆرگریاین. ئەو بەکوڵ دەگریاو دەیگـوت :" نامـەم بـۆ بنووسـەو پەیوەندی خۆتم لەگەڵدا مەپچڕێنە، منیش لە هێلانەی ئاڵتونی منداڵەکەمانـەوە نامـەت بـۆ دەنووسـم". ئـەم ووشانە دڵمیان دەگوشی. گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە سەفەرەکم دوابخەم، بەڵام بەزوویی هەست و سـۆزەکانی خۆمم کۆنترۆڵ کرد. پاش لە خواحافیزیکردن لە هاوسەرەکەم، رۆیشتم بۆ وەزارەت تا لەوێ فەرمانە نوێیەکان وەربگرم.

پاش شەش مانگ ڕۆیشتن بەسەر دەریاکاندا، سەرئەنجام گەیشتمە بەسرە. دانیشتوانی ئەم شارە زیاتر پێکهاتووە لە خێڵەکانی دەوروبەری و دوو باڵی سەرەکی شیعەو سونە، ئێرانی و عەرەب لەم شارەدا پێکەوە دەژین. ژمارەیەکی کەمی مەسیحیش لەم شارەدا نیشتەجێ بوون. بۆیەکەمین جاربوو لە ژیانمدا کە لەگەڵ پەیڕەوانی شیعەو ئێرانییەکاندا ئاشناببم. جێگای خۆیەتی کە ئاماژەیەکی کورتیش بە بیروڕا تایبەتییەکانی سونە و شیعە بکەم. شیعەکان لایەنگری عەلی کوڕی ئەبوتالیبی زاوا و کوڕی مامی پێغەمبەرن و بەبۆچوونی ئەوان، محەمەد بەڕاشکاوانە عەلی بە جێگرەوەی خۆی هەڵبژاردووە. عەلی و یازدە نەوەی نێرینەی ئەو، ئیمام وجێگرەوەی بەهەقی پێغەمبەرن.

بەبڕوای من، لەبارەی خەلافەتی عەلی و دوو کوڕەکەی (حەسەن و حسین)ەوە، شیعە بەتەواوی لەسەر هەقە، چونکە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەمبارەیەوە ئەنجاممداون، چەندین بەڵگە لەبەردەستدان کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. بێگومان عەلی کۆمەڵێک تایبەتمەندی چاکی تێدابووە کە دەیتوانی فەرماندەیی سەربازی و حکومەتی سیاسیی ئیسلام لەپاش مردنی محەمەدەوە لە ئەستۆبگرێت.

کێشەی ئیمامێتی حەسەن و حسەینیش بەپێی ئەو حەدیسانەی کە لە پێغەمبەرەوە بەدەستی ئێمە گەیشتوون و سوننە مەزهەبەکانیش نکوڵیان لێناکەن، لەلایەن هەردوو باڵەکەی ئیسلامەوە (سونە و شیعە) قەبوڵکراوە. گومانی من لەسەر جێگاگرتنەوەی نۆ کوڕەکەی حسەینی کوڕی عەلییە کە شیعەکان ئەوانیش بە ئیمام دەزانن.

چۆن دەکرێت پێغەمبەر ئاگاداری ئیمامەتی کەسانێک بێت کە هێشتا لە دایک نەبوون ؟ لە کاتێکدا کە ئەگەر محەمەد پێغەمبەری بەرهەقی خوا بێت، دەتوانێت غەیبزان بێت و لەبارەی غەیبەوە شت بڵێت، هەربەوجۆرەی کە حەزرەتی عیسا پێشبینی ڕووداوە نادیارەکانی داهاتووی دەکرد، بەڵام مەسیحییەکان لەو ڕووە گومانیان لە پێغەمبەر بوونی محەمەد هەیە.

موسڵمانەکان دەڵێن کە قورئانی پیرۆز گەورەترین بەڵگەیە بۆ کۆتایی هاتنی پێغەمبەرەکان (خاتم الانبیاء)، بەڵام من هەرچەندە کە قورئانم خوێندەوە، کەچی بەڵگەیەکم لەم بارەیەوە بەرچاونەکەوت. لەوڕووەوە کە قورئان کتێبێکی پایەبەرزە، هیچ گومانێکم نییەو بڕوایشم وایە کە قورئان لەتەورات و ئینجیلیش پایەبەرزترە. داستانە کۆنەکان، ئەحکام، داب ونەریت، وانەی ڕەوشت و بابەتەکانی دیکەی، ئەفزەلیەت و متمانەیەکی تایبەتییان بەخشیووە بەم کتێبە، بەڵام ئایا ئەو تایبەتمەندییانەی قورئان بەڵگەن بۆ ڕاستگۆیی محەمەد ؟ من سەرم لەکارەکانی محەمەد سوڕماوە ! چۆن پیاوێکی دەشتەکی کە خوێندنەوە و نووسینی نەزانیوە، کتێبێکی ئەوها بەرز و بەنرخی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە ؟ تا ئێستا هیچ کەسێک، بەهوشیاری و توانایەکی تەواوەوە، نەیتوانیوە کتێبێکی ئەوها بڵاوبکاتەوە. ئەی چۆن ئەم عەرەبە دەشتەکییە کە نەخوێندەوار بووە، توانیویەتی کتێبێکی ئەوها بنوسێت ؟ کێشەیەکیتر کە ئاماژەم پێکرد، هاتنە کایەی ئەم پرسیارەیە : ئایا ئەم کتێبە دەتوانێت بۆخۆی بکرێتە بەڵگەیەک بۆ پێغەمبەر بوونی خودی محەمەد ؟

لەو بارەیەوە زۆرم خوێندەوە تا وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزمەوە و لە ڕاستی تێبگەم. کاتێک ئەم کێشەیەم لەگەڵ یەکێک لە قەشەکاندا باسکرد، بەڵام ئەویش نەیتوانی وەڵامێکی قەناعەتبەخشم بداتەوە. قەشەکە لەڕووی دەمارگیری و دوژمنایەتییەوە وەڵامە بێبەڵگەکانی دامەوە. ئەوکات کە لە تورکیایش بووم، چەندین جار لەو بارەیەوەلەگەڵ شێخ ئەحمەدیشدا گفتوگۆم کرد، بەڵام وەڵامێکی شیاو و قەناعەتبەخشم لەویش وەرنەگرتەوە. پێویستە ئەوەیش بڵێم کە هێنانە گۆڕێی کێشەکە لەگەڵ شێخ ئەحمەددا بەو ڕاشکاوییە نەبوو کە لەگەڵ قەشەکەی لەندەندا هێنابوومەگۆڕێ، چونکە لە هێنانەکایەی کێشەکە لەگەڵ شێخ ئەحمەددا، مەترسی ئەوەی هەبوو کە دەستەکەم بکەوێتە ڕوو، یان لانی کەم شێخ ئەحمەد وا لێم تێبگات کە من گومانێکم لەبەرامبەر پێغەمبەردا هەیە. بێگومان محەمەد لەڕیزی ئەو پیاوەگەورانەدایە کە ناتوانرێت نکوڵی لە تێکۆشانەکانی بکرێت لە پێناوی هێنانە سەر ڕێگای ڕاستی مرۆڤدا، مێژوویش ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بەڵام من لە پێغەمبەربوونی محەمەد گومـانم هەیـە و تەنانـەت بـە پێغەمبەریـشی نازانم. تەنانەت گریمان کە ئەو پێغەمبەریش نییە، بـەڵام محەمـەد گـەورەتر بـووە لەهـەموو ئـەو بلیمـەت (عبقری)انەی کە ئێمە دەیانناسین. محەمەدلە هوشیارترین بیریارەکانی مێژویش هوشیارترە.

موسڵمانە سونییەکان دەڵێن : بەبۆچوونی موسڵمانەکان ئەبوبەکر، عوسمان و عومەر بۆ بەڕێوەبردنی کاری خەلافەت لە عەلی شیاوتر و لێهاتووتر بوون. لەم ڕووەوە، لە هەڵبژاردنەکەیاندا، فەرمانی پێغەمبەریان لـە یاد کردووە و ڕاستەوخۆ دەست بەکاربوون.دەبـێت ئـەوەی بزانرێـت کـە ئـەمجۆرە ناکۆکیانـە لـە زۆربـەی ئاینەکاندا هەیە و بە تایبەتیش لە مەسیحییەتدا ئەم ناکۆکیانە دەبینرێت. خاڵێک کە ڕوون نییە، ناکۆکی نێوان شیعەو سونەیە، کە چـەندین سـەدەیە بـە دوای مـەرگی عـەلی وعومـەردا درێـژەی هەیـە.بەڕاسـتی ئەگـەر موسڵمانەکان ئاقڵانە بیریان بکردایەوە، ئەوا دەبوایە بیرێکیان لەحاڵی ئەمڕۆکەیان بکردایەتەوە، نەک بیریان لە ڕابردوویەکی دوورو لە یادچووەوە بکردایەتەوە. جارێکیان هەمان نـاکۆکی نـێوان شـیعەو سـونەم لەگـەڵ هەندێک لە لێپرسراوانی وەزارەتی مستعمراتدا باسکرد و پێم گوتن کە :" ئەگەر موسڵمانەکان لە مانـای ژیـان تێبگەیشتنایە، ئەم ناکۆکیانەیان دەخستە لاوە، یەکیاندەگرتەوە و قسەی خۆیان دەکردە بەیـەک". لـە هـەمان کۆبوونەوەدا، بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە قسەکانی پێ بـڕیم و وتی :" تـۆ دەبـێت ئـاگری نـاکۆکی لـە نـێوان موسڵمانەکاندا خۆش بکەیت، نەک بێیت باسی یەکگرتن و خستنەلاوەی ناکۆکییەکانیان بکەیت !".پێش لـەوەی کە سەفەر بکەم بۆعێراق، جێگری وەزیری مستعمرات لە کۆبوونەوەیەکدا پێی وتم :" هێمفـێر، تـۆ دەزانیـت کـە جەنگ و تێکهەڵچوونی نێوان مرۆڤەکان شتێکی ئاساییە و لەوکاتەوە کە قابیل و هابیل لە دایک بوون، ناکۆکی و شەڕیش دەستی پێکردووە و تا گەڕانەوەی مەسیحیش، ئەم جەنگ ومشتومڕە هەروا درێژەی دەبێت. دەتـوانین ناکۆکی نێوان مرۆڤەکانیش دابەشبکەین بە سەر پێنج چەمکدا :

1- ناکۆکی ڕەگەزی (ناکۆکی نێوان ڕەش و سپی) یەکان.
2- ناکۆکییە خێڵەکییەکان.
3- ناکۆکی لە سەر زەوی و زار.
4- ناکۆکییە نەتەوەییەکان.
5- ناکۆکییە ئاینییەکان.

ئەرکی تۆ لەم سەفەرەتدا، ناسینەوەی بوعدەکانی ئەم ناکۆکییانەی نێوان موسڵمانەکانە. دەبـێت ڕێـگاکان و هۆکارەکانی دوو بەرەکی و ناکۆکی تا ڕادەی تەقینەوەیان فێر ببیت و لێپرسراوانی لەندەن لە ڕەوتی هـەواڵ و ئەو زانیارییانەی کە لەم بوارانەدا بەدەستیان دەهێنیت، ئاگادار بکەیتەوە. ئەگەر بتوانیت کە لە چەند بەشـێکی وڵاتانی ئیسلامیدا جەنگی نێوان شیعەو سـونی بـەرپا بکـەیت، ئـەوا گـەورەترین خزمـەتت بـە بـەریتانیای گەورەکردووە !.

بۆ ئێمەی ئینگلیز ژیانێکی ئاسودەو خۆشگوزەران فەراهەم ناکرێت، مەگەر ئەوە کە بتوانین لە مستعمرەکانی خۆماندا ئاگری نـاکۆکی، دووبـەرەکی و یـاخی بـوون خـۆش بکـەین. هـەروەها ئـێمە لەکاتـێکدا دەتـوانین ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تێکبشکێنین کە لەشارەکان و وڵاتەکانی ژێر دەسـتی ئـەو ئیمپراتۆریەتـەدا، فیتنـەو ئاژاوە بنێینەوە. جگە لە دروستکردنی ئەم حاڵەتە، چۆن دەکرێـت کەنەتەوەیـەکی بـچوکی وەک ئینگلیزەکـان سەرزەوییەکی پان و پـۆڕ بخەنـە ژێردەسـتی خۆیانـەوە. کەواتـە جـەنابی هێمفـێر تـۆ دەبـێت بـە هـەموو توانایەکتەوە هەوڵبـدەیت کـە درز و کەلەبەرێـک بدۆزیتـەوە بـۆ ئـاژاوە و دووبـەرەکی نانـەوە و لەوێـوە دەستپێبکەیت.دەبێت ئەوەیش بزانیت کە ئێستا دەسەلاتی عوسمانییەکان و ئێرانییەکانیش بەسـەر ناوچـەکەدا لاواز و لەرزۆک بووە. ئەرکی تۆ ئەوەیە کە خـەڵک لـە دژی دەسـەڵاتداران و فـەرمانڕەواکانیان هانبـدەیت و بیانجوڵێنیت بۆ یاخی بوون. بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هەمیشە شۆڕشـەکان لـە نارەزایـەتی و

یاخیبوونەکانی خەڵکەوە سەرچاوەیان گرتووە دژ بە فەرمانڕەواکانیان. هەرکاتێک کەئاژاوە و پشێوی لە نێوان خەڵکی ناوچەیەکدا دروست ببێت و دەست لە هاوڕایی و یەکگرتن بەربدەن، بە ئاسانی زەمینەی داگیرکردنیان فەراهەم دەبێت.

# بەشی چوارەم

پاش ئەوەی کە گەیشتمە بەسرە، ڕۆیشتم بۆ مزگەوتێکی ئەو شارە. ئیمامی مزگەوتەکە یەکێک بوو لەزانا ناسراوەکانی سوننە مەزهەب و ناوی شێخ (عمرطايي) بوو. سڵاوم لێکرد و پاشان خۆمم پێناساند، بەڵام هەرلەگەڵ یەکەمین چرکە ساتی دیدارەکەمانەوە، شێخ بە چاوی گومانەوە سەیری کردم ودەستیکرد بە پرسیارکردن لەبارەی ناسنامەم، ئەسڵ و فەسڵم، خێزانەکەم و پێشینەمەوە. وابزانم لەڕەنگی ڕوخسارو لەهجەکەم کەوتبووە گومانەوە، بەڵام بەهەر شێوەیەک بوو خۆمم لە و ئاستەنگییە ڕزگارکرد و لەوەڵامی پرسیارەکانی شێخدا وتم :" خەڵکی" ئاغادیر"ی تورکیام، لە قوستەنتینیەش قوتابی شێخ ئەحمەد بووم و لەلای خالیدی دارتاشیش شاگردبووم". بەکورتی، ئەوەی کە لە تورکیا فێری بوو بووم، سەرلەنوێ بۆم گێڕایەوە. هەستمکرد کە شێخ بە چاو پرسیار لە یەکێک لە ئامادەبووانی ناومزگەوتەکە دەکات و وەک دیاربوو دەیویست بزانێت کە بەتورکیەکی تەواو قسەدەکەم، هەمان کەسیش بە چاو وەڵامێکی پۆزەتیڤی دایەوە. لەم ڕووەوە خۆشحاڵ بووم، چونکە توانیبووم کە تا ڕادەیەک دڵی شێخ لە خۆم ڕازی بکەم، بەڵام خۆشحاڵییەکەم شەتاو (سراب) ێکی هەڵخەڵەتێنەر بوو، چونکە پاش ماوەیەک تێگەیشتم کە شێخ هێشتا بەچاوێکی خراپەوە سەیرم دەکات و من بە جاسوسی عوسمانییەکان دەزانێت و دەنگۆی ئەوەیش هەبوو کە شێخ زۆر بەتووندی لەگەڵ والی بەسرەدا، کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە دیاریکرابوو، کەوتبووە نەیاری و ناکۆکییەوە و هەرکەسەشیان بەرانبەرەکەی تاوانباردەکرد.

بەهەرحاڵ، چارەیەکم نەبوو، دەبووایە لەمزگەوتەکەی شێخ عومەرەوە بگوێزمەوە بۆ کاروانسەرایەک کە خانەی حەوانەوەی موسافیران و غەریبەکان بوو. ژورێکم لە هەمان کاروانسەرادا بەکرێگرت. خاوەنی کاروانسەراکە کە پیاوێکی دەبەنگ بوو، هەموو بەیانیانێک زوو نەفەرەکانی هەراسان دەکرد و خەبەری دەکردنەوە. پاش بانگی بەیانی کەهێشتا دنیا تاریک بوو، بەتووندی لە دەرگاکەی دەدام و باگای دەکردمەوە بۆ نوێژی بەیانی. ئەوجا ئیتر مەجبور بووم کە تا ڕۆژهەڵدەهات خەریکی خوێندنەوەی قورئان بم. کاتێک کە پێم دەگوت خۆ خوێندنەوەی قورئان یەکێک نییە لە فەرزەکان و فەرز نەکراوە، ئیتر تۆ بۆچی ئەوەندەی لەسەردەڕۆیت، لەوەڵامدا دەیگوت کە خەوی بەیانیان هەژاری و نەگبەتی بەدواوەیە و هەموو دانیشتوانی کاروانسەراکەیش نەگبەتی دەیانگرێت. هیچ چارەیەکم نەبوو، جگە لەوەی ملکەچی قسەکانی ببم، چونکە ئەگەر سەرپێچیم لەقسەکانی بکردایە، ئەوا هەڕەشەی دەرکردنی لێدەکردم. هەموو ڕۆژێێک کە گوێم لە بانگی بەیانی دەبوو، هەڵدەستام بۆ نوێژ و پاش لە نوێژیش، بۆ ماوەی زیاتر لە یەک کاتژمێر قورئانم دەخوێند. گیرو گرفتەکەم لێرەیشدا کۆتایی پێ نەهات. ڕۆژێکیان خاوەنی کاروانسەراکە، کە ناوی مورشیدەفەنی بوو، هاتەلام و پێی گوتم کە لەو ڕۆژەوەی تۆ هاتوویتە کاروانسەراکەم، کێشە بەدوای کێشەدا ڕووم تێدەکات و هۆی ئەمەش هیچ شتێک نییە جگە لە شومی و نەگبەتی تۆ ! چونکە تۆ هاوسەرت نییە و زگورتیت، یان ئەوەتا دەبێت کە بە خێرایی ژن بهێنی، یان دەبێت ژوورەکەم تەسلیم بکەیتەوە. منیش پێم گوت :" ئاخر ئەفەندی بە چ پارەوپوڵێک ژن بهێنم ؟" ئەمجارەیان نەموێرا کە باسی بێتوانایی سێکسی بکەم و ئەوە بکەمە هۆ و بیانویەک بۆ زەواج نەکردنەکەم، چونکە ئاشکرابوو کە مورشیدەفەنی لەوجۆرەکەسانەیە کە بەدوای تاقیکردنەوەدا دەچێت.

مورشیدەفەنی لەوەڵامدا پێی وتم :" هەی ناموسڵمانی بڕوا لاواز ! چما لە قورئاندا نەتخوێندووەتەوە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ئەوانەی کە هەژارن، خوا بە گەورەیی خۆی پەکیان ناخات". بەکورتییەکەی، لەوە واقم وڕمابوو کە نەمدەزانی لەگەڵ ئەم ناحاڵییەدا چی بکەم و سەرم لێشێوا بوو، بەڵام سەرئەنجام گوتم : زۆرچاکە، ئەدی چۆن دەکرێت کە بەبێ پارە ژن بهێنیت ؟ ئایا تۆ بڕێک پارەم بەقەرز دەدەیتێ بۆ مەسرەفی سەرەتایی زەواج کردنەکەم ؟ ئەفەندی ڕۆچوو بوو بە ناو خەیاڵدا و لەبری ئەوەی باسی قەرزولحسەنە (قرض الحسنە) م بۆ بکات، لە ناکاودا سەری هەڵبڕی و هاواریکرد :" من نازانم چی دەڵێیت ! یان ئەوەتا دەبێت زەواج بکەیت، یاخود ئەوەتا دەبێت تا یەکەمی مانگی ڕەجەب ئەم ژوورەم بۆ چۆڵ بکەیت".

ئەو ڕۆژەیش پێنجەمی جمادی الثاني بوو، کە تەنها 25 ڕۆژ کاتم لەبەردەمدا هەبوو. سەرئەنجام، لە ژێر گوشارەکانی مورشیدە فەنی خاوەنی کاروانسەراکەدا ناچار بووم کە ئەوێ بەجێبهێڵم و ببم بە شاگرد لە دوکانێکی دارتاشیدا، بەڵام بەو مەرجەی کە شوێنی خەو و خواردنم بۆ دابین بکات و لەبەرانبەریشدا کرێیەکی کەمتر وەربگرم. بەرلەوەی مانگی ڕەجەب تەواو ببێت، گواستمەوە بۆ شوێنە تازەکەم و چوومە دوکانی دارتاشەکەوە. وەستاکەم ناوی عبدالرضا بوو. پیاوێکی شەریف و بەڕێز بوو، وەک کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم.

عەبدولڕەزا لە ئەسڵدا شیعەیەکی ئێرانی وخەڵکی خۆراسان بوو. کە چوومە لای ئەو، یەکسەر هەڵەکەم قۆستەوە و دەستم بە فێربوونی زمانی فارسی کرد.هەموو پاش نیوەڕوانێکیش، کۆمەڵێک لە ئێرانییەکانی دانیشتووی بەسرە، لە دوکانەکەیدا کۆ دەبوونەوە و لەبارەی هەموو شتێکەوە، لە سیاسەتەوە بگرە هەتا دەگاتە ئابووری و هەندێک جاریش دژبە حکومەتی عوسمانی، بەتایبەتی لە دژی ئیمپراتۆرو خەلیفەکانی موسڵمانان کە لە ئەستەنبوڵ دانیشتبوون، قسەوباسیاندەکرد، بەڵام هەر کە مشتەرییەکی نەناسراو خۆ بکردایە بە دوکانەکەدا، خێرا قسەکانیان دەبڕی و دەچوونە سەر باسی کێشە شەخسی و لاوەکییەکان.

لەوە تێنەگەیشتم کە چۆن متمانەیان بە من کرد. هەمووشتێکیان لەلای من باس دەکرد. دواتر تێگەیشتم کە ئەوان وایانزانی بوو من خەڵکی ئازەربایجانم، چونکە بە تورکی قسەم دەکرد و ڕەنگی ڕوخسارو دەموچاویشم ئەو گومانەی لای ئەوان بەهێزتر دەکرد، چونکە وەک زۆربەی خەڵکی ئازەربیجان، ڕەنگی ڕوخساروپێستم سوور و سپیە.

ئەو ڕۆژانەی کە لە دوکانی دارتاشییەکە کارم دەکرد، لەگەڵ لاوێکدا بووم بە ناسراو کە ئەویش هاتوچۆی دوکانەکەی دەکرد و هەر سێ زمانی تورکی، عەرەبی و فارسی دەزانی. ئەو گەنجە جلوبەرگی قوتابیە دینیەکانی لەبەردەکرد و ناوی محەمەدی کوڕی عبدالوەهاب بوو. لاوێکی تەماعکار، خۆبەزلزان و زۆر توڕە بوو. زۆر لە حکومەتی عوسمانی بێزار بوو، بەڵام هەقی بەسەر حکومەتی ئێرانەوە نەبوو. هۆی برادەرایەتی و مامەڵەکردنی لەگەڵ وەستاکەم (عبدالرضا) دا، ئەوەبوو کە هەردووکیان خەلیفەکانی عوسمانیان بە دوژمنی پلەیەکی خۆیان دەزانی.من لەوە تێنەگەیشتم کە ئەم لاوە سونییە چۆن لەگەڵ عەبدولڕەزای شیعەدابوو بوو بە برادەر و چۆن و لەکوێ فێری زمانی فارسی بوو بوو ؟ هەرچەندە کە ئەمجۆرەشتانەیش لە بەسرەدا ڕوودەدات وشیعەو سونیەکان کە دانیشتووانی بەسرە پێکدەهێنن، برادەرایەتی و هاوڕێیەتیان هەیە و زۆرێکیش لەخەڵکی بەسرە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی پێکەوە دەزانن و هەندێکیشیان تورکیان دەزانی.

محەمەد عەبدالوەهاب بە مانای پڕاوپڕی ووشەکە، کەسێکی بیر ئازاد بوو کە هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی سوننە گەرییانە و شیعەگەرییانەی نەبوو. ئەمەلەحاڵێکدا بوو کە زۆربەی سونییەکان و هەندێک لە موفتییە سونییەکانیش، شیعەکانیان بە کافر دەزانی. شێخ محەمەد هێندە پابەندی چوار مەزهەبەکە (شافعی، حەنەفی، حەمبەلی و مالکی _ وەرگێڕی فارسی) نەبوو. لەوبارەیەوە دەیگوت : ئەوەی کە خوا لە قورئاندا فەرموویەتی بەسە بۆ ئێمە.

کورتە چیرۆکی چوار مەزهەبەکە بەمجۆرەیە : سەدەیەک پاش لەمەرگی پێغەمبەر، چەند زانایەکی ئیسلامی لە کۆمەڵگەئیسلامییەکاندا پەیدابوون کە چوار کەسیان بوونە پێشڕەوانی ئەهلی سوننە. ئەو چوارکەسەیش بریتی بوون لە (ابوحنیفه )، (احمد حنبل)، (مالک) و (محمد ابن ادریس شافعی). خەلیفە عەباسییەکان، موسڵمانانیان ناچار دەکرد کە پەیڕەوی لەیەکێک لەو چوار کەسە بکەن و ڕێگایان نەئەدا کە زانایەکیتر، هەرچەندەیش کە زۆر خوێندنەوە و تێگەیشتنی لەبارەی قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە هەبوو بێت، بچێتە پلەوپایەی ئیجتهادەوە. عەباسییەکان ڕێگر بوون لەبەردەمی کردنەوەی دەرگای زانستە ئاینییەکاندا. ئەمەش ببووە هۆی بەستەڵەک (جمود)ی فکری لەنێوان موسڵمانانی سوننەمەزهەبدا. بەپێچەوانەشەوە، موسڵمانانی شیعە مەزهەب بەباشی کەڵکیان لەو سنورداری و کۆسپانە وەردەگرت کە سونییەکان لەسەر ڕێگای گەشەکردنی خۆیاندا دروستیان کردبوون. لەم لایەنەوە، شیعەکان لە پێوەرێکی فراواندا دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی خۆیان. سەرەڕای ئەوە کە لە سەدەی دووەمی هیجریدا ژمارەی شیعەکان یەک لەسەر سەدی سونییەکانیان پێکدەهێنا، بەڵام بەردەوام ژمارەیان زیادی دەکرد و لەگەڵ پەیڕەوانی سوننە مەزهەبدا بەرەو هاوسەنگی دەڕۆیشتن. ئەمە شتێکی ئاسایی بوو، چونکە ئەو ئیجتهادەی کە شیعەکان بڕوایان پێی هەبوو، بەبەردەوامی دەبووە هۆی نوێبوونەوەی زانستی موسڵمانەکان، نوێبوونەوەی فقەی ئیسلامی و نوێبوونەوەی تێگەیشتنی قورئان و سونەت و بەوهۆیەشەوە ئاینی ئیسلامیان لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا دەگونجاند. ئیجتهاد چەکێک بوو کە دژی دۆگماتیزم بەکار دەهێنراو دەبووە هۆی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی فکرەکانی ئیسلام. سنوردارکردنەوەی ئیسلام لە چوار مەزهەبەکەدا و داخستنی دەرگاکانی گەڕان و داواکاری موسڵمانەکان، گوێ کەڕکردنیان لە قسە تازەکان، گوێنەدان بە پێداویستییەکانی سەردەم، ئەو چەکە ڕزیووە بوو کە قەناعەتی بە موسڵمانەکانیتر نەدەکرد تابەدەستییەوە بگرن. ئاشکرایە کە لە کاتێکدا دوژمن چەکی نوێی لەدەستدا بێت و تۆیش بە چەکی ژەنگاوییەوە لەگەڵیدا بچیتە مەیدانی جەنگەکەوە، بە دڵنیاییەوە درەنگ یان زوو تێکدەشکێیت و دەیدۆڕێنی. بەپێی پێشبینی من، سونییە ئاقڵەکان، دەرگای ئیجتهاد بەڕووی موسڵماناندا دەکەنەوە و مژدەی ئەوەیش دەدەم کەئەم کارە تا سەدەی داهاتوو ئەنجام بدرێت و پاش لە سەدەیەک، زۆرینەی موسڵمانەکان لە شیعەکانی لایەنگری ئیجتهاد پێکدێن و سوننەکانیش دەبنە کەمایەتی.

بێمەوە سەر باسی لاوە خۆبەزلزان و بەرزەفڕەکە. مەبەستم لە شێخ محەمەد عبدالوەهابە : محەمەد توێژینەوە و خوێندنەوەی تایبەتی خۆیی لەسەر قورئان و حەدیس هەبوو. بۆ سەلماندنی ڕاستی بۆچوونەکانی خۆیشی، پشتی بە ووتەکان و بۆچونەکانی شێخەکان و زاناکانی ئیسلام دەبەست و دەیکردنە بەڵگەی سەلماندنی ڕاستی قسەکانی. ئەو نەک تەنها باسی لە باوەڕەکانی پاش ئەهلی سوننە دەکرد، بەڵکو بیروڕاکانی ئەبوبەکر و عومەریشی دەکردە بەڵگەی قسەکانی و شارەزایی خۆی لە بواری فقەی ئیسلامیشدا نیشاندەدا. هەندێک جاریش، ئەنجامگیرییەکانی بە پێچەوانەی بیروڕای زاناکانی ئیسلامەوە بوو.. شێخ هەمیشە دەیگوت :" پێغەمبەری خودا تەنها کتێب و سونەتی وەک بنەما نەگۆڕەکان بۆ بەجێهێشتووین، بەڵام هەرگیز نەی گوتووە کە ئەسحابەکان و زانا ئاینییەکان هەرچییەکان گوت، ئیتر ئەوە وەحی دابەزێنراوە و شیاوی دەستکاریکردن و گۆڕان نییە. کەواتە پێویستە لەسەرمان کە پەیڕەوی لە کتێب و سونەت بکەین، هەرچەندەیش کە زانایان و پێشەوای مەزهەبەکان و تەنانەت ئەسحابەکانیش لەو بارەیەوە بۆچوونێکیتریان هەبووبێت".

ڕۆژێکیان لە نێوان ئەو و زانایەکی شیعەدا کە لە ئێرانەوە هاتبوو، ڕەزای دارتاشیش میوانداری لێکردبوو، لە سەر سفرەی نانخواردنەکە مناقشەیەکیان دەستپێکرد. ئەوکەسە کە ناوی شێخ جەوادی قومی بوو، ناکۆکییەکی بناغەیی لەگەڵ محەمەد عبدالوەهابدا هەبوو = کە سەرئەنجام مناقشەکەیان بەزوویی گۆڕا بۆ توونددو تیژی

وبووه هۆی دڵئێشانیان لە یەکتری. من هەموو قسەو باسەکەیانم لە بیر نەماوە و تەنها ئەو بەشانەی کـە لــە یادم ماون، لێرەدا دەیان نووسمەوە :

شێخی قومی بەم ڕستانە باسەکەی خۆیی دەستپێکرد و بە محەمەد عبدالوەهابی گوت :" ئەگەر تۆ ئازادانە بیر دەکەیتەوە و بەوشێوەیەی کە باسی خۆت دەکەیت، گوایە توێژینەوە و خوێندنەوەی پێویستت لەســەر ئیــسلام هەیە، ئەی ئەوە چۆنە کەوەک شیعەیەک ڕێز لە (عەلی) ناگریت ؟".

محەمەد وەڵامیدایەوە :" لەبەر ئەوەی کە عەلیش هەروەک عومەر و ئەوانیتر قسەکانی بۆمن نەگۆڕنییە و من تەنها کتێب و سونەتم قەبوڵە".

ـ شێخی قومی :" ئەی پێغەمبەر نەیگوتووە : کە من شاری زانستم و عەلیش دەرگاکەمە (انا مدينة العلم و علــي بابها) لێرەوەیە کە پێغەمبەر جیاوازییەکی لە نێوان عەلی و ئەسحابەکانیتردا کردووە".

ـ محەمەد عبدالوهاب :" ئەگەر وایە، کەواتە پێغەمبەر دەبووایە بیگوتایە : کتێب و عەلی کـوڕی ئەبوتالیببیــشم بۆ بەجێهێشتوون".

ـ شێخی قومی:" بەڵێ ڕاستە و ئەوەیشی وتووە. لەو شوێــنەدا کــە دەڵــێت : کتــێب و بنەماڵەکــەم بــۆ ئــێوە بەجێهێشتووە (اني تارك فيكم ثقلين، كتاب الله وعشيرتي). ئاشکرایشە کە عەلی گەورەی بنەماڵەکەی پێغەمبەرە".

محەمەد عبدالوهاب نکوڵی لەم حەدیسە کرد، بەڵام شێخی قومی بە بەڵگەی تــەواوە ســەلماندی کــە عــەلی جێگری پێغەمبەرە. محەمەد عبدالوهاب کە لەو بارەیەوە بێدەنگەی لێکرد و وەک دەرکەوت وەڵامێکی بەرانبەر بە شێخی قومی پێنەبوو، بەڵام لە پڕێکدا بە ناڕەزایەتییەکــەوە بــە شــێخی گــوت :" پــێغەمبەر تــەنها قورئــان و بنەماڵەکەی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، کەواتە چارە چییە ؟". شێخی قومی وەڵامی دایەوە :" سونەت ڕوونکردنــەوە و ڕاڤەکردنی کتێبەکەی خودایە، شتێکی لەمە زیــاتر نییــە. پــێغەمبەری خــوا فەرموویــەتی کتــێبەکەم، خــواو بنەماڵەکەم، واتە کتێبکەی خوا لەگــەڵ شــەرح و تەفــسیری ئەودایــە کــە نــاونراوە ســونەت، مەجالــێک بــۆ دووبارەکردنەوەی سونەت نەماوەتەوە".

محەمەد عبدالوهاب وتی :" بە پێی قسەکاتی تۆ بێت (عترت ــ عائلي)، یــان ئــەهلی بــەیتیش تەفــسیری قــسەی خودایە، ئەی ئەمە بۆچی بۆ دەقی حەدیس زیادکراوە".

شیخی قومی وەڵامی دایەوە :" پاش لە مردنی پێغەمبەری خوا، ئومەت پێویستی بە شەرح و تەفسیرێکی گرنگــی قورئان هەبووە، چونکە ئەحکامەکانی پێیویستیان بە گونجاندن هەبوو لەگەڵ هەلومەرجی ژیاندا. لەم ڕووەوە بوو کە پێغەمبەر بە پێشبینیکردنی داهاتوو، کتێبەکەی خوای بە بنەمایەکی نەگۆڕ زانیــووە، ئــەهلی بــەیتیش وەک موفەسیرکەران و ڕونکەرەوەکانی ئەو کتێبە، سپاردوویەتی بە پێداویستییەکانی سەردەمی ئومەت".

چێژێکی زۆرم لەم گفتوگۆیانە وەردەگرت و سەرم لێیان سوڕدەما. بینیم کە محمەد عبدالوهاب لــە بەرانبــەر شێخ جەوادی قومیدا کە پیاوێکی بەتەمەن بوو، وەکو ئەو باڵندەیە لێهاتبوو کە دەبێت بە داوی ڕاوچــییەکەوە و ئیتر توانای فڕینی نامێنێ، تەنها ئەوە نەبێت کە لەشوێنی خۆیدا باڵەتەپە دەکات.

پاشماوەیەک لە ئاشنا بوون و مامەڵە کردنم لەگەڵ محەمەد عبدالوهابدا، بەو ئەنجامە گەیشتم کە کەسێکی بەتواناو شیاوە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا. گیانی خۆ بەزلزانی، لەخۆبایی بوون، پلەو پایەخوازیەکەیی و دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ زانایــانی ئــاینی و مەرجەعــەکانی ئیــسلامدا، بــە ئاستــێک گەیشتبوو کە خەلیفەکانی ڕاشیدینیشی دەخستە ژێــر ڕەخنــەوە. ئەنجامگیرییــەکانی ئــەو لەســەر قورئــان و حەدیسەکان کە جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ واقعدا هەبوو، گەورەترین خاڵی لاوازی ئەو بوو کە دەکرا کەڵکیان لێوەربگیرێت و بقۆزرێتەوە.

ئەم لاوە مەغرورە لە کوێ و ئەو زانا پیرەمێردە تورکەی دانیشتووی ئەستەنبوڵ لە کوێ کە هــەرگیز هــیچ گۆڕانکاریەک لەبیروڕاو ڕەفتاریدا بەرانبــەر بەهــەزار ســاڵ لەوەپــێش ڕووی نــەدابوو. پیرەمــێردە حەنــەفی

مەزهەبەکەی ئەستەنبولْ، کاتێک کە دەیویست ناوی ئەبوحەنیفە بهێنێت، هەڵدەستا و دەستنوێژی دەگرت. یان بۆ نموونە، لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەی (صحيح البخاري) دا کـە یەکـێکە لەسەرچـاوە باوەڕپـێکراوەکانی سوننەکان، زۆر ڕێزی لێدەگرت و ئەوەی کردبووە فەرز کە دەبوایە پێش لەوەی دەست ببات بۆ کتێبەکە، ئەچوو دەستنوێژی دەگرت و پاشان دەیخوێندەوە. شێخ محەمەد عبدالوهاب ڕێـک بـە پێـچەوانەی شـێخ ئەحمـەدی ئەستەنبولْییەوە بوو. محمەد عبدالوهاب سوکایەتی بە ئەبوحەنیفە دەکرد و هیچ ڕێزێـکی بـۆ دانـەدەنا. ئـەو دەیگوت :" من زیاتر لە ئەبوحەنیفە دەزانم" و پێیشی وابوو کە نیوەی کتێبی (صحيح البخاري) شـتی بـێ مانــاو قسەی پووچە.

بەهەرحالْ، پەیوەندی خۆمم لەگەڵ محەمەدا خۆش و پتەو کـرد و وورده ووردە برادەرایەتییــەکی بەهــێز لــە نێوانمادا دروست بوو. من بە بەردەوامی ئەوەم بەگوێی محەمەددا دەدا کە : خوا بەهرەیەکی گەورەو بلیمەتانەی پێبەخشیویت کە لە عەلی و عومەریش گەورەتر و بەتوانا تریت. پـێم دەگـوت کـە :" ئەگـەر تـۆ لەسـەردەمی پێغەمبەردا بژیبایتایە، بە دڵنیاییەوە دەکرایت بە جێنشینی ئەو". هەمیشە بە شێوەیەکی دڵخوازانــەو ئـارەزو مەندانە قسەم لەگەڵدا دەکرد و دەمگوت کە :" هیوادارم ئەو ئالۆگۆڕەی کە دەبێت بەمزووانە لە ئاینی ئیـسلامدا ڕوو بدات، لەسەردەستی تۆدا بێت، چونکە تەنها تۆ دەتوانیت ئیسلام لەم دارمانەی کە ئێستا دا لەگەڵیدا بەرەو ڕووبەڕوو بووەتەوە، ڕزگار بکەیت. هەمووان چاوی هیوا و ئومێدیان بڕیوەتە تۆ تا ئاینی ئیسلام لە هــەرەس و دارمان ڕزگار بکەیت".

لەگەڵ محەمەددا ژوانێکمان دیاریکرد، بەو مەبەستەی کە لەسەر تەفسیرکردنیی قورئان، لەسەربنەمای هــزرە نوێیەکان، نەک لەسەر بنەمای بیرو باوەڕی ئەسحابە و پێشەوایانی ئاینی ئیسلام، زانا و موفسیرەکانی قسەو باس و گفتوگۆیەک بکەین. پێکەوە قورئانمان دەخوێندەوە و قسەو باسمان لەسەر دەکرد. نەخشەکەی من ئــەوە بوو کە بەهەرشێوەیەک بووە محەمەد بخەمە داوی وەزارەتی مستعمراتی ئینگلیزەوە.

محەمەد کە کەسێکی بەرزە فڕ و خۆپەرست بوو، توانیم کە پلەبەپلە بیخەمە ژێر کاریگەری قسەکانی خۆمەوە تا ئەو ڕادەیەی کە بەخەیاڵی خۆی و بۆ سەرنجراکێشانم، خۆی لەوە بەکەمتر بەمن دەناساند کە لە ڕاستیدا لە خۆیی ڕادەبینییەوە.

جارێکیان لێم پرسی کە :" ئایا جیهاد واجبە ؟". وەڵامی دایەوە :" ئەی چۆن واجب نییە. ئەی خودا نافەرمێت : لەگەڵ کافرەکاندا بجـەنگن". منـیش وتم :" خـودا دەفەرمـێت لەگـەڵ کافرکـان و منافقەکانـدا، واتــە لەگــەڵ هەردووکیاندا شەڕ بکەن. ئەگەر جیهاد لە دژی کافرەکان واجبە، ئەی بۆچــی پـێغەمبەر خــۆی شــەڕی لەگــەڵ منافیقەکاندا نەکرد ؟". محەمەد وتی :" ئاخر خۆ جیهاد هەر لە مەیدانی جەنگدا نییە. پێغەمبەر بــە کـردار و بــە ڕەفتار جەنگی لەگەڵ منافقەکاندا دەکرد". منیش گوتم :" کەواتە لــەم حاڵەتــەدا، جیهـاد لەگــەڵ کافرەکــان و منافقاندا بەکردار و بە ڕەفتار واجبە". محەمەد وەڵامی دامەوە و وتی :" نەخێر ! چونکە پـێغەمبەر لــە مەیـدانی جەنگیشدا دژ بەکافرەکان جیهادی کردووە". منیش وتم :" جــەنگی پـێغەمبەر لەگــەڵ کافرەکانــدا بەمەبەسـتی بەرگریکردن بووە لە خۆی، چونکە کافرەکان دەیانویست بیکوژن". محەمەد وەک نیشانەی هــاوڕابوونی لەگــەڵ قسەکانمدا، سەری بۆ قسەکانم لەقاند وئینجا من هەستمکرد کە لە کارەکەمدا سەرکەوتنم بەدەستێناوە.

ڕۆژێکیتر پێم گوت :" ئایا ڕێگا بە سیغەکردنی ژنان دراوە ؟". محەمەد عبدالوەهاب لەوەڵامدا وتی :" هــەرگیز :. منیش وتم :" ئەی بۆچی قورئان ڕێگای بەوەداوە کە چێژ لە ژنان وەربگیرێت و لە بەرانبەریشدا کرێ و هــەقی خۆیان بدرێتێ ؟ ــ فما استمتعتم به منهن فاتوهن اجروهن ــ ئایەتی 24 لە سورەتی النساء". محەمەد لەوەڵامــدا وتی :" بەڵێ ! بەڵام عومەر متعەی حەرامکردووە (موتعە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا حەڵاڵ بــوو، مــن حــەرامی دەکەم و هەرکەسێکیش ئەم کارە بکات سزای دەدەم ــ متعتان كنتا علي عهد الرســول الله وأنـــا أحرمهـــا و أعاقــب عليهما). پێم گوت" سەیرە ! ئەی تۆ چۆن خۆت لە عومەر بەزیرەکتر دەزانیت ؟ ئەمە لە حاڵێکدایە کــە خۆیــشت

پەیڕەوی لە قسەکانی ئەو دەکەیت. ئاخر عومەر بەچ هەقێک دەلێت کە : پـێغمبەر حـەلالّی کـردووە و منـیش حەرامی دەکەم. ئەی تۆ بۆچی حوکمەکانی قورئانت لەبیری خۆت بردووەتەوەو تەسـلیمی بیروڕاکـانی عومـەر بوویت ؟". محەمەدلەبەرانبەر ئەم قسانەمدا بێدەنگ بوو. ئەو بێدەنگییەشی نیشانەی ڕازی بوون و هاوڕابوونی بوو لەگەلّ قسەو پرسارەکانمدا. پاش ئەوەی کە لە سەر مەسەلەی سیغەکردن قەتاعەتم پێکرد، ئینجا دەستمکرد بە بزواندنی غەریزە سێکسییەکانی. لەبەرئەوە کە لاوێکی زگورتی و بێ هاوسـەر بـوو، ئـەوجا سـەری قـسەم لەبارەی سیغەکردنەوە بۆکردەوە و لێم پرسی :" ئایا تۆ حەزت لە سیغەکردن هەیە و تام وچێژی لێوەردەگریت ؟". بینیم کە وەک نیشانەی ڕازیبوون و هاوڕابوونی لەسەر سیغەکردن، سەری داخـست و لەوبارەیـەوە هیـچی نەگوت.

ئالەو کاتەدا من بە باشترین هەلەکانی مەئموریەتەکەم گەیشتبووم. بەلێنم دایە کە ژنێکی بـۆ سـیغە بکـەم. تەنها نیگەرانی من لەو ڕووەوە ئەوە بوو کـە محەمـەد لـە سـونییەکانی بەسـرەبوو کـە سـونییەکانیش دژی سیغەکردن بوون، خەمی ئەوەم هەبوو کە ترسێک بکەوێتە دلّی محەمەدەوە و لە سیغەکردنەکە پەژیوان ببێتەوە، بەلام دلّنیایشم کرد کە ئەم شتە بەنهێنی دەمێنێتەوە و تەنانەت نـاوی ئـەویش بەژنەکـە نالـێم. پـاش ئـەو گفتگۆیەمان، من یەکسەر ڕۆیشتم بۆ مالّی ژنە سۆزانییەک کـە نـاوی (نـصراني) بـوو. ئەوژنـە بـە ئاگـاداری وەزارەتی مستعمرات لە شاری بەسـرەدا لەشفرۆشـی دەکـرد و لاوە موسـلّمانەکانی تووشـی فەسـاد دەکـرد. مەسەلەکەم بۆ ئەوژنە باسکرد و پاش ئەوەی کە ڕازی بوو بە سیغەکردنەکە، ناوی (صفیە) م بۆ دۆزیەوە و بڕیار بوو کە لەگەلّ شێخدا پێکەوە بڕۆین بۆ مالّیان. پاش لەڕازیبوونی شێخ، لە ڕۆژی دیاریکراودا چووین بۆ مـالّی صفیە. جگە لە خاوەن مالّ، هیچ کەسێکیتر لە مالّەوە نـەبوو. پـاش ئـەوەی کـە محەمـەد کرێـی سـیغەکردنی هەفتەیەکی دایە و مۆری سیغەکردنەکەیش سکەیەکی ئالّتونی بوو، بۆماوەی یەک هەفتـە صـفیەی سـیغەکرد. بەکورتیەکەی، صفیە لە ناوە و منیش لەدەرەوە دەست بەکار بووین بۆ ئامادەکردنی محەمـەد عبـدالوهاب تـا کارەکان و ئامانجەکانی داهاتوومانی پێئەنجام بدەین. صفیە، تامی شیرینی خستنە ژێرپـێی ئـەحکامی ئـاین، سەربەستی فکری و ئازادی بە محەمەد چەشتبوو.

ڕۆژی سێیەمی پـاش لـە سـیغەکردنەکە، محەمـەد عبـدالوەهابم بینییـەوە. دووبـارە قـسەو باسـەکانمان دەستپێکردەوە. ئەمجارەیان گفتگۆکەمان لەسەر حەرامکردنی شەرابوو لـە ئیـسلامدا. بڕیارمـدا ئـەو ئایـەت و حەدیسانە ڕەتبکەمەوە کە ئەو لەسەر حەرامکردنی شەراب بڕوای پێیان هـەبوو. پـێم گـوت :" ئەگـەر شـەراب خواردنەوەی معاویە، یەزد و خەلیفەکانیتری بنی ئومەییە و بنی عەباسیش بەڕاست بزانین، ئەدی چۆن دەبێت ڕەوابێت کە ئەم پێشەوایانەی دین، هەموویان فێلّباز بن و تەنها تۆ بەڕێگای ڕاستدا بڕۆیـت ؟ بـێگومان ئـەوان لەمن و تۆ باشتر لە کتێبی ئاسمانی و سونەتەکانی پێغەمبەر تێگەیشتوون و زانیویانە. بەم پـێیەش دەکرێـت بلّێین کە تێگەیشتنی ئەوان لە حوکمەکانی خوا و سونەت، حەرامکردنی شەراب نەبووە، بەلّکو حەزلـێنەکردن و بێزاری ئەوان بووە لە شەراب خواردنەوە. جگە لەوەش، لە کتـێبە پیرۆزەکـانی یـەهود و مەسـیحدا، کێـشەی شـەراب خواردنـەوە ڕوونکراوەتـەوە. ئـەوە لـە حالـێکدایە کـە ئـەم ئاینانـەش، ئـاینی خـودایی بـوون و پێغەمبەرەکانیشیان لەلایەن ئیسلامەوە تەیدکراوە. ئەی ئەوە چۆنە کە تەنها لـە ئـاینێکی خوداییـدا شـەراب حەلالّ کراوە و لە ئاینێکیتریاندا حەرامکراوە ؟ ئایا ئەم ئاینانە هەموویان ئاینی هەق نین و لەلایەن خوای تاک و تەنهاوە نەنێردراون ؟ ئێمە ڕیوایەتێکمان لەبەردەستدایە کەدەیسەلمێنێت عومەریش شەرابی خواردووەتەوە هەتا ئەو کاتەی کەئایەتێک لەوبارەیەوە دابەزیووە (ئایا تۆ دەست لە شەراب خواردنەوەو قومار هەلّدەگریت ـ وهل انتم منتهون ـ سورەی الاعراف ئایەتی 91 ) ئەگەر شەراب خواردنەوە حەرام بووە، ئـەی بۆچـی پـێغەمبەر گوناهی شەراب خواردنەوەی داوەتە پالّ عومەر، ئەمە لە کاتێکدایە کە عومەر لەسەر ئەو گوناهەی سزا نەدراوە و ئەمەیش بەلّگەیە بۆ حەلالّ بوونی شەراب".

محەمەد بەوردی گوێی بۆ قسەکانم ڕاگرتبوو. پاشان دەمی کردەوە و وتی :" لە خەبەرکانی ئەو ڕۆژگارەیشدا هاتووە کە عومەر شەرابی لەگەڵ ئاودا تێکەڵ کردووە تاکو تایبەتمەندی مەستکردنی لێدەربچێت و پاش ئەوەی کە ئەلکهولەکەی کەمکردووەتەوە، ئینجا خواردوویەتییەوە. لەو ڕووەیشەوە بوو کە دەیگوت شــەراب حەرامــە، نەک خودی شەراب. شەرابێک کە سەرخۆشت نەکات، ئەوا ئەو شەرابە حەرام نییــە". شــێخ لــە ئاڕاســتەکردنی بیروبۆچوونەکانی خۆیدا لەمەڕ شەراب خواردنەوە، ئەنجامگیرییەکەی عومــەری دەکــردە مــەدلولی ڕاســت و دروستی ئایەتەکە، چونکە خوا دەفەرمێت :" شەیتان دەیەوێت لە ڕێگای شەراب و قومارەوە دوژمنایەتی وکینــە لە نێوانتاندا دروست بکات و خوا و نوێژتان لەبیر بباتەوە ـ انما یرید الشیطان والبغضاء فــي الخمــر والعــسیر ویصدکم عن ذکر الله وعن الصلات). ئەگەر شەرابێک سەرخۆشت نەکات و ئەوئەنجامە خراپانەی لــێنەکەوێتەوە، ئەوا حەرام نییە".

ئەو قسەو باسانەی کە لەبارەی شەراب خواردنەوە لەگەڵ محەمەددا کردبووم، هەموویم بۆ صفیە گێڕایەوە و جەختم لەسەر ئەوەکرد کە هەلەکەم قۆستووەتەوە و هــەتا دەتوانیــت شــەرابی بــدەرێ و شــێخ بــە تــەواوی سەرخۆشی بکە. ڕۆژی دواتر صفیە پێی وتم کە پێکەوە شەرابێکی زۆریان خواردووەتەوە و شــێخ محەمــەد وای لێهاتووە کە خۆیی لەسەرپێ بۆڕانەگیراوە و لە کۆتایی شەویشدا چەندین جار هەوڵیداوە کە کــاری سێکــسی لەگەڵدا بکات، بەڵام توانای ئەو کارەی نەبووە. بەکورتی من و صفییە توانیمان کە بەتەواوی زاڵ بــبین بەســەر ئەقڵ و ئارەزووەکانی شێخدا. لەو کاتەدا بوو کە قسە زێڕینییەکانی وەزیری مستعمرات هاتەوە یادم کە لەکاتی خودا حافیزیدا پێی گوت بووم :" ئێمە بەهۆی شەراب و فەساد توانیمان کە ئیسپانیا لە کافرەکان ـ مەبەستی لە موسڵمانەکان بوو ـ بستێنینەوە و دەبێت هەموو وڵاتاکــانیتریش بــە پــشتبەستن بــەم دوو فاکتــەرە بەهــێزە، بگێڕینەوە ژێردەستی خۆمان".

لەدرێژەی قسەو باسەکانماندا لەبارەی ئاینەوە، ڕۆژێکیان لەگەڵ شێخ محەمەددا باسی ڕۆژوگرتنم هــێنایە کایەوە و پێم گوت :" قورئان دەڵێت :ئەگەر ڕۆژو بگریت باشترە ـ ان تصموا خیرلکم ـ لەبەرئەوە، ڕۆژوگرتن لە ئیسلامدا دڵخوازانەیە نەک واجب". لەو کاتەدا شێخ بــە شــپرزەییەوە پــێی وتم :" تــۆ دەتەوێــت مــن لــەدین هەڵبگێڕیتەوە !". منیش پێم گوت :" محەمەد ! ئاین هیچ شتێک نییــە جگــە لــە دڵخۆشــی، ســەلامەتی گیــان و هاوسەنگییەکی دەرونی. ئەم حاڵەتەیش مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە دەستدرێژی و تەعداکردن بۆسەرکەســانیتر. باشە ئەی مەسیح نەیگوتووە کە: دین عەشقە و ئەمەش لە قورئاندا هاتووە ـ پەروەردگارت بپەرستە تا دەستت دەگات بە یەقین ـ واعبد ربک یاتیک الیقین" ئێستا ئەگەر مرۆڤێک دەستی بە یەقین ڕاگەیشتبــێت، بــڕوای بــە خودای دەسەڵاتدار هەبێت، دڵی پڕ بووبێت لە بڕواو کردەوەی باش ئــەنجام بــدات، ئیتــر چ پێویــستییەکی بــە ڕۆژوگرتن هەیە ؟ چونکە بە بەرزترین پلە و پایەی مرۆیی خۆی گەیشتووە".

محەمەد عبدالوەهاب، ئەمجارەیان بە توندی نکوڵی لە قسەکانم کرد و قسەکانمی بە توندی ڕەتکــردەوە و بێزاری خۆی لە قسەکانم دەربڕی. جارێکیتریشیان پێم گوت کە :" نوێژ واجب نییە"، لێی پرسیم" بۆچــی ؟". وتم :" خوا لە قورئاندا دەڵێت :نوێژ لە بەرئەوەیە کە ناوی منتان لەبیر نەچێتەوە و ناوی من فــەرامۆش نەکــەن ـ واقم الصلات لذکري ـ کەواتە مەبەست لەنوێژکردن لەبیر نەچوونەوەی ناوی خوایە و تــۆیش دەبــێت لــەباتی نوێژ کردن، ناوی خوات لەسەر زار و لە یاد بێت". محەمەد وتی"" بەڵێ گوێم لێبووە کــە هەندێــک لــەزانایانی ئاینی لە کاتەکانی نوێژدا تەنها ناوی خودا دووبارە دەکەنەوە و ئیتر نوێژ ناکەن". زۆر خۆشــحاڵ بــووم بــەم دانپیانان (اعتراف) ەی محەمەد، بەڵام تا ماوەیەک خۆم لەوە لائەدا کــە پــێی بڵــێم واز لــە نوێــژکردن بهــێنە و نوێژمەکە. محەمەد بە دوای ئەوەدا، جار نە جارێ نوێژی دەکرد، بە تایبەتی نوێژی بەیانیانی نەدەکرد، چونکە شەوانە هەتا درەنــگ نەدەخــەوتین. هەرلەبەرئــەوەیش بــوو کــە بــەیانیان زوو توانــای هەســتان لەخــەو و دەستنوێژگرتنی نەبوو.

بەکورتییەکەی  توانیم کە وردە وردە بەرگی ئیمان لەبــەری شــێخدا دابکــەنم. هەمووڕۆژێــک درێــژەمان بــە قسەوباسە بەتام و بەچێژەکانمان دەدا. جارێکیان، ســەرئەنجام باســەکەم هــێنایە سەرپــێغەمبەر، بــەڵام  لــە ناکاودا  ڕوخساری گۆڕاو بێمەیلی خۆی لە چوونە سەر باسی پێغەمبەر دەربڕی و پێی وتم :" ئەگەر سـوکایەتی بە پێغەمبەری خوا بکەیت، ئەوا پەیوەندییەکەمان تێکدەچێت و پەیوەندیمان نامێنێت". منیش لەترسی ئــەوەی کە هەرچییەکم ڕستووە نەبێتەوە بەخوری، باناچاری بابەتەکەم گۆڕی و هیچ قسەیەکم لەبارەی پــێغەمبەرەوە نەکرد.

لەوە بەدوا، ئامانجی من ئەوە بوو کە هزری ڕابەری و پێشەوایەتی لە کەسایەتی محەمەد عبدالوهابدا دروست بکەم.  هاتمە سەر ئەو قەناعەتەی کە شۆڕشبمەوە بە ناخ و ڕۆحیدا و ڕێگای سێیەم، واتــە جگــە لــە مەزهــەبی شیعەو سوننە  بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری موسڵمانان بخەمە بەردەمی شێخ محەمەد عبدالوهاب. بـۆ گەیــشتن بەو ئامانجەش، دەبوایە کە مێشکی لەهەموو ئەو ئەوشــتانە پــاک بکەمــەوە کــە پــێی گۆشـکرا وە و تووشــی دەمارگیری کوێرانەی کردووە  و لە ئەنجامیشدا هەستی بیر ئازادی تێدا بەهێز بکەم. صفیە یش بـۆ ئــەم کــارە گرەنگە هاوکاری دەکردم، چونکەمحەمەد شێت و شەیدای ئەو بووبوو، و هەموو هەفتەیــەکیش ســیغەکەی نــوێ دەکردەوە. بەکورتیەکەی، صفیە هۆش و ئارامی لە بەر شێخ بریبوو.

لەیەکێک لە دیدارەکانماندا، بەشێخم گوت :" ئایا ئەوە ڕاستە کە پێغەمبەر لەگەڵ ئەسحابەکانیدا هاوڕێــیش بووە ؟" وتی :" بەڵێ" لێم پرسی :" ئایــا حوکمــەکانی ئیــسلام هەمیــشەیین یــاخود کــاتین ؟" وتی :" بــێگومان هەمیشەیین، چونکە پێغەمبەر فەرمویەتی : حەلاڵی محەمەد  هەتا ڕۆژی قیامەت حەڵاڵە و حەرامی ئــەویش تــا ڕۆژی قیامەت حەرامە ـ حلال محمد حلال الي يوم القيامة وحرام محمد حرام الي اليوم القيامة". پاشان پــێم گــوت :" کەواتە دەبێت ئێمەیش پابەند بین بە سونەتەکانی ئەوەوە و لەگــەڵ یــەکتردا هــاوڕێ و بــرادەربین". ئــەویش پێشنیارەکەمی قبوڵ کردم و پاش ئەوە، ئیتر لەهەمووشتێکدا پێکەوە بووین.

بەردەوام هەوڵی ئەوەم دەدا کە ئەو درەختی میوەیەی  ناشتبووم و خۆشەویــسترین ڕۆژەکــانی تــافی لاویــیم کردبووە قوربانی سەوز بوون و گەشەکردنی ئەو، هەرچی زووتر بەرهەمەکەی بچنمەوە.

هەروەک ڕابردوو، هەموو مانگێک ڕاپۆرتی کارەکــانی خــۆم دەنــاردەوە بــۆ وەزارەتی مــستعمرات. ڕاپــۆرت نووسین خوییەک بوو کە لە هەمان سەرەتای دەست بەکار بوونمەوە لەگەڵیدا ڕاهــاتبووم و لــە ســاتەوەختی دەرچوونمەوە تا گەڕامەوە بۆ لەندەن، لەناردنی ڕاپۆرتەکاندا کەمتەرخەمیم نەدەکرد. ئەو وەڵامانەی کە لــە لەندەنەوە پێمدەگەیشتن، هەموویان هاندەرو هیوا بەخش بوون و سوورتریان دەکردم لەسەر ئەنجامدانی ئــەو ئەرکەی کە پێم سپێردرا بوو. ئەو ڕێگایەی کە لەبەردەمی من و محەمەد دا بوو، بەخــێرایی دەمــانبڕی. هــەرگیز وازم لە محەمەد نەدەهێنا و بە شوێن ئەوەوە بووم کە گیانی ئازادی و گومان لە بیروڕاکانیــدا بەهــێزتر بکــەم، هەمیشە هیواو ئومێدی ئەوەم پێدەبەخشی کە ئەو دواڕۆژێکی ڕووناک و پرشنگداری هەیە و لە بــارەی توانــایی شکانیشییەوە بەسەر مەسەلە ئاینییەکاندا، هەمیشە بە شان وباڵیمدا هەڵدەدا. جارێکیان بەدرۆ پێم گوت :" ئەم شەو لە خەومدا پێغەمبەر بینی کە لەگەڵ ژمارەیەک لەو  مەلایانەی کە لە مینبەرەکانەوە وەسفی ئــەو دەکــەن، لەسەرکورسییەک دانیشتبوو، دەوروبەری پڕ بوو لە زانایان و پیاوەگەورەکان، بەڵام من هیچیانم نەدەناسی. لە ناکاودا تۆیش هاتیتە ژوورەوە و ناوچاوانت نوری لێدەباری، کاتــێک کــە گەیــشتیتە لای پــێغەمبەر، ئــەویش بەڕێزەوە هەستا و ناوچاوانتی ماچکرد و پێی گوتیت : ئەی مەحەمــەدی هاونــاوی مــن ! تــۆمیراتی زانــست و جێنشینی منیت لە بەڕێوەبردنی کارو باری دین و دنیای موسڵماندا". تۆیش گوتت :" ئەی ڕەســوڵی خــودا، مــن لەوە دەترسم کە ئەو هەموو  زانست و زانیاریەی  هەمە بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەم !." پێغەمبەر فەرمووی :"  ئــەی محەمەد ! لەوە دوو دڵمەبە، چونکە تۆ لەوە بڵندتریت کە خۆت بیر لە توانابیەکەت دەکەیتەوە !".

کاتێک کە محمەد عبدالوهاب ئەفسانەی خەوە درۆیینەکەمی گوێ لێبوو، هەرخەریک بوو لە خۆشییاندا باڵ بگرێت. لە بارەی خەوە درۆینەکەمەوە لێی دەپرسیم"" ئایا تۆ ڕاستگۆیت لەگێڕانەوەی خەوەکانتدا ؟". منیش پێم دەگوت کە لە ڕاستگۆییم دڵنیابە. لە هەمان چرکەساتی گێڕانەوەی خەوە درۆینەکەمدا، بەتەواوی هەستم بەوەکرد کە محەمەد بڕیاری پەیگیرانەی خۆی داوە بۆ ڕاگەیاندنی مەزهەبە نوێیەکەی خۆی.

# بەشی پێنجەم

لەگەرماوگەرمی ئەمڕۆژانەدا بوو کە نامەیەکم لە لەندەنەوە پێگەیشت و داوایان لێکردبووم کە بەزوویی سەفەر بکەم بۆ شارە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا، واتە ئەو شوێنانەی کە قیبلەی ئاوات و هیوای شیعەکان و ناوەندی زانستی ئاینی و ڕۆحانییەکانە. لەسەرەتادا بە پێویستی دەزانم کە ئاماژەیەکی هەرچەندە کورتیش بێت بە پێشینەی ئەم دوو شارە پیرۆزە بکەم.

گرنگی شاری نەجەف خۆی لە ناشتن و بەژێرخاککردنی ئیمامی عەلی، واتە چوارەمین خەلیفەی موسڵمانەکاندا بەرجەستە دەکاتەوە و لە پاش مردنی ئیمامی عەلییەوە، ئەو شارە بەبەردەوامی بەرەو ئاوادان بوونەوە و فراوانبوونەوە دەڕوات. نەجەف لە کاتی کوشتنی ئیمامی عەلیدا، سەرزەوییەک بوو کە دەکەوتە 6 کیلۆمەتری شاری کوفەی ناوەندی خەلافەتەوە و دەتوانیت بەپیادە ماوەی نێوان کوفەو نەجەف بە یەک کاتژمێر ببڕیت. دوای کوشتنی ئیمامی عەلی، دوو کوڕەکەی ئەو (حەسەن و حسەین)، تەرمەکەیان بە نهێنی هێنایە ئەم شوێنەی کە ئێستا ناوی لێنراوە نەجەف و بەشەو کردیان بەژێرخاکەوە. ئێستا نەجەف یەکێکە لە شارە گەورەکانی وڵاتی ڕافیدەین و لە شاری کوفەیش گەورەترو ئاوادانترە. حەوزەی زانستی شیعە لە شاری نەجەفدایە. ژمارەی بازاڕەکان، قوتابخانەکان و خانووەکانی ئەم شارە، ساڵ بە ساڵ زیاد دەکەن. زانایانی ئایینی ئەم شارە لەلایەن خەڵکەوە ڕێزێکی زۆریان لێدەگیرێت. خەلیفەی عوسمانییەکانی نیشتەجێی ئەستەنبوڵیش، لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە هەمیشە بەهوشیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ شیعەکاندا دەکرد :

1 – پاشای ئێران پەیڕەوی لەمەزهەبی شیعە دەکات و ڕێزلێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش لە زانایانی ئاینی نەجەف، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندی دۆستانەی ئێران و تورکیا و ئەمەیش لە دوائەنجامدا ڕێگا لە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگرێت.

2 – عەشایرێکی زۆر لە دەوروبەری نەجەفدا دەژین کە هەموویان چەکدارن و لە پەیڕەوانی توند ڕەوی زاناو مەرجەعەکانی شیعەن. سەرەڕای ئەوە کە ئەوان مەشقی سەربازییان نییە و خەریکی کاروبارو ژیانی خێڵەکییانەی خۆیانن، بەڵام قەبوڵی سوکایەتیکردن بە زاناو مەرجەعەکانیشیان ناکەن و ئەگەر لە کاتێکدا سوکایەتی بە زاناکانیان بکرێت، ئەوا هەموویان لەدژی عوسمانییە سونە مەزهەبەکان یەکدەگرن و یاخی دەبن. لەبەر ئەوە، ئەوە کارێکی ئاقڵانە نابێت کە خەلافەتی ئەستەنبوڵ خۆیان بخەنە مەترسیەوە و سوکایەتی بە زانا ئاینییەکانی شیعەو مەرجەعەکانیان بکەن.

3 – زانایانی شیعە، لەسەرانسەری جیهانی شیعەدا مەرجەعییەتی تەواوەتیان هەیە.. لە وڵاتی هیند، وڵاتانی ئەفریقاو شوێنەکانیتردا، ئەگەر بێت و بچوکترین سوکایەتیان لەلایەن عوسماتییەکانەوە پێبکرێت، جیهانی شیعە تووشی بارگرژی و پشێوی دەبێت و ئەمەش لەقازانجی حکومەتی تورکیادا نابێت.

بێمەسەر باسی کەربەلا کە دووهەمین شاری پیرۆزی شیعەکانە. ئەم شارەیش لە پاش کوشتنی حسەینی کوڕ عەلی ئەبو تالیب و فاتمەی زەهراوە، ڕووی لە ئاوادانیکردووە. خەڵکی عێراق داوا لە حسەین دەکەن کە بۆ وەرگرتنی کاری خەلافەتی موسڵمانان لە حیجازەوە بچێت بۆ کوفە، بەڵام هەرکە حسەین وخێزانەکەی دەگەنە

کەربەلا، خەڵکی عێراق ڕای خۆیان دەگۆڕن و پشتی تێدەکەن و بە فەرمانی یەزید، خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکەن لەگەڵیدا.

یەزیدی کوڕی معاوییە، خەلیفەی ئەمەوی بوو کە لە شامدا حوکمی دەکرد. سوپاکەی ئەمەوی شەڕیان لەگـەڵ حسەین و بنەماڵەکەیدا کرد و سەرئەنجام هەموویان کوشتن. ئەم کارە ناجوامـێرانەیەی خـەڵکی عـێراق و ئـەم دڵڕەقییەی سوپاکەی یەزید، پەڵەیەکی ڕەشە بە تەختی تەوێڵی مێژووی ئیـسلامەوە. لـەو مـێژووە بـە دواوە، شـیعەکانی جیهـان کەربـەلایان کـردە ناوەنـدی زیـارەتکردن، عیبـادەت و شوێـنی پەیوەنـدییان بـە ڕۆحانییەکانیانەوە و لەهەموو لایەکەوە سەردانی ئەوێ دەکەن. کەربەلا هەندێک جار ئەوەندە قەرەباڵغ دەبێت کە هەرگیز لە مەسیحییەتدا کۆبوونەوە و قەرەباڵغیەکی لەو جۆرە، وێنەی نەبووە. لە شاری کەربەلادا زانایان و مەرجەعەکانی شیعە سەرقاڵی تەرویج کردنی بنەماکانی ئاینی ئیسلامن. قوتابخانەکانی پڕن لـە قوتابییـە دینییەکان. لە ڕاستیدا نەجەف و کەربەلا تەواوکەری یەکترین. دیجلە و فورات کە دوو ڕووباری گەورەی عـێراقن و لەشاخاکانی تورکیاوە سەرچاوە دەگرن، سەرزەمینی عێراق بـۆ کـشتوکاڵ ئامـادە دەکـەن و خەڵکەکەیـشی لەخۆشگوزەرانی بەهرەمەندن.

لەکاتی گەڕانەوەمدا بۆ لەندەن، پێشنیاری ئەوەم بۆ وەزارەتی مـستعمرات کـرد کـە سەرچـاوە و ڕێـچکەی دیجلەو فورات بگۆڕێت بۆ ئەوەی کە حکومەتی عێراق ڕام و دەستەمۆ بکات و بـەم هۆیەشـەوە خـەڵکی عـێراق ناچار بکرێن کە تەسلیم بە نەخشە ئیستعمارییەکانی ئینگلیز ببن.

لە جلوبەرگی بازرگانێکی دەشتەکیدا ڕۆیشتم بۆ نەجەف. چەند زانایـەکی ئـاینی ئـەم شارەیـشم ناسـی و دەستمکرد بە مامەڵە لەگەڵیاندا. لە کۆبوونەوە و وانـەو باسـەکانیاندا ئامـادە دەبـووم. کـەش و هـەوای زاڵ بەسەرکۆبوونەوەکانیاندا بەقوڵی سەرنجیان ڕادەکێشام. لەوەش گرنگتر، لەزۆربەی حەوزەکانیاندا، دڵپـاکی و ویژدان حوکمی دەکرد. چەند زانایەکی شیعەی زۆر داوێن پاک وکۆنسێرڤـێتیڤ (خۆپارێـز)م دۆزییـەوە، بـەڵام بەداخـەوە گیـانی نوێـخوازی و گونجانیـان لەگـەڵ گۆڕانکارییـەکانی سـەردەمدا تـێدا بـەدی نـەدەکراو گۆڕانکارییەکانی جیهان هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە فکریاندا بەدینەهێنابوو.

1- زاناو مەرجەعەکانی نەجەف بە توندی دژ بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان بـوون، ئـەویش نـەک لەبـەر ئەوەی کە ئەوان شیعە بوون و عوسمانیەکانیش سونە، بەڵکو لەبـەر ئـەوەی کـە دەسـەڵاتی عوسمانییـەکان دەسەڵاتێکی چەوسێنەرانە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کەچی ئەوان هزرو ئامانجێکی ڕوونیان بۆ ڕزگاربوون لە کۆتوبەندەکانی دیلێتی نەبوو.

2 – زانا ئاینیەکانی شیعەکان، زۆربەی کاتەکانی خۆیان تەرخان دەکرد بۆ وانە و باسی زانستە ئاینییەکان، بەڵام ئەوانیش هەروەک قەشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست حەزیان لە زانستە نوێیەکان نەبوو.ئەگەرشتێکیشیان بزانیبایە زۆر کەم بوو کەئەوەیش سوودێکی بۆیان نەبوو.

3 – زانا ئیسلامییە شیعەکان کەمترین زانیاریان لە بارەی ڕەوتە سیاسییەکانی جیهانەوە نەبوو، هـەروەها لەوبڕوایەشدا بوون کە پێکەوە گرێدانی فکر لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکاندا، شتێکی بێئەنجام و بێهودەیە.

لەدڵی خۆمدا بەخۆمم دەگوت :" ئەمانە لە چ ڕۆژ ڕەشییەکدا دەژین ! دنیـا لەخەوهەسـتاوە، کەچـی هێـشتا ئەمانە لە خەوی قورسی خۆیاندان و هێشتاخەبەریان نەبووەتەوە..با لافاوێکی بەهێز بێت و لەوپڕخەی خـەوە ڕایانپەڕێنێت". لەگەڵ چەند زانایەکی شیعەکاندا گفتوگۆم لەبارەی پێویستی هاتنە کایـەوەی جوڵانەوەیـەکی دژی خەلافەتی عوسمانی کرد، بەڵام ئەوان هیچ جۆرەئامادەییەکیان لە خۆنیشان نەدا و گوێی خۆیان لە قـسەو پێشنیارەکانم کەڕدەکرد. تەنانەت هەندێکیان گاڵتەیشیان پێدەکردم و بەو شـێوەیە تـەعبیریان لـە قـسەکانم دەکرد کە من دەمەوێت بارودۆخی جیهانی بگۆڕم و نەزمی دنیا تێکبدەم. زانای ئـاینی شـیعەکان وەک شتـێکی حەتمی و لە چارەنووس نووسراو دەیانڕوانییە خەلافەت و بڕوایان وابوو کە نابێت هـیچ هەنگاوێـک دژبـە ال

عوسمان هەڵبهێنرێتەوە، مەگەر پاش دووبـارە دەرکەوتنـەوە و گەڕانـەوەی مەهـدی کـە بـەبڕوای شـیعەکان دوازدەهەمین ئیمامە و لە ساڵی 200 دا بە منداڵی ونبـووە، بـەڵام هـەتا ئێـستایش هـەر لەژیاندایـە کـە لـە ئاخرەزەماندا دەردەکەوێتەوە و دنیای پڕ لە فەساد و چەوسـانەوە لـە نـاو دەبـات و عەدالـەت و دادخـوازی دەگێڕێتەوە بۆ دنیا.

سەرم لەوە سوڕما بوو کە گرووپێک لە هەڵبژێردراوان وزانایانی ئیسلام چاویان بڕی بووە خەون و خەیاڵێکی بێهودەی لەوجۆرە. هەر ڕێک وەک ئەوەی کە توێژێک لە مەسیحییەکان بڕوایان وایـە کـە بـۆ چەسـپاندن و جێگیرکردنی عەدالات لە دنیادا، دووبارە مەسیح دەگەڕێتەوە. بە یەکێک لە زانا ئاینییەکانی شیعەم گوت :"ئایا بڕوات بەوە نییە کە هەر ئێستا دەبێت لەدژی ناعەدالەتی خەبات بکەیت و عەدالـەت لەجیهانـدا دابمەزرێـنیت، هەروەک ئەوەی کە پێغەمبەر خەباتی لەدژی چەوسێنەران کرد ؟". لەوەڵامدا وتی :" خوا پێغەمبەری نارد بوو بۆ ئەوکارەو لەو ڕووەوە ئەو توانایی لەخۆی ڕادەبینییەوە". پێم گوت :" باشە ئەی لەقورئاندا نەهاتووە کە بـە شمشێرەوە لەدژ چەوسێنەران ڕاپەڕن و خەڵکیان لەدژ هانبـدەن ؟" ؟سـەرئەنجام لەوەڵامـدا پـێی وتم :" تـۆ پیاوێکیت کە پیشەکەت بازرگانییە و چوونە سەر ئەو باس و بابەتانەیش پێویستیان بە زانینی زانستـێکە کـە تێگەیشتنی تۆ لە ئاستیاندا نییە".

با بگەڕێمەوە بۆ نەجەف و لـەبارەی مەزارگەکـەی ئیمـامی عەلییـەوە قـسەبکەم. مەزارگەیـەکی شـکۆدارو گەورەیەو بە هەموو جۆرە نەخش و نیگارێکی جوان ڕازێنراوەتەوە. تـەلارەکانیش ڕازاونەتـەوە و گومەزیـەکی گەورەی لە زێڕی پوخت، لەگەڵ دوومنارەی بەرزی ئاڵتونی تێدا دروستکراوە. شیعەکان هەموو ڕۆژێـک دەسـتە دەستە دەچن بۆ زیارەتکردنی و نوێژی جەماعەتی تێدا دەکەن. بەوپەڕی تامەزرۆیی و بەشێوەیەکی دڵخوازانـە و لە ڕووی ئیخلاسەوە، لەبەردەم دەرگاکانی حەوشەکەیدا خۆیان دەدەن بە زەویدا و بەڕێزەوە بەر دەرگاکـانی ماچ دەکەن. پاشان سڵاو بۆ ئیمام دەنێرن و داوای ئیزنی چوونە ژوورەوەی لێدەکەن و کە چـوونە ژورەوەیـش، ئینجا کێلی گۆڕەکەی ماچ دەکەن. لە دەوروبەری مەرقەدەکەدا سەکۆیەکی گەورە هەیە کە بە بەرد دروستکراوە و شوێنی زانا ئاینییەکان و زیارتکەرە مەشهەدییە عەلەوییەکانە.

لەشاری کەربەلایشدا، دوو مەزارگەی بەناوبانگ هەیە کە هەردووکیان، بەکەمـێک جیاوازییـەوە، بەشـێوەی مەزارگەکەی ئیمامی عەلی دروستکراون. یەکەمیان مەرقەدی ئیمامی حسەینە و دووەمیشیان مەرقەدی حەزرەتی عەباسی برایەتی کە هەردووکیان لە کەربەلادا شەهیدکران. زیارەتکەرانی کەربەلایش، هەروەک زیارەتکـەرانی نەجەف، ڕۆژانە لەوێدا کۆدەبنەوە و و زیارەتی دەکەن. دیمەنی شاری کەربـەلا جـوانترە لـە دیمـەنی شـاری نەجەف.دەوروبەرەکەی بە باخ و باخات و درەختی خورما تەنراوە وچەند ڕوبارێکیش بە ناویاندا تێدەپەڕن.

کەلاوەکانی ئەم شارەو خرابوونی بارودۆخەکەی، هۆیەک بوون بۆ ئەوەی کە چاوی هیوای تێببڕین. دیمەنی بارودۆخی گشتی و ژیانی خراپ و نەخوازراوی خەڵکەکەی، پیشاندەری ئەوە بوون کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی چ تاوانێکیان لەبەرامبەر خەڵکی ئەم شارەدا کردووە. دەسەڵاتدارانی عوسمانی خەڵکانێکی چـاوقایم و نـەزان بوون کە هەرچییەکیان بویستبایە، بەبێ سڵەمینەوە ئەنجامیاندەدا و هەروەک ئەوەی کەخەڵکی عێراق کۆیلەی ئەوان بێت. کۆمەڵگای عێراق بەشێوەیەکی گشتی زۆر لە حکومەت ناڕازی بوون و هەروەک ئاماژەیـشم پـێدا، شیعەمەزهەبەکان، لەگەڵ ئـەوەدا کـە دەیـانبینی ئـازادی و عەدالـەتیان لـە دەسـت چـووە، بـەڵام شـانیان خستبووەژێر باری چەوسانەوەو ستەمی دەسەڵاتداراتی عوسمانییـەوە و لـەو ڕووەوە هـیچ کاردانەوەیـەکیان لەخۆیان نیشات نەدەدا. سونییەکانیش زۆر بەتووندی لە دەسەڵاتی والییەکانی تورک بەسەر هەموو کاروباری وڵاتەکەیاندا بێزارو ناڕازی بوون، بەتایبەتی کە سونییەکان خوێنی عروبە لە ڕەگەکانی خوێنیاندا هاتوچـۆی دەکرد و ژمارەیەک لەسەیدەکانیشیان کە لە بنەماڵەی پێغەمبەربوون، خۆیان لە والییەکانی عوسمانییەکان بە شایستەتر و شیاوتر دەزانی بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت لە وڵاتەکەیاندا.

شارەکانی عێراق بە تەواوی بوو بوونە کەلاوە و خەڵکەکەیشی لە پیسی و خاک و خۆڵدا نوقم بووبوون. لەڕێگاو بانەکانی سەرانسەری وڵاتدا ئاسایش نەبوو، چەند دەستەوتاقمێکی چەتەو ڕێگریش لە بۆسەدا بوون بۆ کاروانەکان و ئەگەر سوارە چەکدارەکانی دەوڵەتیان لەگەڵدا نەبوونایە، ئەوا پەلاماریان دەدان و ڕووتیان دەکردنەوە. کاروانە گەورەکان تەنها کاتێک دەیانتوانی بەرەو دوامەنزڵگەیان بکەونە ڕێ کە کەسانی چەکداری حکومەت پشتیوانیان لێکردنایە.

لەلایەکی تریشەوە، شەڕو تێکهەڵچوونی هەمیشەیی لە نێوان خێڵەکانی ئەو ناوچەیەلە ئارادابوو. ڕۆژ نەبوو کە چەکدارەکانی سەربەخێڵێک دەست نەکەن بە تاڵان و بڕۆی ماڵ وموڵکی خێڵێکیتر و چەند کەس لەو نێوەدا نەکوژرێت. نەزانی و دواکەوتوویی بەشێوەیەکی ترسناک باڵی کێشابوو بەسەرتاسەری عێراقدا و ئەم ڕەوشە تراژیدیایەی عێراق، سەردەم و ڕۆژگاری دەسەلاتی کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاستی بەسەرشارەکانی ئەوروپادا بەبیری مرۆڤ دەهێنایەوە. جگە لە توێژی زانایانی ئاینی و ژمارەیەکی کەمی قوتابی ئاینی کە لە نەجەف و کەربەلادا دەژیان، یان کەسانێکیتر کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەست بوون بە زانا ئاینییەکانەوە، لە هەر هەزار کەسدا، یەک کەس نەدەبینرا کەخوێندەواری هەبێت و تەقریبەت هەموو خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون. ئابوری دواکەوتوو، هۆی سەرەکی نەخۆشی، هەژاری، نەخوێندەواری و هەموو کوێرەوەری و ڕۆژ ڕەشییەکانی خەڵکە ژیان مام ناوەنجیەکەی بوو. شیرازەی کاروبارەکان تێکچووبوو، پاشاگەردانی و بێسەرەوبەرەیی هەموو شوێنێکی عێراقی گرتبووەوە. خەڵک و حکومەت گومانیان بەرانبەر بەیەکتری هەبوو. لەو ڕووەوە هیچ جۆرە هاوکاری و لەیەکتر تێگەیشتنێک لە نێوانیاندا نەبوو. زانا دینییەکان هێندە خەریکی کێشە خوداییەکان بوون کە ژیانی ئەم دنیایەیان لەبیرچوو بووەوە.

بیابانەکان زیاتر وشک بوون و بەکەڵکی کشتوکاڵ نەدەهاتن. هەردوو ڕوباری دیجلەو فورات، بە بێ ئەوەی کەڵکیان لێوەربگیرێت، هەروەک میوانێک بە ناوەڕاستی زەوییە تینوەکاندا بەخێرایی گوزەریان دەکرد و دەڕژانە دەریاکانەوە. ئەم بارە شێواو و قەیرانگرتووە، نەیدەتوانی درێژە بکێشێت و بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاری بەدوادا دەهات.

بەکورتی، بۆماوەی چوار مانگ لە نەجەف وکەربەلادا مامەوە. ئەوکاتەی کە لەنەجەف بووم، تووشی نەخۆشییەکی قورس بووم و هیوایەکم بە چاک بوونەوەم نەمابوو. نەخۆشییەکەم سێ هەفتەی خایاند. بەناچاری سەردانی پزیشکێکی شارەکەم کرد. دکتۆرەکە چەند دەرمانێکی پێدام کەپاش لە بەکارهێنانیان، وردە وردە چاک بوومەوە. ئەو ساڵە هاوینێکی زۆر گەم بوو، گەرما هەموو شوێنێکی گرتبووە. لەکاتی نەخۆشییەکەمدا لە ژێر زەمینێکی تا ڕادەیەک فێنکدا دەژیام. پارەیەکی کەمم دەدا بە خاوەن ماڵەکەم و ئەویش لەبەرانبەردا خواردن و دەرمانی بۆ ئامادە دەکردم. خاوەن ماڵەکەم بڕوای وابوو کە خزمەتکردنی زیارەتکەرانی ئیمامی عەلی، ئەبێتە هۆی نزیک بوونەوە لە خوا. لەڕۆژەکانی سەرەتای نەخۆشییەکەمدا، نان وئاوی مریشکم دەخوارد، بەڵام پاشان دکتۆرەکەم ڕێگای پێدام کە گۆشتەکەیی و برنجیش بخۆم.

پاش ئەوەی کە کەمێک چاک بوومەوە، چووم بۆ بەغداد. لە بەغداد ڕاپۆرتێکی دوورو درێژی تەقریبەن سەد لاپەڕەییم لەبارەی ئەو ڕووداوانەی کە لە شارەکانی کەربەلا، نەجەف، حلە و بەغداد دا دیبوونم، ئامادەکرد بۆ وەزارەتی مستعمرات. نامەیەکیشم لەگەڵدا تەسلیم بە نوێنەری وەزارەتی مستعمراتکرد تا بینێرێت بۆ لەندەن.. لە بەغداد چاوەڕێی فەرمانی نوێی وەزارەتم دەکرد کە ئایا لەوەزیاتر لەعێراقدا بمێنمەوە، یاخود بگەڕێمەوە بۆ لەندەن.

پێویستە ئەوەیش بڵێم کەزۆر تامەزرۆی گەڕانەوە بووم بۆ لەندەن، چونکە سەفەرەکەم زۆر دوورو درێژ بوو، ئارەزوی دیداری شارو وڵات وخێزانەکەمم دەکرد. بەتایبەتی تامەزرۆی بینینی ڕاسپۆتینی کوڕم بوو، کە ماوەیەکی کەم بە دوای سەفەرەکەمدا بۆعێراق، هاتبووە دنیاوە و ئارەزووی بینینی ئەویش ئارام و ئۆقرەی

لەبەربڕیبووم. لەو نامەیەدا داوام لە وەزارەت کردبوو کە ڕێگام بدات تا بگەڕێمەوە بۆ لەندەن و لە پاش پێشکەشکردنی ڕاستەوخۆی ڕاپۆرتەکەم، لانی کەم بۆ ماوەیەکی کورت بحەسێمەوە و ماندوویەتیم دەربکەم، چونکە سەفەرەکەی عێراقم سێ ساڵی خایاندبوو. نوێنەرەکەی وەزارەتی مستعمرات لە بەغداد، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە چیتر سەردانی نەکەم، چونکە دەبووە هۆی ئەوە کە خەڵکی گومانم لەسەر دروست بکەن. بۆ ئەوەی کە گومانم لەسەر دروست نەبێت، ناچار بووم کە ژوورێک لە ئوتێلێکی نزیکی دیجلەدا بەکرێ بگرم. نوێنەرەکەی وەزارەتی مستعمرات پێی وتم کە هەرکاتێک وەڵامێکم لە لەندەنەوە پێگەیشتەوە، ئەوا دەستبەجێ ئاگادارت دەکەمەوە.

لەڕۆژەکانی نیشتەجێبوونم لە بەغداددا، جیاوازییەکی گەورەم لە نێوان بارودۆخی گشتی بەغداد و (قسطنطنیە)ی پایتەختی عوسمانیدا دەبینیەوە. بارودۆخەکەی بەغداد ئەوەی پیشاندەدا کە عوسمانییەکان بەهۆی دوژمنی و بەدگومانیانەوە بەرانبەر بە عەرەبەکان، تاچ ڕادەیەک دەستیان لە پیسکردن و وێرانکرنی شارەکانی عێراق نەپارستبوو.

چەند مانگێک دوای ئەوە ی کە لە بەسرەوە چووم بۆ نەجەف و کەربەلا، زۆر خەمی شێخ محەمەد عبدالوهابم هەبوو. زۆر دڵنیا نەبووم لە خۆڕاگری و مانەوەی ئەو لەسەرئەو ڕێگایەی کە بۆم دیاریکرد بوو، چونکە کەسێکی مەزاجی بوو. جگە لەوەیش، زۆر بەزوویی تووڕە دەبوو. بەهۆی ئەوەوە کە تایبەتمەندی کەسایەتی ئەوم دەزانی، ترسی ئەوەم لێی هەبوو کە ئەوەی تا ئێستا لەگەڵیدا کردوومە، یەکسان بکاتەوە بەسفر و ئەو ئاوات و ئارەزوانەی کە لەمێشکیدا دروستمکردبوون، بە یەکجاری بەربای بدات.

ئەو کاتەی کە لە بەسرە بووم، ڕۆژکیان محەمەد پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سەفەرێک بۆ تورکیا بکات و زانیاری لە بارەی ئەستەمبوڵەوە بەدەست بهێنێت، بەڵام من بەتەواوی پەشیمانم کردەوە لە سەفەرەکەیی و پێم گوت لەوە دەترسم کە تۆ لە تورکیا چەند قسەیەک بکەیت و قسەکانیشت ببێتە هۆی تەکفیر و الحاد بوونت و سەرئەنجامیش لەسەر ئەوە خوێنت بکەنە کاسەوە. ڕاستییەکەی مەبەستم ئەوە بوو کە نەمدەویست دیدارو گفتوگۆ بکات لەگەڵ هەندێک لە زانایانی ئاینی ئەهلی سوننەی تورکیادا، چونکە لەوانە بوو کە ئەوان بە لۆژیکی بەهێزی خۆیان، دووبارە محەمەد بگێڕینەوە بۆسەر مەزهەبی سوننەگەری و بەم هۆیەشەوە هەموو نەخشەکانی منیش بکرێنە بڵقی سەر ئاو.

کاتێک کە بینم شێخ هەر سوورە لەسەر دەرچوونی لەبەسرەدا، هانمدا بۆ ئەوەی کە سەفەرێکی ئێران بکات و بچێت شارەکانی شیرازو ئەسفهان ببینێت. پێویستە ئەوەیش بڵێم کە خەڵکی ئەو دوو شارە شیعەن و ئەوەم بە دوور دەزانی کە بیروڕاکانیان کاریگەرییەکی نێگەتیڤانە لەسەر ئەقڵی شێخ دابنێن و لەو ڕووەیشەوە ترسێکم لێی نەبوو، چونکە شێخم بە باشی دەناسی.

لەکاتی خوا حافیزیدا لێم پرسی :" ئایا تۆ بڕوات بە فێڵ(خدعە) کردن هەیە". لەوەڵامدا وتی :" بەڵێ.. چونکە یەکێک لە یارانی پێغەمبەر ـ مقداد ـ کە باو ک و دایکی لە شەڕی کافرەکانی قورەیشدا کوژرا بوو، لەترسی گیانی خۆی، خۆی وەکو کافر نیشان دابوو، پێغەمبەریش ئاماژەی بەم ڕێڕەوەی مقداد کردووە". منیش پێم گوت :" کەواتە ئەم بڕیارەیش لەسەر تۆ واجبە کە لە ئێراندا خدعە لەبیر نەکەیت و دەبێت بەتەواوی خۆت وەک شیعەیەک نیشان بدەیت تا بەهۆی ئەم خدعەیەتەوە نەتوانن هێرش بکەنە سەرت و گفتوگۆیش لەگەڵ زانا ئاینیە شیعەکاندا بکە و هەوڵیشبدە کە لە خوێندنەوەی داب و نەریتی ئێرانییەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، چونکە ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە، لەداهاتوودا بەرهەم وسودی بۆت دەبێت و لە ئامانجەکانت نزیکترت دەکاتەوە".

پاش لەو گفتوگۆیەمان، بڕێکیش پارەم وەک زەکات پێدا. زەکات جۆرێکە لە باجی ئیسلامی و لەو کەسانەی دەستێنن کە لەڕووی مالییەوە توانایان هەیە و ئەم زەکاتەیش بۆ ئەو کاروبارانە خەرج دەکرێت کە لە بەرژەوەندی گشتیدایە.

شێخ پێویستی بە ئەسپێک هەبوو، ئەسپەکەشم بۆ کڕی و هاوسارەکەیم دایە دەستی و لێی جودابوومەوە. لەوکاتەوە هەتا هەنوکە هیچ خەبەرێکم لە شێخ نییە و نازانم کە چی لێبەسەر هاتووە. نیگەرانی من لەو ڕووەوە ئەوە بوو کە کاتێک بەسرەی بەجێهێشت، مەوعیدێکمان دیاریکرد و بڕیارمان وابوو کە لە مەوعیدی دیاریکراودا هەردووکمان بگەڕێینەوە بۆ بەسرە و ئەگەر یەکێکیشمان دواکەوت، ئەوا نامەیەک لەباری حاڵی تایبەتی خۆیەوە بۆ ئەویترمان بنووسێت و بیداتە دەست (عبدالرضا)ی دارتاش تا لەمڕێگایەوە هۆیەکانی نەهاتنەوەی بۆ بەسرە بزانرێت، بەڵام تا هەنوکە هیچ هەواڵکی شێخ محەمدم پێنەگەیشتووە.

# بەشی شەشەم

پاش ماوەیەک لە چاوەڕوانیکردن، سەرئەنجام، فەرمانە پێویستەکانی وەزارەتی مستعمرات گەیشتنە بەغداد. دەوڵەتی بریتانیا بە پەلە داوای لێکردبووم کە بگەڕێمەوە بۆ لەندەن. بە ناچاری چوومەوە بۆ لەندەن. هەرکەگەیشتمە لەندەن، لەگەڵ جێگری وەزیر و ئەندامانی پایەبەرزی وەزارەتی مستعمراتدا لیژنەیەکمان پێکهێنا. لە کۆبوونەوەی لیژنەکەدا، ڕاپۆرتی مەئموریەتەکەم، هەنگاوەکان و لێکۆڵینەوەکانم خستەبەردەمی لێپرسراوانی لەندەن وئەوانم لە بارودۆخی میزۆپۆتامیا ئاگادارکردەوە.

خودی مەئموریەتەکەم و ئەوزانیاریانەی کە لەبارەی عێراقەوە خستبوومە بەردەستیان، هەموویانی خۆشحاڵکرد. پێشتریش لەعێراقەوە چەند ڕاپۆرتێکم ناردبوو کە لەو ڕاپۆرتانەیشم ڕازی بوون. صەفیەش ڕاپۆرتی خۆی ناردبوو. ڕاپۆرتەکانی ئەویش لێکچوونێکی تەواوی لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی مندا هەبوو. ئەوکات تێگەیشتم کە لە کاتی سەفەرەکەمدا، وەزارەت چەند فەرمانبەرێکی خۆی بەنهێنی ناردبوو بۆ چاوەدێری کردنم و ئەوانیش لە ڕاپۆرتەکانیاندا خۆشحاڵی خۆیان لە ڕەفتار و کارەکانم دەربڕیبوو، هەروەها ڕاستی هەموو ئەو بابەتانەیان سەلماندبوو کە بۆ لەندەنم ناردبوونەوە. بەگشتی جێگاو شوێنێکی زۆر باشم لە مەئموریەتەکەی دووەممدا بەدەستهێنابوو، هەرلەبەر ئەو هۆیەش بوو کە جێگری وەزیر مەوعیدی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ وەزیری مستعمراتدا بۆ وەرگرتبووم و هاوڕێ لەگەڵ ئەودا، چووم بۆ دیداری وەزیر. جەنابی وەزیر هەرکە بینیمی، وەک گوڵ گەشایەوە و پاش لە چۆنی و چاکی و ئەحواڵپرسی، ئینجا دەستی هێناو بەگەرمی تەوقەی لەگەڵدا کردم. ئەم چاوپێکەوتنەیان جیاوازیەکی بە ئاشکرای هەبوو لەگەڵ چاوپێکەوتنە کورت و ساردو سڕەکانی پێشووتردا. پاش لە بینینی وەزیر، هەستمکرد کە جێگایەکم لە دڵیدا کردووەتەوە.

بەتایبەتی جەنابی وەزیرلە شارەزایی و کارامەییم کە توانیبووم کاریگەری لەسەر محەمەد عبدالوهاب دابنێم، زۆر ڕازی و خۆشحاڵ بوو. لەیادم ماوە کە پێی گوتم :" کاریگەریت لەسەر محەمەد عبدالوهاب، بۆخۆی گەورەترین ئامانجی وەزارەتی مستعمرات بووە". جەنابی وەزیر جەختێکی زۆری لەسەر ئەوە دەکرد کە باسی ئەو ڕێکەوتنەی بۆ بکەم کە لەگەڵ محەمەد عبدالوەهابدا بوومە لەسەر ئەو ئەرکانەی کە دەبێت لە داهاتوودا بۆمان ئەنجام بدات، هەروەها لەقسەکانیدا چەندین جار دانی بەوەدا دەنا کە هەموو ئەو زەحمەتانەی بۆ بەریتانیای گەورەت کێشاوە، تەنها لەناسین و کاریگەری دانانت لەسەر محەمەد عبدالوەهابدا خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە. دیسان گەیشتنم بەم ئەنجامەش، بەهای ئەوەی هەیە کە یەکسان بکرێت بە هەموو هەوڵ و کۆششەکانیترم. وەزیری مستعمرات چونکە دەرکی بەوە کردبوو کەمن خەمی ئاگادار نەبوونی چەند مانگەی

چارەنووسی محەمەد عبدالوهابم هەبوو، بە ئارامییەکەوە پێی گوتم :" ئاگاداربە ! ئەوەی کە تاکو ئێستا لەگەڵ شێخدا ئەنجامتداوە لە دەستی نەدەیت، بە بەردەوامی مەئموورە نهێنییەکانیشمان لە ئەسفەهاندا پەیوەندی پێوە دەکەن و ئەو ڕاپۆرتانەی کە دەینێرن باس لەوەدەکەن کە شێخ محەمەد لەو ڕێگایەی کە تا ئێستا بریویەتی بەرەو دواوە نەگەڕاوەتەوە". منیش لەدڵی خۆمدا لەخۆمم دەپرسی :" باشە چۆن شێخ بەو هەموو لەخۆبایی بوون و غرورەوە کە هەیەتی، ڕێگای داوە بەوە کە سیخوڕەکانی ئینگلیز بەکاروبارەکانی بزانن ؟". لەوە دەترسام کە ئەگەر ئەوپرسیارە ئاڕاستەی وەزیر بکەم، ڕەنگە پێی ناخۆش بێت. ماوەیەکی زۆر پاش ئەوەی کە دووبارە شێخم بینییەوە، ڕووداوەکەی بۆ گێڕامەوە و ووتی لە ئەسفەهاندا بووە بە ناسراوی پیاوێک کە ناوی عبدالکریم بووە و پیاوەکەیش وەک برای من" هێمفێر" خۆی پێناساندووە و لەمڕێگایەوە متمانەو برِوای شێخی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە و توانیویەتی لە نهێنییەکانی تێبگات. پاش ماوەیەک، صفیە یش چووە بۆ ئەسفەهان و شێخ بۆ ماوەی دوومانگیتر سیغەی کرد بووەوە. صفیە و شێخ پێکەوە سەفەریان بۆشیراز نەکردبوو. عبدالکریم لەگەڵ شێخدا ڕۆیشتبوو بۆشیراز. لە شیرازیش، عبدالکریم ژنێک لە شێخ سیغە دەکات کە زۆر لە سەفیە شۆخ وشەنگتر و سێکسیتر بووە. ئەو ژنە گەنجەیش ناوی" ئاسیە" بووە و لەیەکێک لەخێزانە جولەکەکانی نیشتەجێی ئەسفەهان بووە. پێویستە ئەوەیش بڵێم کە عبدالکریم ناوی خوازراوی کەسێکەلە مەسیحییەکانی شارۆچکەی جلفای سەر بە پارێزگای ئەسفەهانە کە چەند ساڵێک بەکرێگیراوی وەزارەتی مستعمراتی بریتانیا بووە لە ئێراندا. ئەویش هەروەک" ئاسیە"، لە شاری شیرازدا خەریکی جاسوسی کردن بوو بۆ دەوڵەتی ئینگلیز.

بەکورتی بڵێم، لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی شەوو ڕۆژمانەوە، توانیمان کە بە چوارکەسی، واتە صفیە، ئاسیە، عبدالکریم و نووسەری ئەم پەرتووکە، شێخ محەمەد عبدالوهاب بەپێی خواست و مەیلی وەزارەتی مستعمراتی بریتانیای گەورە پەروەردە بکەین و بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی داهاتوویش ئامادەی بکەین. ئەم خاڵەیش بەبیر بهێنمەوە کە لەڕۆژی چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ وەزیردا، جگە لەوەزیر و جێگرەکەی، دووکەسی پایە بەرزیتری وەزارەتم بینی کە پێشتر نەمدەناسین و ئەوانیش بەشداریان لەکۆبوونەوەکەماندا کرد. وەزیرلەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا ڕووی تێکردم و وتی :" ئێستا تۆ شایانی وەرگرتنی بەرزترین نیشانەی وەزارەتی مستعمراتی بەریتانیایت، نیشانەیەک کە دەوڵەت وەک ڕەمزی سەرفرازی دەیدات بە جاسوسە پلەیەکەمەکانی خۆی". جەنابی وەزیر لەکاتی خواحافیزیدا زۆر بەجدییەوە وتی :" فەرمانمداوە بە جێگرەکەم تاکو لە هەندێک مەسەلەی نهێنی دەوڵەت ئاگادارت بکاتەوە. تێگەیشتن لەو مەسەلانە دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی کە باشتر بتوانیت مەئموریەتەکانت ئەنجام بدەیت".

خۆشحاڵبوونەکەی وەزیر لە مەئموریەتەکەم، بووە هۆی ئەوەکە ئیجازەیەکی دەڕۆژیم بداتێ و ئەو هەلەم بۆ برەخسێنێت تا هاوسەرەکەم و منداڵەکەم ببینم. مناڵەکەم تەمەنی گەیشتبووەسێ ساڵ، شێوەی زۆر لەخۆم دەچوو، هەندێک ووشەی خۆش وشیرین فێر بوو بوو، هەروەها پێیشی گرتبوو، کاتێک کە بەوشێوەیە بینیم پێیگرتووەو هەنگاوی دەنا، بەڕاستی هەستم دەکرد کە پارچەیەک لە دڵ و گیانم بەسەر زەویدا هەنگاو دەنێت. بەداخەوە کە چرکەساتەکانی خۆشی، زۆر بەخێرایی و بەپەلە تێدەپەڕن. ئەو خۆشحاڵی و شادییەی کە لەو چەند ڕۆژەدا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەمدا بەسەرمبرد بە هیچ زمانێک بۆم پێناسە ناکرێت. هەندێک جار ئەوەندە خۆشحاڵ دەبووم کە خەریک بوو باڵ بگرم. ئەو دەڕۆژەی کە لە لەندەن و لەناوخێزانەکەمدا بەسەرمبرد، خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوون. پورێکی پیرم هەبوو کە لە مناڵیمەوە منی لەباوەشی پڕ لە سۆز و میهرەبانی خۆی گرتبوو، لەماوەی ئەو دەڕۆژەدا توانیم کە بۆ دوایین جار چاوم پێی بکەوێتەوە. لەم دیدارەی ئەویش زۆر خۆشحاڵ بووم. کاتێک کە پاش لە دەڕۆژ پشوودان، سێیەمین سەفەری خۆمم دەست پێکردەوە، بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی مردنی ئەوم پێگەیشت.

دەرۆژی ئیجازەکەم بەخێراییەکی تیشک ئاسا تێپەڕیکرد، هەروەک بڵێیت کە ئەو دەرۆژە یەک کاتژمێر زیـاتر نەبووبێت. ئەمە ڕاستییەکی زۆر تاڵە کە ڕۆژە خۆشەکانی ژیان بەخێراییەکی هەرچـی زیـاترەوە تـێدەپەڕن و ساتەکانی ڕۆژ ڕەشی و بەدبەختیش، هەرچەندە کەکورتیش بن، بـەڵام وەک درێـژایی مـاوەی سـاڵەکان لـێت دەگوزەرێن. لەڕۆژە خۆشەکانی لەندەندا، بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە لە نەجەفدا نەخۆش کـەوتبووم هـەر چرکە ساتێکیم بە ساڵێک لێدەڕۆیشت. هەرگیز ناتوانم کە ئەو ڕۆژە ناخۆشانە لە بیرخۆم ببەمەوە.بیرەوەرییە خۆش و شیرنەکان ئەوەندە لە یادی مرۆڤدا نامێننەوە، بەڵام بیرەوەرییە تـاڵ و تفتـەکان بـۆ هـەرگیز لـەیاد ناچنەوە.

پاش تەواو بوونی ماوەی ئیجازە دەرۆژییەکەم، ناچار بووم کە بچمەوە بۆ وەزارەت تا بـزانم مەئموریـەتی داهاتووم چییە. کاتێک کە چاوم بە جێگری وەزیر کەوت، وەک هەمیشە دەم بـە پـێکەنین و ڕووی خـۆش بـوو. بەگەرمی تەوقەی لەگەڵدا کردم و بەزمانێکی هاوڕێیانە پێی گوتم :" خودی وەزیر فەرمانی بە من داوە کە لە دوو نهێنی زۆر گرنگ ئاگادارت بکەم کە کۆمیسیۆن (لجنە)ی تایبەت بە کارو باری مستعمرات بۆچونی خـۆیی لـە بارەیانەوە دەربڕیووە. ئاگادار بوونت لەو نهێنیانە، زۆر بەکەڵک و کاریگەرن بۆ مەئموریەتەکانی داهـاتووت. ئەوەیش بزانە کە تەنها ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی وەزارەتی مستعمرات ئاگاداری ئەم دوو نهێنییەن". پاشان دەستی گرتم و بردمی بۆ یەکێک لـە ژوورەکـانی وەزارەت. چـەند کەسـێک لـە ژورەکـەدا بـەدەوری مـێزێکدا دانیشتبوون. لەبینینی ئەو کەسانە هێندە سەرم سوڕما کە خەریک بوو هاوار بکەم، چونکە ئەو **10** کەسەی کـە بەشدار بوون لە کۆبوونەوەکەدا، بریتی بوون لە : **1** – شەبیهەکەی ئیمپراتۆری عوسمانی کە بەزمانی تورکی و ئینگلیزی قسەی دەکـرد. **2** – شـەبیهەکەی شـێخ الاسـلامی قوسـتەنتینیە. **3** – شـەبیهەکەی شـای ئـێران **4** ـ شەبیهەکەی زانایەکی ئاینی شیعەی ئێرانی، **5** ـ شەبیهەکەی مەرجەعی تەقلیدی شیعەکانی نەجەف. ئـەم سـێ کەسەی دواییان بە زمانی فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی قسەیان دەکرد. لە تەنیشتی هەریەکێک لـەو کەسـانەوە یاریدەدەرێکیش دانیشتبوو کە قسەکانیانی دەنووسیەوە و بۆ ئامادەبووانی کۆبوونەوەکـەی تەرجمـە دەکـرد. دیار بوو کە هەریەکێک لە یاریدەرەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئـەو پـێنج کەسـەدا پەیوەنـدی نزیکیـان هەبووە و ئەوانیشیان لە ڕاپۆرت و زانیارییە بە دەستهاتووەکانی سیخوڕەکانی ئینگلیز، لەبارەی هـەر پـێنج لێپرسراوە ڕاستەقینەکەی نیشتەجێ لە (ئەستەنبوڵ، تاران و نەجەف)دا ئاگـادار کردووەتـەوە، چـونکە کەسـە شەبیهەکان بە تەواوی ئەرکەکان و جێگاو شوێنی خۆیانیان دەزانی و دەیانزانی کـە چـی بڵـێن و چـی بکـەن. جێگری وەزیر دەستی بە قسەکردەوە و وتی :" ئەم چـوار بەرێـزە چـوونەتە چوارچـێوە و قـاڵبی کەسـایتییە ڕاستەقینەکانەوە تا بزانرێت کە لێپرسراوانی ناوبراو چۆن بیر دەکەنەوە و بیروڕایـان سـەبارەت بـە دوا ڕۆژ چییە و چۆنە ؟ ئێمە هەریەکێکیانمان لەو زانیارییانە ئاگادرکردووەتەوە کە لە شارەکانی ئەستەنبوڵ، تـاران و نەجەفەوە پێمان دەگەن، ئێستا ئەوان هەست بەمە دەکەن کـە هەربەڕاسـتی پـێنج لـێپرسراوە ڕاسـتەقینەو سەرەکییەکەن و بەکەڵک وەرگرتن لەو زانیاریانەی کە پێیاندراوە، وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەنەوە. ئێمە بـەو ئەنجامە گەیشتووین کە بیرو ڕا و ئەنجامگیرییەکانیان لـەبارەی ئـەو کێـشە و وەڵامانـەی دەیدەنـەوە بـەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەیان دەکرێت، لە **70%** لەگەڵ ڕاستیدا دێنەوە، واتە لە**70%** لەگەڵ ئەو بیرو ڕایانەی کـە لەمێشکی کەسایەتییە ڕاستەقینەکاندایە، چوونیەک و یەکسانن". جێگری وەزیر لە درێـژەی قـسەکانیدا ڕووی کردە من و گوتی :" ئەگەر حەز بکەیت، ئەوا دەتوانیت دەست بـە تاقیکردنـەوەکانی خـۆت بکـەیت لەسـەریان، بۆنموونە، دەتوانیت پرسیارگەلێک ئاڕاستەی مەرجەعی تەقلیدی شیعەکانی نەجەف بکەیت". وتم :" زۆرباشە". دەستمکرد بەپرسیار لە شەبیهەکەی مەرجەعی تەقلیدی شیعە. یەکەمین بابەتێک کـە پرسـیارم لـە بارەیـەوە لێکرد، ئەمە بوو :" گەورەم !ئایا ڕێگا دەدەیت کە پەیرەوانی ئێوە، واتە پەیرەوانی مەزهەبی شیعە، دەست بکەن بە نایاری و یاخی بوون لە دژی حکومەتی سوننە دەمارگیرەکانی عوسمانی و لەدژی ئەو جەنگ ڕابگەیەنن ؟".

شەبیهەکەی مەرجەعی شیعە، پاش لە کەمێک بیرکردنەوە، ئینجا وەڵامی دامەوەو وتی :" مـن ڕێـگای جـەنگیان پێنادەم، چونکە ئەوان موسڵمانی سوننە مەزهەبن و بەپێی ئایەتی قورئانی پیرۆزیـش (هـەموو موسـڵمانەکان برای یەکترین). تەنها لە کاتێکدا ڕێگا بە جەنگ دەدرێت کە عوسمانییەکان خەڵکی بچەوسێننەوە، لەم حاڵەتەدا لە دەروازەی ئەمر بە چاکەو نەهی لەخراپەوە دەتوانـرێت خـەبات لـە دژی کردەوەکـانی حکومـەت بکرێـت وئەمەیش تا ئەو کاتەیە کە ستەم و چەوسانەوەکە بنەبڕ دەکرێـت و چەوسـێنەران ناچاردەکرێـن کـە واز لـە کـردەوەی چەوسـێنەرانەیان بهـێنن". منـیش گـوتم :" گـەورەم ! ئـەی بـیروڕای تـۆ لـەبارەی یـەهودی و مەسیحییەکانەوە چییە ؟ ئایا هەر بەڕاستی ئەوانە گڵاو و ناپاکن ؟". لەوەڵامدا گوتی :" بـەڵێ !.. بەدڵنیاییـەوە ئەم دوو گروپە گڵاون و خۆ دوورخستنەوە و خۆ پاراستنی موسڵمانان لەوانە واجبە". لێم پرسـی :" بۆچـی ؟". وەڵامی دامەوە :" لەڕووی مەبدەئیەوە وەکو یەک مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکرێت، چونکە ئەوانیش ئـێمە بە کافر دەزانن و پێغەمبەری ئیسلام بەدرۆ دەخەنەوە، لەبەرئەوە ئـێمەیش وەک بەرامبەرەکـەمان هەڵوێـست دەگرین". پاشان لێم پرسی :" سەرەڕای ئەوەی کە پێغەمبەر ئامۆژگاری کردووین کە پاک و خاوێن بین و پاک و خاوێنیشی بە نیشانەی ئیمان زانیوە، ئەی بۆچی لە مەزارگەکەی ئیمامی عەلیدا ئـەو هـەموو خـەوش وخاڵـە بەسەریەکدا کەڵەکە بووە ؟ بۆچی بازڕو کۆڵانـەکان ئەوەنـدە پـیس و پـۆخڵن ؟ بـەهۆی نـەبوونی ئاودەسـت (تواليت)ەوە، تەنانەت دەبینم کە قوتابییەکانی قوتابخانە ئاینییەکان ناچارن لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا میز بکەن !". شەبیهەکەی مەرجەع وەڵامی دایەوە :" بێگومان ئیسلام پاک و خاوێنی بە بەشێک لـە ئیمـان زانیـووە، بەڵام چی لە کەمی ئاو و کەمتەرخەمی کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانی بکرێت بەرانبەربـە پـاک وخاوێـنی وڵات کە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم بارودۆخە".

خاڵی سەرنج ڕاکێش لەم دیالۆگانەدا ئەمە بوو کە وەڵامەکانی شەبیهەکەی مەرجەعی تەقلیدی شیعە، بـەبێ کەم و زیاد و ڕێک وەکو وەڵام و دەربڕینەکانی مەرجەعی شیعە ڕاسـتەقینەکەی نەجـەف وابـوو، تـەنها ئـەم ڕستەیە نەبێت :" گوێ نەدانی حکومەتی عوسمانی بە پاک و خاوێنی وڵات" کە شەبیهەکەی مەرجەعی شـیعەی نەجەف لە خۆییەوە بۆی زیاد کردبوو، چونکە ئەو دێرەم لـەزمانی زانایـانی ئـاینی نەجەفـەوە نەبیـستبوو. بەهەرحاڵ، زۆر سەرم لەم هاو ئاهەنگی و لێکچوونانە سوڕما بوو، چونکە وەڵامەکان ڕێـک وەکـو ئـەو وەڵام و بابەتانە بوون کە مەرجەعی ڕاستەقینە بەزمانی فارسی دەربیڕی بوون و مەرجـەعی شـیعە تەقلیدەکـەش بـە زمانی فارسی گفتوگۆی لەسەر دەکردن. پاش ئەو گفتوگۆیە، جێگرەکەی وەزیر پێی گوتم :" ئەگەر حەز بکـەیت، ئەوا دەتوانیت پرسیار لە چوارکەسەکەیتریش بکەیت و ئەوانیش هەروەک کەسایەتییە ڕاسـتەقینەکان وەڵامـت دەدەنەوە". بەجێگرەکەی وەزیرم وت کە چۆنییەتی بیرکردنەوە و تـەعبیرەکانی شـێخ الاسـلامی ئەسـتەنبوڵ (شێخ ئەحمەد ئەفەندی) دەزانم و هەموو ڕستەکانیم بەتەواوی لە یاد ماوە. ڕێـگا بـدەن تـا پرسـیارەکانم لـە شەبیهەکەی شێخ ئەحمەدیش بکەم.ئینجا پرسیارم لێکرد :" ئەفەندی ! ئایا ملکەچکردن بۆ خەلیفەی عوسمـانی واجبە ؟". بەدیلەکەی شێخ وەڵامی دامەوە و وتی :" بەڵێ کوڕم ! هەر وەک ملکـەچ کـردن بـۆ خـواو پـێغەمبەر". منیش وتم :" بەچ دەلیلێک ؟" شەبیهەکەی وەڵامی دامەوەو وتی:" ئەی ئەم ئایەتـە پـیرۆزەت نەبیـستووە کـە دەڵێت : ملکەچی خواو پێغەمبەر و وەلی ئەمرەکانتان بن (**اطعوا الله و اطعوا الرسول و اولي الآمر مـنكم**)" منـیش لێم پرسی کە:" ئەگەر هەرخەلیفەیەک وەلی ئەمرە، ئەی کەواتە خوایش فەرمان بە ئێمە دەدات کە پەیڕەوی لـە یەزیدیش بکەین، چونکە ئەویش خەلیفە بوو، کەچی لە هەمانکاتیشدا ڕێگای بە لەشکرەکەیدا تا شاری مەدینە وێران بکەن و ئامۆزازاکەی پێغەمبەر (حسەین)یش بکوژێت. چۆن خوا فەرمان بە ئێمە ئەدات کـە پـەیڕەوی لـە خالیدی کوڕی وەلیدێک بکەین کە مەی خۆر بووە ؟". بەدەلەکەی شێخ ئەحمەد وەڵام دەداتەوە :" کـوڕی خـۆم ! لەلای خوا یەزید یەکێک بوو لە ئەمیرالامونمنین، بەڵام لە کوشتنی حسەیندا کەوتە هەڵەوە و پاشانیش تۆبەی کرد، فەرمانی فەرهود وکوشـت وکوشـتاری بەکۆمـەڵی خـەڵکی مەدینـەیش، بـەهۆی فەسـاد، سەرپێـچی و

سەربزێوی خەڵکەکەیەوە بوو لە فەرمانەکانی خەلیفەی موسـڵمانان و لـەو ڕووە یەزیـدیش بـێتاوان بـووە. ئەوەیش ڕاستە کە وەلید شەرابیی دەخواردەوە، بەڵام شەرابەکەی لەگەڵ ئاودا تێکەڵاو دەکرد وئەمەیش دەبووە هۆی ئەوە کە مەست نەبێت. ئەم شێوەیەش لە شەراب خواردنەوە، لە ئـاینی ئیـسلامدا حـەرام نییـە {شـەراب خواردنەوە لە ئاینی ئیلامدا بەتەواوی حەرامەو هیچ مەرجێکیش بۆ حەڵاڵ بوونی ئـەو دانـەنراوە _ وەرگـێڕی فارسی }".

ئەو کاتەی کە لە ئەستەنبوڵ بووم، لەبارەی حەرامکردنی شەرابەوە چەند پرسیارێکم لە شێخ ئەحمەدکردبوو کـە وەڵامـی شـەبیهەکەی لەنـدەنی، بەکەمـێک جیاوازییـەوە، ڕێـک وەک وەڵامەکـەی ئـەو وابـوو. پـاش لەبەراوردکردنی قسەکانی لێپرسراوانی ڕاستەقینەو شـەبیهەکانیان و بـە کـەڵک وەرگـرتنم لـەو بابەتانـەی کەلێپرسراوانی ڕاستەقینە دەریانبڕیبوو، و پێشتریش لە زمانی خەڵکی ئـەو وڵاتانـەوە بەرگوێـم کـەوتبوون، ئینجا بە جێگری وەزیری مستعمراتم گوت :" دروستکردنی ئەم شەبیهانە چ سوودێکیان بۆ ئێمە هەیە ؟". وەڵامی دامەوە :" ئێمە لەمڕێگایەوە دەتوانین بیروڕاو مەیلەکانی پاشاکان، زانایانی ئـاینی و گـشت موسـڵمانان، بـە شیعەو سوننەوە، بزانین و ئەو ژمارەو ئەنجامانەی کە لەم گفتوگۆیانەوە بەدەستیان دەهـێنین، لـە یـەکلایی کردنەوەی مەسەلە سیاسی و ئاینییەکانی ناوچەکەدا بەکاریان دەبەین. بۆ نموونە، ئەگەر هەسـت بکـەین کـە فلانە زانای ئیسلامی، یان فلانە پاشا لـە سـنورەکانی ڕۆژهـەلاتی ناوچـەکەدا دوژمنایـەتیمان دەکـات، ئـەوا بەخێرایی لە هەموو لایەکەوە هێزەکانی خۆمان بۆ پوچەڵکردنەوەی هەنگاوەکانی ئەو ئاڕاستە دەکـەین، بـەڵام ئەگەر بەڕاستی بزانین کە دوژمنەکەمان لەکوێدا خەریکی چالاکین، ئەوا ناچـار یـن کـەهیزەکانی خۆمـان بـە سەرتاسەری ناوچەکەدا بلاوبکەینەوە. لەلایەکی تریشەوە، لەڕێگای نمایشکردنی ئەم شانۆگەریانەوە دەتوانین ئەنجامگیرییەکانی کەسێکی موسـڵمان لـەبارەی سـونەت و ئەحکامـەکانی ئیـسلامەوە بـزانین، تالەڕێـگای ئامادەکردنی کۆمەڵێک باس و بابەتی ئەبستراک و لۆجیکیەوە بتوانین باوەڕی لەرزۆک بکـەین و بیروڕاکـانی پێڕەتبکەینەوە. ئەم هەنگاوانە، لەدروسـتکردنی نـاکۆکی و دووبـەرەکی نـێوان موسـڵمانەکاندا کاریگەریـەکی بەرچاویان دەبێت و بیروباوەڕی موسڵمانەکان لەرزۆک دەکات". جێگری وەزیر پاش لەتەواوکردنی قـسەکانی، پەرتوکێکی قەبارە گەورەی پێدام تا بیخوێنمەوە، کە قەبارەکەی هەزار لاپەڕەیەک بوو. لە پەرتوکەکەدا، ژمارە و ئەنجامی بەراوردکارییەکان و ئەو ئەنجامانەی کە لە گفتوگـۆو مناقەشـاتی کەسـایەتییە ئەسـڵیەکان لەگـەڵ شەبیهەکانیاندا بەدەستهاتبوون، چاپکرابوون. دەبوایە کە من ئاگاداری پرۆژەکان و سەرەداوی بابەت و مەسەلە سەربازی، مالی، کلتوری و ئاینییەکاننی دەوڵەتی بریتانیـا بم لـە وڵاتـانی ئیـسلامیدا کـە لەسـەر بنـەمای ئەنجامگیرییە بەدەستهاتووەکانەوە داڕێژرابوون. بەهەرحاڵ. کتێبەکەم بردەوە بۆ ماڵـەوە و لـە مـاوەی سـێ هەفتەدا، بەووردی کتێبەکەم لەسەرەتاوە تاکۆتاییەکەی خوێندەوە. پاش ئەو ماوەیەی کـە بـۆم دیـاریکرابوو، کتێبەکەم گێڕایەوە بۆ وەزارەتی مستعمرات. بەڕاستی لە ووردبینییەک کە لە نووسینی کتێبەکەدا کرابـوو، لـە ڕاستی و دروستی هەڵسەنگاندنەکان، ئەوباس و ئەو ئەنجامگیریانەی کە لەبارەی بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی پیاوانی زانست و کەسایەتییە ئاینییەکانی ئیسلامەوە کرابوون، تووشی شۆک بووم. هەر بەڕاستی لە 70%یان ڕاست بوون و لە 30% یشی جیاوازیان هەبوو. پاش خوێندنەوەی کتـێبەکە، لـەوە دڵنیـابووم کـە حکومـەتی وڵاتەکەی من، واتە بەریتانیای گەورە، لە کارەکانیدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەپێی پێشبینییەکانی هەمان پەرتووک، بۆماوەی کەمتر لە سەدەیەک هەرەس دەهێنێ.

لەدیدارەکەمدا لەگەڵ جێگری وەزیر، لەوە تێگەیشتم کە ئەم بەدیل دروستکردنانەی وەزارەتی مـستعمرات بۆ هەموو وڵاتانیتری جیهان کاریان لەسەرکراوە و بەپێی ژمارەو بەڵگە پێویستەکانیش، بەرنامەڕێژی بـۆ بـە مستعمرەکردنیان کراوە.

لەجێگری وەزیرم پرسی :" باشە چۆن توانیتان کە بەم هەموو وورد بینییەوە ئەم کەسایەتییە تەزویرانە پەیدا بکەن ؟". وەڵامی دامەوە :" ئەم کەسانە خەڵکی وڵاتانی جێگە مەبەستن و جاسوسەکانمان پاش لە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەم کارە هەڵیانبژاردوون و پێشنیاریان کردووە بۆ لەندەن تا ئەم کەسایەتیانەیان لێدروست بکەین. ئێمەیش پاش لە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی دووبارەیان لەسەر بناغەی بەڵگەو زانیارییە پێویستەکانەوە، دەربارەی بیروڕاکانی کەسایەتییە ڕاستەقینەکان، ڕازی بووین بەوەی کە بۆ بینی هەمان ڕۆڵ هەڵیانبژێرین. ئەم ئەکتەرانە کە ڕۆڵی ئەوکەسایەتیانە دەبینن، پێشتر بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو پەیوەندییان کردووە بەو کەسایەتییانەوە کە ئێستا هەمان ڕۆڵی ئەوان دەبینن. ئەوە شتێکی ئاشکراو ئاساییە ئەگەر تۆ لەگەڵ کەسێکدا بژیت ئەوا شارەزای هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەبیت و کەم تا زۆر دەتوانیت هەمان ڕۆڵی ئەو ببینیت".

دیسان جێگری وەزیر لە درێژەی قسەکانیدا وتی :" ئەمە یەکەمین نهێنی بوو کە بە فەرمانی وەزیر بۆم ئاشکراکردیت و هەمان ئەو مەبەستانە بوون کە لە کتێبی یەکەمدا باسیانکراوە، بەڵام نهێنی دووەمت پاش مانگێکیتر پێدەڵێم، ئەویش بەومەرجەی کە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەت تەواوکردبێت".

کتێبی دووەمیشم لێوەرگرت و دەستم بەخوێندنەوەی کرد.ئەم کتێبە تەواوکەری کتێبی یەکەم بوو. چەند بابەت و زانیارییەکی نوێی لەمەڕ باروودۆخی وڵاتە ئیسلامییەکان، خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان، وەک بیروباوەڕو تێڕوانینی موسڵمانی شیعەو سونە بۆ کێشە جۆراوجۆرکانی ژیان، هۆی دواکەوتوویی وڵاتانی ئیسلامی و تاد... لەخۆ گرتبوو کە هەموو ئەو بابەتانەی بەدوورو درێژی و بەشێوەیەکی وورد و زانستیانە خرابوونە ژێر لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەوە.لە بەرگی دووەمدا، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی موسڵمانەکان دیاریکرا بوون، هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە دەبێت بگیرێنە بەر بۆ گەورەکردنەوەی خاڵە لاوازەکانیان و چۆنیەتی لە نێوبردنی خاڵە بەهێزەکانیان، ڕوونکرابوونەوە. بەپێی خاڵبەندییەکانی کتێبەکە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە خاڵە لاوازەکانی موسڵمانەکان دیاریکرابوو :

1 – الف : ناکۆکی نێوان شیعە و سونی. ب – ناکۆکی نێوان خەڵک و دەسەڵات. ج – ناکۆکی نێوان هەردوو حکومەتی ئێران و عوسمانی. د – ناکۆییە هەنوکەییەکانی نێوان خێڵەکان. هـ – بەهەڵە لەیەکتر گەیشتنی نێوان زانا ئاینییەکان و کارمەندەکانی حکومەت.

2 – دواکەوتوویی و نەخوێندەواری گشتی لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا.

3 – دەمارگیری و بەستەڵەکی فکری، ئاگادارنەبوون لە باروودۆخی سەردەم، حەزنەکردن لە کارو چالاکییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی.

4 – بڕوا نەبوون بەژیانی ماددی، زیادەڕەویکردن لە پەرستن و عیبادەتدا و هیوا بوون بە بەهەشتی دواڕۆژ کە ئەمەش بۆخۆی لەهەوڵ و تێکۆشانی بۆ ژیانێکی باشتر لەم دنیادا کەمدەکردەوە.

5 – ئیستبداد و ستەمێک کە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنن.

6 – نەبوونی ئاسایش و نەبوونی ڕێگاکانی هاتوچۆکردن و پەیوەندییەکان.

7 – نەبوونی تەندروستی گشتی و دەرمان، تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی وەک تاعون و کۆلێراش کە هەموو ساڵێک کۆمەڵێک خەڵک دەکوژێت.

8 – وێران بوون و بە کەلاوە بوونی شارەکان، نەبوونی سیستەمی ئاوەدێری و دواکەوتوویی کشتوکاڵ.

9 – بێ سەرەو بەرەیی لە ناو فەرمانگە دەوڵەتییەکاندا و نەبوونی یاساو بڕیارەکان. سەرەڕای ڕێزێک کەخەڵک لە قورئان و ئەحکام و شەرعی دەگرێت، بەڵام بەکردەوە واز لە جێبەجێکردنی دەستورەکانی شەرع هێنراوە و زۆر بەکەمی پەیڕەوییان لێدەکرێت.

10 – ئابوری نەخۆش و دواکەوتوو، هەژاری گشتی و بێکاری لەسەرانسەری ناوچەکەدا.

11 ـ نەبوونی سوپایەکی ڕێخراو و پیشەیی، کەمبوونی چەک و پێداویستییە دیفاعییەکان و لەکار کەوتنی ئەو چەکانەی کە هەنووکە لە دەستیاندایە.

12 – سوکایەتیکردن بەژنان و پێشێلکردنی مافەکانیان.

13 – پیسبوونی شارەکان و لادێکان، کەڵەکە بوونی زبڵ و خەوشوخاڵ لە ناوەندەکانی ئالۆویێر و مەخزەنی کالاکان و تاد... دا.

کتێبەکە پاش لە خاڵبەندیکردن و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی موسڵمانان، ئاماژەیش بەو ڕاستییە دەکات کە ئاین و شەریعەتی ئیسلام بچووکترین گونجان و تەباییان لەگەڵ ئەو کەموکورییانەدا نییە، بەڵام پێویستە کەموسڵمانەکان لە حاڵەتی نەزانی و ئاگادار نەبوون لە ڕاستییەکانی ئیسلامدا بهێڵرێنەوە و ڕێگا نەدرێت کە پەی بە ڕاستییەکانی دینەکەی خۆیان ببەن. ئینجا کتێبەکە ئاماژە بۆ ئەو فەرمان و حوکمانە دەکات کە ڕوونکەرەوەی بنەماو پرەنسیپەکانی ئاینی ئیسلامن :

1 ـ ئامۆژگاری لەبارەی هاوپشتی و برایەتی نێوان موسڵمانەکان و جەختکردن لەسەر خۆ دورخستنەوەیان لە ناکۆکی و دووبەرەکی (**اعتصمو بحبل الله جميعا**").

2 – ئامۆژگاریکردن لەبارەی پەروەردەو فێرکردنەوە (**طلب العلم فريضةعلي كل مسلم و مسلمة ـــ حديث**).

3 – ئامۆژگاریکردن لە بارەی کارو داهێنانەوە (**فسير و في الارض ـــ قورئان**).

4 – ئامۆژگاریکردن لەبارەی باشترکردنی ژیانی مادديیەوە (**ربنا أتنا في الدنيا حسنة**).

5 – ئامۆژگاریکردن لە بارەی بیروڕا گۆڕینەوە و ڕایگیری لە بارەی کێشەکانی ژیانەوە (**وامرهم شوري بينهم**).

6 – ئامۆژگاریکردن لە بارەی دورستکردنی جادەکانەوە (**فامشوا في مناكبها**).

7 – ئامۆژگاریکردن لە بارەی تەندروستی و دەرمانەوە کە بە پێی حەدیسی پێغەمبەر : زانستەکان چوار جۆرن : 1– فقە بۆ ئاگادار و پاراستنی ئاین. 2 – پزیشکی بۆ سەلامەتی لەش و تەندروستی. 3 – نحو بۆ پاراستنی زمان. 4 – زانستی ئەستێرەناسی بۆ ناسین و زانینی کات. (**انما العلوم اربعة، علم الفقة لحفظ الاديان، علم الطب لحفظ الابدان، علم النحو لحفظ السان و العلم النجوم لحفظ الزمان–حديث**).

8 – ئامۆژگاری لەبارەی ئاوەدانی و گەشە پێدانەوە. (**وخلق لكم ما في الارض جميعا**).

9 – ئامۆژگاریکردن لەبارەی ڕێکخستنی کارو بارەکانەوە (**ونظم امركم – قورئان**).

10 – ئامۆژگاریکردن لە بارەی ئابوورییەکی بەهێزەوە (**من لامعاش له، لامعادل له – حديث**).

11 – ئامۆژگاریکردن لەبارەی دامەزراندنی سوپاوە بە کەڵک وەرگرتن لە پێشکەوتووترین چەک و ئامرەزەکان (**واعد ولهم ما استطعتم من قوة – حديث**).

12 – ئامۆژگاریکردن لەبارەی ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی ژنان (**ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف – قورئان**).

13 – ئامۆژگاریکردن لە بارەی پاک و خاوێنییەوە (**النظافة من الامان – حديث**).

پاش باسکردنی ئەو لایەنە پۆزەتیڤانەی ئیسلام، کتێبەکە دەچێتە سەر ڕوونکردنەوەی خاڵە بەهێزەکانی ئیسلام و هۆیەکانی پێشکەوتنی موسڵمانەکان، دواتریش چۆنیەتی هەڵوەشانەوە و لە ناوبردنی دیاریدە پێشکەوتوو، و گەشەکردووەکانی دەکاتە هێڵەگشتییەکانی هەنگاوە عەمەلییەکانی وەزارەتی مستعمرات. لە کتێبەکەدا هاتووە کە :

1 – پابەند نەبوون بە دەمارگیرییە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان، زمان و کلتوری نەتەوەیی و پێشینەی مێژووییەوە.

2 – حەرامکردنی سوخۆری (الربوية usury: )، ئیحتکارکردن { احتکارکردن لێرەدا بەو مانایە بەکاربراوە کە کالایەک بە هەرزان بکڕیت و لە مەخزەندا بیشاریتەوە تا کاتی کەمبوون و نەمانی هەمان کـالای دیـایکراو لــە بازاڕدا، پاشان زۆر بەگرانتر بیفرۆشیتەوە لــە و نرخــەی کــە پێــشتر کڕیووتــە – وەرگــێڕی کــوردی }، مــەی خواردنەوە، خواردنی گۆشتی بەراز و تاد....

3 – خۆشەویستی و پابەند بوونی توندی موسڵمانەکان بە زانایانی ئاینیــەوە لــە ســەر بنــەمای ئــاین و بیروباوەڕەکەیانەوە.

4 – ڕێز گرتنی گشتی موسڵمانەکان لە خەلیفەی ئێستاکە (مەبەســتی هێمفــێر لــە خەلیفــەی عوسمانییــە – وەرگێڕی کوردی) و باوەڕبوونیان بەوە کە ئەو جێگر و وەلیئەمری پێغەمبەرە و لەم ڕەویشەوە ملکەچکردن بــۆ فەرمانەکانی، هەروەک ملکەچکردنە بۆ فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەر.

5 – واجب بوونی جیهاد لە دژی بێباوەڕەکان.

6 – بڕوا بوونی شیعە مەزهەبەکان بەوەی کەخەڵکی ناموسڵمان (بە دیندار و بێدینەوە) پیس و ناپاکن.

7 – بڕوا بوون بەوەی کە ئاین ئیسلام لەسەرو هەموو ئاینەکانیترەوەیە.

8 – ڕێگانەدانی شــیعەکان بــە دروســتکردنی پەرســتگاکانی یــەهودی و مەســیحییەکان لــە ناوچــەو شوێــنە ئیسلامییەکاندا.

9 – زەرورەتی کردنە دەرەوەی یەهودی و مەسیحییەکان لە سەر خاکی دورگەی عەرەبیدا (بە باوەڕی زۆرینــەی موسڵمانەکان).

10 – پراکتیزەکردنی ئەنجامدانی فەرزکردنی نوێژ، ڕۆژو، حەج، بە تامەزرۆیی و حەزی زۆرەوە.

11 – بڕوای شیعەکان بە دانی خمسە (ئەوەندەی من تێگەیشتووم"خمس" :جۆرێکە لە زەکات کە دەبێت بدرێــت بە ئەهلی بەیت – وەرگێڕی کوردی) و دابەشکردنەوەی بەسەر موسڵمانەکاندا لەلایەن زانا ئاینییەکانەوە.

12 – پابەند بوون بە بیروباوەڕی ئیسلام، لەڕووی ئیمان و دڵسۆزییەوە.

13 – بڕوا بوون بە پەروەردەو فێرکردنی تەقلیدی منداڵان و لاوەکان، بەمەبەستی پتەوکردنی بناغەکانی خــێزان و پێویستی بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان باوکان و منداڵەکانیان.

14 – جەختکردن لەسەر پێویستی حیجابی ژنان کە هۆیەکە بۆ بەرگرتن بــە فەســاد و پەیوەندییــە سێکــسییە نامشروعەکان.

15 – لەڕۆژێکدا چەندجار نوێژکردنی بە کۆمەڵ و کۆبونەوەی خەڵکی هەرگەڕەکێک لە مزگەوتەکاندا.

16 – ڕێزدانان بۆ گۆڕەکان و مەزارگەکانی پێغەمبەر، ئەهلی بەیت، زانایان و کەســانی ئاشــتیخواز، هــەروەها دروستکردنی ئەو مەزارگانە لە ناوەندەکانی کۆبوونەوەی خەڵک و شوێنە بەرچاوەکاندا.

17 – ڕێزگرتن لە سەیدەکان :" کوڕ و نەوەکانی پێغەمبەر"، بەیاد هێنانەوەی ناوی پــێغەمبەر، بەجۆرێــک کــە ئەو لە تێڕوانینی موسڵمانەکانەوە هەمیشە زیندووە و شایانی درود و ئافەرین لێکردنە.

18 – بەرپاکردنی مەراسیمی ماتەمینی حسین لەلایەن شیعەکانەوە و کۆبوونەوەی گەورەی ئەوان بەم بۆنەیەوە لە مانگەکانی موحڕەم و سەفەردا و خوتبەدان و لــێدوانە سیــستماتیکەکان کــە کاریگــەر بەرچــاویان لەســەر بەهێزکردنی باوەڕی موسڵمانەکان هەیە وئەمانەیش دەبنە هۆی ناچار کردنیان بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە.

19 – پێویستی پەیڕەویکردن لە دروشمی" ئەمر بە چــاکە و نــەهی لــە خراپــە"، وەک یەکــێک لــە پرەنــسیپە گرنگەکانی ئیسلام.

20 – بەتام وچێژ نیشاندانی شوکردن و ژنهێنان و ئامۆژگاریکردن بۆ زیادکردنی منداڵ و هێنانی چەندژن.

21 – ڕێزگرتن لەو کەسانەی کە هیدایەت و ڕێنمایی بێباوەڕان دەکەن، بەڕادەیەک کە ئەگەر هەرکەسێک کافرێک بکاتە موسڵمان، ئەوا لە هەموو سەروەت و سامانی دنیا بۆی باشترو بەسوودترە.

22 – گرنگی پەیڕویکردن لە سونەتی باشە.." هەرکەسێک کە پەیڕەوی لە سونەتێکی باشە بکات، ئەوا دوو پاداش وەردەگرێتەوە، پاداشێکی بۆ سونەتە باشەکەیەتی و پاداشتێکیتر بۆ بەجێهێنانی هەمان سونەتی باشەیە".

23 – ڕێزدانانی زۆر بۆ قورئان و حەدیس و پێویستی پەیڕەوی لێکردن و بەکاربردنیان کە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی بەهەشت.

پاش لە باسکردنی لایەنە بەهێزەکانی ئیسلام، لە بەشەکانی دواتری کتێبەکەدا، چۆنیەتی ڕێگا عەمەلییەکانی فراوانکردنەوەی خاڵە لاوازەکان و تێکشکاندنی لایەنە بەهێزەکانی ئاینی ئیسلام، بەبەڵگە و ئەزمونی بەهێزەوە خراونەتە ڕوو. ئینجا کتێبەکە، ئەو هەنگاوانەی کە بە پێویستیان دەزانێ لە ڕاستای فراوانکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی موسڵماناندا هەڵبهێنرێنەوە، بەشێوەی فهرێستێک ئاراستە دەکات :

1 – پەرەدان بە ناکۆکی ئاینی لە ڕێگای دروستکردنی هەستی بەدگومانی لە نێوان موسڵمانە شیعەو سونەکاندا. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیش، پێویستە چەند بابەتێکی سوکایەتی ئامێز لەلایەن هەردووگروپەکەوە دژ بەیەکتری بنووسرێت. لەجێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامی ناکۆکی و دووبەرەکایەتی نانەوەیەدا، زیادە خەرجی کێشەیەک نییەو نابێت لە خەرجکردنی پارەیەکی زۆر خۆبپارێزرێت بۆ بەدیهاتنی هەمان ئامانج.

2 – هێشتنەوەی موسڵمانان لە نەزانی و نەخوێندەواریدا، هەوڵدان بۆ ڕێگاگرتن لە دامەزراندن و کردنەوەی هەموو ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن، دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لە سەر ڕێگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبە ئاینییەکان و لە کاتی پێویستیشدا سووتاندنی کتێبخانە گشتییەکان و ترساندنی خەڵک تا منداڵەکانیان نەنێرن بۆ قوتابخانە ئاینییەکان، ئەمەیش لەڕێگای تۆمەت خستنە پاڵ مەرجەع و زانا گەورەکانیانەوە.

3 – پروپاگەندە بۆ تەمەڵی و بەرگرتن بە تێکۆشان و چالاکی کۆمەڵایەتی، ئەویش لە ڕێگای پێناسە کردنی دنیای پاش لە مردن و بەرجەستەکردنەوەی دیمەنی جوان و جۆراوجۆری بەهەشت لەبەر چاوی خەڵکدا. لە ئەنجامیشدا دڵیان ساردبکەینەوە و وایان لێبکەین کە تاقەتی هەوڵدانیان بۆ ژیان نەبێت و لە چاوەڕوانی مەلەکوت و بەهەشتی دواڕۆژدا بمێننەوە.

4 – پەرەدانی هەمەلایەنە بە خانقای دەروێشەکان، ئەویش لە ڕێگای چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێب و نامیلکانەی کە خەڵکی عەوام لەشتە دنیاییەکان دووردەخەنەوە و خەڵکی تووشی گۆشەگیری دەکەن وەک زیندووکردنەوەی زانسەکانی غزالی، مثنوي مولوی و کتێبەکانی محی الدین العربی.

5 – سەلماندنی ڕەوایی دەسەڵاتی پاشاکان و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و ملهوڕ، لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی حەدیسەکانی وەک :" سوڵتان سێبەری خوایە لە سەرزەویدا – السلطان ظل الله في الارض"، یان بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیە کە ئەبوبەکر، عوسمان، عومەر، عەلی، بنی ئومەیە و بنی عباس، هەموویان بە پشتبەستن بەتووند و تیژی و بەزۆری شمشێر، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە و بەکورتییەکەی شمشێر حوکمی کردووە بەسەر دەسەڵاتیاندا، یان نیشاندانی کۆبوونەوەکانی سەقیفە وەک شانۆگەرییەک کە سەرەداوەکەی بەدەستی عومەرەوە بووە و لەم ڕووەیشەوە، ئاشکراکردن و خستنە ڕووی چەند بەڵگەیەکی وەک سوتاندنی خانوەکانی لایەنگرانی عەلی و لەوانەیش خانوەکەی فاتمەی هاوسەری لە لایەن عومەری کوڕی خەتابەوە. پیشاندانی ئەوە کەخەلافەتی عومەر لەڕووکەشدا بە پێێ وەسیەتی ئەبووبەکر بووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەهۆی هەڕشەلێکردن و تۆقاندنی نەیارەکانییەوە بووە. هەڵبژاردنی شورای درۆینە بەمەبستی هەڵبژاردنی عوسمان و بۆ دژایەتیکردنی عەلی کە سەرئەنجام بووە هۆی ئاژاوە و کوشتنی عوسمان و گەیشتنی عەلی بە خەلافەت. خەلافەتی معاویە لەڕێگای فێڵ و تەڵەکە و بەزۆری شمشێر بووە، جێگاگرتنەوەی جێنشینەکەیشی بەهەمان شێوەی خۆی بوو تا کاتی دەستپێکردنی یاخی بوونە چەکدارییەکەی سفاح بەڕابەرایەتی ابومسلم و دامەزراندنی خەلافەتی بنی عباس. خەلیفەکانی ئیسلام، لە سەردەمی ئەبوبەکرەوە تا ئەمڕۆ کە سەردەمی

فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەکانە، هەموویان ملــهوڕ و دیکتــاتۆر بــوون : لــە سیــستەمی ئیــسلامیدا، هەمیــشە حکومەتی دیکتاتۆرەکان سەقامگیر بووە و حوکمی کردووە.

6 – فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی تێکدانی باری ئاسایشی ڕێگاوبانەکان، ئــاژاوە نانــەوە و دروســتکردنی پشێوی لە شارو لادێکاندا، ئەوەیش لەڕێگای پشتیوانیکردن لە ئاژاوەگێڕەکان و ڕێگانەدان بە سزادانی چــەتەو ئاژاوەگێڕەکان و هاندانیان بۆ چەتەیی و فەرهودکردن، بە هــەمان مەبەســتیش پێویــستە کــە پــارەو چــەکیان بەسەردا دابەش بکرێت.

7 – بەرگرتن بە هەمــەکی بوونــەوە و گەشــەکردنی تەندروســتی، تــەرویجکردنی بــیرو بــاوەڕە جــەبری و قەدەرییەکانی وەک ئەمە کە هەموو شتێک لە دەستی خوا دایە و دەرمان بۆ نەخۆشییەکان ئەنجامــێکی نابــێت، دەبێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان پشت بەم ئایەتە ببەسترێت کە دەڵێت :" ئەوەی کــە خــواردن و ئــاوم ئەداتێ، ئەگەر نەخۆشیش کەوتم، ئەوە هەر ئەوە کە چارەسەرم دەداتێ و چاکم دەکاتەوە ــ الذي هو يطعمنـــي و ليسقيتي و اذ مرض فهو يشفيني"، یان"ئەوەی کە دەمرێنێت، هەرئەویشە کە زیندووم دەکاتــەوە – الذي يمتني ثــم يحيتي". ژیان و مردن لە دەستی خوادایە. بەبێ تواناو ئیرادەی ئەویش، شیفای نەخۆش و ڕزگاربوونی لە مەرگ مەحاڵە و ئەمجۆرە ڕووداوانەیش هەمویان قەدەری خوداییین.

8 – هێشتنەوەی وڵاتانی ئیسلامی لە هەژاری، نەداری و وێرانیدا و ڕێگاگرتن لە هەرجۆرە چاکسازی (ڕیفــۆرم) و گۆڕانکارییەک.

9 – پەرەدان بە فیتنەیی، ئاژاوەگێڕی و پاشاگەردانی و پروپاگەندەکردن بۆ ئەم بیروبۆچوونە کە ئیسلام ئاینی پەرستن و خۆپارێزییە و هەقی بەسەر کاروباری دنیاییەوە نییە. محەمەد و جێنــشینەکانی هــیچ هەنگاوێــکیان هەڵنەهێناوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە دنیاییەکان و ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان.

10 – ئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەو خاڵانــەی ســەرەوە، دواکــەوتوویی ئــابوری و زیــادکردنی بــێکاری و هەژاری گشتییە. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، بــۆ داســەپاندنی دواکــەوتوویی هەرچــی زیــاتر بەســەر وڵاتــانی ئیسلامیدا، پێویستە کە دانەوێڵەو خەلەوخەرمانی جوتیاران بسوتێنرێت، کەشتییە بازرگانییەکان لەدەریاکاندا نوقم بکرێن، ناوەندە بازرگانی و پیشەسازییەکان بسوتێنرێن، بەنداو (سد)ەکــان بروخــێنرێن و ئاوادانییــەکان وێران بکرێن، سەرچاوەکانی ئاوی خواردنــەوەی خــەڵک ژەهــراوی بکرێــن. پێویــستە کەلــە ڕێــگای بایــەخ وگرنگیپێدانی ئەوانەوە، بەتەواوی پێداویستییەکانی دواکەوتوویی و هەژاری خەڵک فەراهەم بکرێت.

11 – فاسدکردنی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەواکانی وڵاتانی ئیسلامی، ئەمەیش لەڕێگای پەرەدان بــە مەشــروب خواردنەوە، قومار و شێوەکانیتری فەسادەوە لە ناویاندا و بەهەدەردانی ئەو سەروەت و مــوڵکی گــشتیەی کــە لەدەستیاندا کۆبووەتەوە تا ئەو ڕادەیەی کە پارەیەکیان بــۆ خەرجییــە دیفاعییــەکان و خــەرجی ئــاوەدانی و گەشەی ئابووری لە دەستدا نەمێنێتەوە.

12 – بڵاوکردنەوەی دەنگۆی دیلی و کۆیلەیەتی ژنان و سوکایەتی پێکردنیان، ئەمــەیش بــە پــشت بەســتن بــە ئایەتی" پیاوان بەسەر ژناندا زاڵن – الرجال قوامون علي نساء"، یان حدیثي" ژن سەرتاپا خراپەیــە – المرئة شــر كلها".

13 – بێگومان لەزۆربەی ناوچەکاندا، فاکتەری گشتی پیسبوونی ژینگــەی شــارو دێــهاتە موسڵمانانــشینەکان، کەمبوونی ئاوە، دەبێت بەهەر نرخێک بووە کە فێڵێک بکرێــت تــاکو بــەر بــەزیادبوونی ئــاو بگیرێــت و بــەم هۆیەشەوە ڕێژەی پیس و پۆخڵی شارو دێهاتەکان زیاد بکرێت.

بەندێکی تری کتــێبەکە تــەرخانکراوە بــۆ ئامۆژگــاریکردنی شــێوەی لــەناوبردنی فاکتــەرە بەهــێزەکان و تواناییەکانی موسڵمانان و چۆنییەتی لاوازکردنیان کە ئەم بەشەش بۆخۆی جێگای سەرنجە :

1 – بەهێزکردنی ئەو ئایدیانەی کە دەبنە هۆی زیندوکردنەوەی دەمارگیری خێڵەکی، ڕەگەزی و نەتەوەییانە، بەتووندی وابەستەکردنیان بە کەڵچەر، زمان وڕابردووی خۆیانەوە، بەڕادەیەک کە ڕێزێکی زۆر لەکەســایەتییە

مێژووییە قارەمانەکانی خۆیان بگرن، کە بەرلەهاتنی ئیسلام دەرکەوتوون، وەک زیندووکردنەوەی فیرعەونییەت لەمیسرد، ئاینی زەردەشتی لە ئێراندا و بتبەرستیش لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا. لەم بەشەی کتێبەکەدا، نەخشەیەکی گەورە هاتووە کە ناوەندی چالاکییەکان لەو سەرزەمینانەی ئاماژەیان بۆکرا دیاریدەکات.

2 پەرەدان بە مەی خواردنەوە، قومار، فەساد، سێکس و هاندانی خەڵک بۆ خواردنی گۆشتی بەراز : لەمجۆرە چالاکییانەدا دەبێت کەمایەتییە ئاینییەکانیتری وەک جولەکە، زەردەشتی و مەسیحیەکانیش هاوکاری یەکتری بکەن و لەهەوڵی پەرەپێدانی ئەو شێوە فەسادانەدا بن. لە هەقی ئەوەیشدا، وەزاراتی مستعمرات پاداشت و خەڵاتیان بۆ لەبەرچاودەگرێت. دەبێت کەسانی کارامەو لێهاتوو بۆ هەمان مەبەست ئامادە بکرێن و نابێت لەم ڕێگایەدا هیچ هەلێک لەدەستبدەن و چوار جۆرەکەی فەساد، واتە قومار، مەشروب، سێکس و خواردنی گۆشتی بەراز، هەرچی زیاتر پەرەپێبدەن. لەسەر کارمەندەکانی ئینگلیز لە وڵاتانی ئیسلامیدا فەرزە کە بەهەرشێوەیەک بەگونجاوی دەزانن، لەڕێگای خەڵاتکردن، پارەو شتەکانیترەوە، بەشێوەی ئاشکراو نهێنیٚ، پشتیوانی لەمجۆرە فەسادانە بکەن و نەیەڵن زیان بگات بەوکەسانەی کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەو کارانە، ئەمە لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە، دەبێت موسڵمانەکان هانبدەن بۆ خستنە ژێرپێی فەرمانەکانی ئیسلام و سەرپێچیکردن و نەفرەت لێکردنیان، چونکە بڕوا نەبوون بە حوکمەکانی شەرع، دەبێتە هۆی پشێوی و پچڕانی شیرازەی کۆمەڵگە، بۆ نموونە : لە قورئاندا سوخواردن مەحکومکراوە و بە یەکێک لە گوناهە گەورەکان ناوبراوە. کەواتە لە هەموو حاڵەتێکدا پەرەبدرێت بە سو و سەلەمخۆری و مامەڵەی حەرام و بەم هۆیەشەوە ئابوری لەبەریەک هەڵبوەشێنرێتەوە. پێویستە کە تەفسیری ناڕاست بۆ ئەو ئایەتە بکرێت کە سوخۆری حەرامکردووە. پێویستە ئەم ڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە سەرپێچیکردن لە دەستورێکی قورئان، زەمینەی سەرپێچیکردن لەگشت حوکمەکانی ئیسلام فەراهەم دەکات. دەبێت ئەوە بە موسڵمانەکان بگوترێت ئەوەی کە لە قورئاندا حەرامکراوە، قازانجی بەدەستهێنراوە، نەک سوی ئەو پارەیەی کە بە سودراوە :" سومەخۆن لەبەر ئەوەی کە پارەکەتان زیاد بکەن – لا تأكلو الربا اضعفا مضاعفة". لەبەرئەوە، وەرگرتنی سوی سادە حەرام نییە.

3 و 4 – تێکدانی پەیوەندیی دۆستانەی تێکەڵکراو لەگەڵ ڕێز، لە نێوان زانایانی ئاینی و ئاینی خەڵکدا، ئەرکێکە کە هیچ فەرمانبەرێکی ئینگلیز نابێت فەرامۆشی بکات. لەم ڕێگایەدا،دەبێت لە سەرەتادا دوو کاری سەرەکی بکرێت : الف – تۆمەت هەڵبەستن بۆ زانایان ئاین و مەرجەعە ئاینییەکان. بەگەڕخستنی هەندێک لە ڕۆشنبیرەکانی سەر بە وەزارەتی مستعمرات لە کارو پیشەی زانا ئاینییەکاندا : بە تایبەتی دەبێت ئەم ڕۆشنبیرە بەکرێگیراوانە بسەپێنین بەسەر زانکۆی الاءزهر، ناوەندە زانستی و ئاینییەکانی ئەستەنبوڵ و حەوزەکانی نەجەف و کەربەلادا. یەکێک لە هۆیەکانی پچڕاندنی پەیوەندی نێوان خەڵک و زانا ئاینییەکان، دروستکردنی قوتابخانە نوێیەکان و پەروەردەکردنی منداڵانە لەچوارچێوەی پرۆگرامەکانی وەزارەتی مستعمراتدا. لەم قوتابخانانەدا دەبێت پشت ببەسرێت بەو مامۆستایانەی کە ئێمە مووچەیان دەدەینێ تا لەڕێگای وتنەوەی وانە زانستییەکانی سەردەمەوە، پێداویستییەکانی ڕق و بێزاری لاوان دژ بە خەلیفەی عوسمانی و ئاین فەراهەم بکرێت. دەبێت بەدڕەوشتی، ستەمگەری و فەسادە ئەخلاقییەکانی خەلیفە بە ڕوونی بۆ قوتابیەکان باسبکرێن کە چۆن و بەچ شێوەیەک سامان و سەروەتی گشتی بۆ خۆشگوزەرانی و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت. و ئەم ڕەفتار و کردەوانەیشی، لەهیچ ڕووەیەکەوە بچوکترین لێکچوونیان لەگەڵ کردەوەو ڕەفتارەکانی پێغەمبەردا نییە.

5 – لەرزۆککردنی بیروباوەڕی زەرورەتی جیهادکردن و جەنگ لەگەڵ کافرەکاندا. دەبێت جەخت لەسەر بەیانکردنی ئەم خاڵە بکرێت و پێ لەسەرئەوە دابگیرێت کە فەرمانی جیهاد، تایبەت بووە بە سەردەمی

دەرکەوتنی ئیسلامەوە و بە مەبەستی سەرکوتکردنی نەیارانی ئەم ئاینە بووە و ئێستا ئیتر جیهاد پێویستی خۆیی لەدەستداوە.

6 – مەسەلەی پیسی و گلاوی کافرەکات کە تایبەتە بە بیرورای تەشەیعەوە، یەکێکە لەو کێشانەی کە دەبێت لەمێشکی موسڵمانانەدا بسرێتەوە و لەگەڵ بە بیرهێنانەوەی ئایەت و حەدیسەکاندا، پاکبوونی بێباوەڕانیان بۆ بسەلمێنرێت. لەورووە پێویستە پشت بەم ئایەتە ببەسترێت :" ئەوشتەی کە ئەهلی کتێب خواردیان، بۆ ئێوەیش حەڵاڵە و ئەوەی کە ئێوەیش دەیخۆن بۆ ئەوانیش حەڵاڵە. ژنانی داوێن پاکی باوەڕدار و ژنە داوێن پاکەکانی ئەهلی کتێب (جولەکە و کریستییەن)یش حەڵاڵن – وطعام الذین اوتوا الکتاب حل لکم و طعامکم حل لهم والمحصنات من المومنات الذین اوتوا الکتاب من قبلکم". دەبێت ئەوە بە موسڵمانەکان بگوترێت کە ئەی ئەوە نەبوو پێغەمبەریش هاوسەرێکی جولەکە (صفیه) و هاوسەرێکی مەسیحی (ماریە) ی بۆخۆی هەڵبژارد بوو : ئایا دەتوانرێت بگوترێت کە هاوسەرەکانی پێغەمبەریش گلاو بوون ؟

7 – ئەبێت ئەوە بۆ موسڵمانەکان بسەلمێنرێت کە مەبەستی محەمەد لە ئاین تەنانەت تایبەت نییە بە ئیسلام، هەروەکو لە قورئانیشدا باسکراوە، بەڵکو ئاین ئەوانەیش دەگرێتەوە کە لە لایەن خواوە کتێبیان دراوەتیٚ (جولەکە و مەسیحییەکان ) و پەیڕەوانی ئاینەکانی تریش موسڵمانن. لەقورئاندا هاتووە کە حەزرەتی یوسف داوای لە خوا کردووە کە بە موسڵمانی بمرێت – توفني مسلما"– پێغەمبەرەکانی وەک ئیبراهیم و ئیسماعیلیش لە خوا پاڕاونەتەوە کە : (خوایە ئێمەیش بخەرە ڕیزی موسڵمانەکانەوە و خێزانەکانیشمان بخەرە ڕیزی ئۆمەتی ئیسلامەوە – ربنا اجعلنا مسلمین لك ذریتنا امة المسلمة لك". یعقوب پێغەمبەریش، ڕوو لە منداڵەکانی دەکات و دەڵێت :" بەر لەوەی کە بمرن موسڵمان ببن – فلا تموتن الا و انتم مسلمون".

8 – بابەتێکی گرنگتر، فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی دروستکردنی کڵێساکان و کەنیسەکانە : دەبێت لە قورئان، حەدیس و مێژووی ئیسلامەوە بەڵگە بهێنرێتەوە تا موسڵمانان قەناعەت پێبکرێن کە پەرستگاکانی ئەهلی کتێب ڕێزیان لێگیراوە. لە قورئاندا هاتووە :" ئەگەر خوا ڕێگای لە خەڵک نەگرتبایە، کڵێساکانی مەسیحییەکان، کەنیسەکانی جولەکەکان، کوورەکانی ئاگری زەردەشتییەکانیان وێران دەکرد – ولو لا دفع الله الناس بعضهم بعض، لهدمت صوامع وسلوات". دەکرێت لەو ئایەتە کەڵک وەربگیرێت بۆ سەلماندنی ئەمە کە ئیسلام ڕێز لەپەرەستگاکان دەگرێت و موسڵمانەکان ناتوانن و نابێت کە ئەو پەرەستگایانە لە ناو ببەن.

9 – چەند حەدیسێک لە زمانی پێغەمبەرەوە دەهێننەوە کە نکوڵی لە ئاینی جولەکە دەکات، وەک ئەمە :" جولەکەکان لە دورگەی عەرەبدا دەربکەن"، یان ئەمە کە:" دوو ئاینی جیاواز ناتوانن لە دورگەی عەرەبدا پێکەوە بگونجێن". بەهەرحاڵ، دەبێت لە بارەی ڕاستی و دروستی ئەم حەدیسانەوە گومان لە لای موسڵمانەکان دروست بکەین. بۆ نموونە، دەبێت بگوترێت :" ئەگەر ئەم جۆرە حەدیسانە ڕاست بوونایە، ئەوا دەبوایە کە محەمەد هەرگیز هاوسەری جولەکەی بۆخۆی هەڵنەدەبژاردایە و هەندێکیش لە ئەسحابەکان (وەک طلحە ) ژنی جولەکەیان نەدەبوو، یاخود لەگەڵ مەسیحییەکانی نەجراندا ڕێککەوتنی ئاشتی ئیمزا نەدەکرد.

10 – پێویستە کە موسڵمانان لە عیبادەتکردن دوور بخرێنەوە و لە بەرانبەر واجبەکانی پەرستندا گومانیان لەلا دروست بکرێت. بە تایبەتی دەبێت لەسەر ئەم خاڵە جەخت بکرێت کە خوا پێویستی بە ئیتاعەتکردنی بەندەکانی خۆی نییە. حەج بە شتێکی پووچ لە قەڵەم بدرێت و بەتووندی موسڵمانەکان لە سەفەرنەکردن بۆ مەککە و کۆبوونەوەیان لەوێدا، ئاگادار بکرێنەوە، هەروەها کۆبوونەوە لە مەراسیمی ماتەمینی و لەخۆدان و تاد... بۆ ئامانجەکانمان مەترسییان هەیە و دەبێت بە تووندی بەریان پێبگیرێت. دەبێت بەهەر شێوەیەک بووە ڕێگا نەدرێت کە کۆبوونەوە لە ناو مزگەوتەکان، لە سەرگڵکۆ و مەزارگەی کەسانی گەورەی ئاینی و لە ناوقوتابخانەکاندا بکرێت.

11 – چەند کارێکیتر کە بوونەتە هۆی بەهێزکردنی نفوزی ئیسلام لە ناوچەکەدا، بابەتی خەمسەو دابەشکردنی دەسکەوتە جەنگییەکانە. ئەوەش هۆکارێکە بۆ نفوزکردنی زانا ئاینییەکان لە ناوخەڵکدا. خمسە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو داهاتانەوە کە لە بازرگانی وئالو ویرەوە بە دەست دەهێنرێت. پێویستە موسڵمانان لەوە ئاگادار بکەینەوە کە زەکات لە سەردەمی پێغەمبەر و ئیمامەکاندا واجب بووە و ئەمڕۆ ئیتر زانایانی ئاینی مافی ئەوەیان نییە کە زەکات بکەنە واجبێک لەسەر خەڵک، بە تایبەتی کە زانا ئاینیەکان داهاتی خمسە بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان خەرج دەکەن و خانو، کۆشک، باخ، ئەسپ و مەڕو مالاتی پێدەکڕن. لەبەر ئەوە، لەڕووی شەرعەوە، خمسە پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە و نابێت بۆ ئەوان بێت.

12– دەبێت هەوڵبدەین کە ئیسلام وەک ئاینی ناکۆکی و ئاژاوەگێڕی بناسێنین و عەشق و ئیمانی موسڵمانان بەرانبەر بەم ئاینە کەم بکەینەوە. بەڵگەیش بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، هەبوونی ناکۆکییە هەنوکەییەکانی نێوان وڵاتە ئیسلامییەکان و تێکچوونی هەرچی زیاتری باری ئاسایشی ئەو وڵاتانەیە.

13 – پێویستە نفوزبکرێتە ناو خێزانەکان و پەیوەندییەکانی نێوان باوکان و منداڵاکانیان تا ئەو ڕادەیە تێکبدەین کە چیتر نەچنە ژێرباری ئامۆژگاری و پەروەردەی گەورەترەکانیان و بیانخەینە ژێر کاریگەری کلتوری ئیستعمارییەوە. لەم حاڵەتەدا، ئێمە دەتوانین لاوەکان لەژێر کاریگەری و دەسەڵاتی بیروباوەڕی ئاینییدا دەربهێنیین و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ زانا ئاینییەکاندا بپچڕێنین.

14 – لەبارەی مەسەلەی بێ سەرپۆش (حیجاب)ی ژنانیشەوە، دەبێت هەوڵێکی زۆر بدەین تا ژنانی موسڵمان وا لێبکەین کە تامەزرۆی بێ حیجابی و ڕزگار بوون لە سەرپۆش پۆشین ببن. بۆگەیشتن بەو مەبەستەیش، دەبێت بە پشت بەستین بە بەڵگەنامە مێژووییەکان و ئەوە بسەلمێنین کە داپۆشراوی ژنان لە سەردەمی بنی عەباسدا کراوەتە عادەت و بەهیچ شێوەیەک یەکێک لە سونەتەکانی ئیسلام نییە. خەڵکی هاوسەرەکانی پێغەمبەریان بەبێ حیجاب دەبینی و لەسەردەمی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئیسلامدا، ژنانیش شانبەشانی پیاوان لە هەموو کاروبارەکانی ژیاندا بەشدار بوون و چالاکیان لەخۆ دەنواند. پاش ئەوەی کە لە ڕێگای پروپاگەندەیەکی فراوانەوە توانیمان کێشەی حیجابی ژنان کۆتایی پێبهێنین، ئەوجا ئەرکی کارمەندەکانمان ئەوەیە کە کوڕە گەنجەکان هانبدەن بۆ دڵداری و پەیوەندی سێکسی نا مشروع لەگەڵ ژناندا و لەم ڕێگایەشەوە فەسادی ئەخلاقی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا پەرە پێبدەن. پێویستە کە ژنانی ناموسڵمانان بە بێ سەرپۆش دەربکەون و ببینرێن بۆ ئەوەی کە ژنانی موسڵمانیش لاساییان بکەنەوە.

15 – دەبێت لە ڕێگای تۆمەت خستنە پاڵ خەتیب و مەلاکانەوە، هەرجۆرە نوێژێکی بەکۆمەڵ (جەماعت) تێکبدرێت و کارێک بکرێت کە مەیلی پێشوازیکردنی خەڵک بۆ نوێژی جەماعەت کەمبکرێتەوە. بەتایبەتیش پێویستە کە چەند بەڵگەیک لەبارەی داوێنپیسی خەتیب و مەلاکانەوە بخرێتە ڕوو تا هەموجۆرە پەیوەندییەکی نێوان ئەوان و خەڵک بەتەواوی تێکبدرێت.

16 – یەکێک لە گیروگرفتەکان، سەردانی موسڵمانەکانە بۆ مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکان. پێویستە لەڕێگای چەند بەڵگەیەکەوە ئەوە بسەلمێنین کە بایەخپێدانی گۆڕەکان و ڕازاندنەوەیان بیدعەیەو بە پێچەوانەی شەرعەوەیە. لەسەردەمی پێغەمبەردا، ئەمجۆرە نەریت و ڕێزلێنانە نەبووە و عیبادەتکرنی مردووەکان باوی نەبووە. دەبێت پلە بە پلە و لەڕێگای ڕوخاندنی بیناو سیمبولەکانی ئەم گۆڕانەوە، خەڵک لەسەردانی ئەو شوێنانە دوور بخەینەوە. یەکێک لە پرۆژە بەکەڵکەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، چۆنییەتی گومان دروستکردنە لەسەر ڕەسەنایەت (اصالت) ی ئەم مەزارگایانە. بۆنموونە، دەبێت ئەوە بە خەڵک بگوترێت کە پێغەمبەر لە مزگەوتی نەبی (مسجدالنبي) دا نەخراوەتە ژێر خاکەوە، بەڵکو خراوەتە ناو گۆڕەکەی دایکییەوە. لەبەرئەوە، هەموو ئەولیاو کەسە گەورەکانی ئیسلام لەو شوێنانەی کە بە گڵکۆ و مەزرگای ئەوان ناسراون، بەخاک نەسپێردراون. ئەبوبەکر و عومەر لە بقیعدا دفن کراون و کەس نازانێت کە گۆڕەکەی عوسمانیش

لەکوێییە. مەزاری ئیمامی عەلی لەبەسرەیەو ئەو گۆڕەی کە لەنەجەفدا کراوەتە شوێنی زیارەتکردنی موسڵمانەکان، گۆڕی مغیرەی کوڕی شوعەیبە. سەری حسەین لە مزگەوتی (حنانە) دا دفن کراوە و کەسیش نازانێت کە لاشەکەی لەکوێدا کراوە بەژێر خاکەوە. لە کاظمین دوو خەلیفەی عەباسی دفن کراون، نەک حەزرەتی موسا کاظم و جواد الائمە. مەزارگەی مەشهەد، گۆڕی هارونە ڕەشیدە نەک مەزارگەی حەزرەتی ڕەزا. لە سامەڕایشدا خەلیفەکانی بنی عەباس نێژراوە، نەک ئیمامی هادی و ئیمامی عەسکەری. دەبێت هەوڵبدەین کە گۆڕستانی بەقیع تەخت و تاراج بکەین و هەموو شوێنە پیرۆزەکانی دیکەی وڵاتانی ئیسلامی بکەین بە کەلاوە.

17 – دەبێت هەوڵبدرێت کە سۆز و ڕێزێک کە شیعەکان هەیانە بۆ بنەماڵەکەی پێغەمبەر لە ناوببرێت. دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی محەمەددا بۆ پێغەمبەری گومان دروست بکەین و ئەو سۆزو ڕێزەی کە شیعەکان بۆ پێغەمبەر هەیانە لە ناوبچێت. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، دەبێت چەند کەسێک بەکرێ بگرین کە بە مێزەری سەوز یان ڕەشەوە خۆیان دەربخەن و بە درۆ خۆیان بکەنە وەچەو نەوەکانی پێغەمبەر. بەم شێوەیە، ئەو خەڵکانەی کە ئەوان دەناسن، وورده وورده دەکەونە گومانەوە لە سەیدە ڕاستەقینەکان و لە نەوەکانی پێغەمبەریش. مەسەلەیەکیتر ئەوەیەکە هەوڵبدرێت عەمامە لەسەری زانا ئاینی و سەیدە ڕاستییەکان لابرێت تاکو لەم ڕێگایەوە هەم پابەند بوون بە پێغەمبەر لە ناو ببرێت و هەم ڕێزی زانا ئاینییەکانیش لە ناوخەڵکدا نەمێنێت.

18 – شوێنەکانی ماتەمگێڕانی حسەین، یان حوسەینییە، ئەبێت نابود بکرێن و بکرێنە کەلاوە. هۆی ئەم کارەیش، دەبێت بە خەبات لەدژی گومڕاییەکانی موسڵمانان و ئەو بەدبەختیانەی کە لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرن، لەقەڵەم بدرێت. دەبێت بە هەموو توانایەکمانەوە هەوڵبدەین کە خەڵک نەچنە حوسەینیەو خۆیان لابدەن لەماتەمگێڕان بۆ حوسەین و وورده وورده وایان لێبکرێت کە واز لەوجۆرەکارانە بهێنن. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیش، دەبێت لەڕێگای کۆمەڵێک مەرج و دیسپلێنی توند وقورسەوە، دروستکردنی حوسەینییەکان دژوارو قورس بکرێنەوە.

19 – دەبێت ئازادی بیروڕاو پرسارکردن بخرێتە مێشکی موسڵمانەکانەوە. هەموو کەسێک دەتوانێت بە ئازادی بیربکاتەوە و حەزی لە هەرشتێک بوو بیکات. ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە واجب نییە. تەرویج کردنی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام پێویست نییەو دەبێت وازیان لێبهێنرێت. پەندێکی ئێرانی هەیە کە دەڵێت" عیسا بەدینی خۆیی و موسا بە دینی خۆی". پاش لەمردن، هیچ کەسێک ناچێتە گۆڕی کەسێکی دیکەوە. ئەگەر ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە واجب بێت، ئەوا دەبێت پاشاکان لە پێش هەرکەسێکی دیکەوە ئەم فەرمانە بەجێ بهێنن و خەڵکە ئاساییەکە هەقیان بەسەر ئەوەوە نییە.

20 – دەبێت نەوە دروستکردن کۆنترۆڵ بکرێت و نەهێڵین کە پیاوەکان لە یەک ژن زیاتریان هەبێت. دەبێت کاری ژن هێنان و شوکردن لە ڕێگای چەند بڕیارێکەوە ئاڵۆز و دژوار بکرێتەوە.. بۆ نموونە، نابێت کە هیچ پیاوێکی عەرەب ژنێکی ئێرانی بکاتە هاوسەری ژیانی، یان بە پێچەوانەکەیشیەوە ڕاستەو نابێت هیچ پیاوێکی ئێرانیش ژنێکی عەرەب بکاتە هاوسەری خۆی و بەمشێوەیە پیاوە تورکەکانیش نەتوانن کە ژنێکی عەرەب، یان فارس بکەنە هاوسەری ژیانی خۆیان.

21 – دەبێت مەسەلەی بەجیهانی کردنی ڕێنمایی وئامۆژگارییەکانی ئیسلام بە تەواوی ڕەتبکرێتەوە و ئەو دەنگۆیە لە ناو کۆمەڵگەدا بڵاو بکرێتەوە کە ئاینی ئیسلام، ئاینی کۆمەککردن و هیداتکردن نییە و تەنها ئاینی خێڵێکە، هەربەو جۆرەیش کە قورئان بڕیاری لەسەر داوە :" ئەم ئاینە بۆ یادەوەری خۆت و خێڵەکەتە ـ أنه لذکر لك ولقومك".

22 – سونەتە باشەکانی ئیسلام، وەک دروستکردنی بینای مزگەوتەکان، قوتابخانەکان و ناوەندە فێرکارییەکان، دامەزراوە و ئۆرگانە خێرخوازییەکانی وتاد...، دەبێت هەموویان لە ناوببرێن، یان لانی کەم سنوردار و کەمبکرێنەوە. دروستکردنی ئەوانەو بەڕێوەبردنیان ئەرکی دەوڵەتەکانە، نەک زانایانی ئاینی. هەر

کاتێک که دەوڵەتەکان دەستبەن بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی ئەوانە، ئیتر بەهای ئاینیان نامێنێت و لە نــاو دەچن.

23 – پێویــستە کــە لــە ڕاســتی و ڕەســەنایەتی ئــەو قورئانــە کــەم بکەینــەوە کــە ئێــستا لەبەردەســتی موسڵمانەکاندایە، ئەویش لەڕێگای چاپکردن و بڵاوکردنــەوەی ئــەو قورئانانــەوە کــە شتــێکی کــەمتر یــاخود زیاتریان لەم قورئانەی ئێستا تێدایە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە گومانی خەڵک لەسەر ئەساڵەتی ئەو زیاد بکەین. بەتایبەتی دەبێت سەرنج بدەینە سەر ئەوە کە بەگشتی ئایەتە سـووکایەتی ئامـێزەکان سـەبارەت بـە مەسیحییەت و یەهودی و بێباوەڕەکان، هەروەها ئایەتەکانی ئەمر بەچاکە و جیهاد لە قورئاندا لاببەین. چـەند نوسخەیەک لەم قورئانانە بگۆڕینە سەر زمانی تورکی، فارسی و هیندی و پاشان چـاپ و بڵاویـان بکەینـەوە. دەبێت حکومەتە موسڵمانە نا عەرەبییەکان هانبدەین کە لە ناوچەکانی بندەستیاندا ڕێـگا لــە قورئانخوێـندن، بانگدان و نوێژ بە زمانی عەرەبی بگرن. شتێکیتر کە پێویستە سەرنجی بدەینێ، گومـان دروسـتکردنە لەسـەر حەدیس و ڕیوایەتەکانی ئاینی ئیسلام. لە لایەکی دیکەیشەوە دەبێت هەر بەوجۆرەی کـە لــە تەرجەمــەکردنی قورئاندا تەحریف دەکەین، تەحریفیش لە حەدیسەکاندا بکەین.

بەکورتییەکەی، ئەوەی کە لە کتێبی دووەمیاندا بینیم و لێی تێگەیشتم، زۆر چاک و بەسـود دەهاتنــە پـێش چاوم. شایانی باسە کە ئەم ناونیشانەشیان لە سەر کتێبەکە دانا بوو :" چۆن ئیــسلام لــە نــاو ببــەین ؟". لــە ڕاستیدا ئەم کتێبە باشترین و وزانستیترین ئەو پرۆژانە بوو کە من و هاوکارەکانم ئەرکمان بــوو لــە وڵاتــانی ئیسلامیدا جێبەجێییان بکەین. پاش لە خوێندنەوەی کتێبەکە کە کاریگەریەکی زۆری لەسەرم دانابوو، چووم بۆ وەزارەتی مستعمرات تا کتێبەکەیان تەسلیم بکەمەوە. لەچاوپێکەوتنێکیتردا کە دووبارە لەگەڵ جێگری وەزیردا بووم، ڕووی تێکردم پێی گوتم :" تۆ بەتەنها نیت لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە دەبـێت ئەنجامبدرێــن، بــەڵکو گروپێکی گەورەیش لە هاوکارانی دڵسۆز و ڕاستگۆ کە لە سەرتاسەری وڵاتانی ئیسلامیداژمارەیان (50 ) هەزار کەسە، هاوکاری و کۆمەکت پێدەکەن. وەزارەتی مستعمرات لە بیری ئەوەدایە کە هــەنگاو بەهــەنگاو و لەگــەڵ چوونە پێشەوەی کارەکانیدا، ئەو ژمارەیە بگەیەنێتە سەد هەزار کەسێک. هەرکاتێک کە گروپێکی گەورەی وامان بۆ دروست بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵــێم کــە بەســەر وڵاتــانی ئیــسلامیدا زاڵ دەبــین و دەســتدەکەین بــە سڕینەوەی یەکجارەکی شوێنەوارەکانی ئیسلام".

پاشان جێگری وەزیر، بەمجۆرە درێژەی بەقسەکانیداو وتی :" مزگێنیت دەدەمێ کە لە ماوەی ســەدەیەکدا بــە ئامانج و ئارەزووەکانی خۆمان دەگەین. ئەگەر نەوەکانی ئەمڕۆی ئینگلیز سەرکەوتنەکانی ئایندەمان نــەبینن، ئەوا نەوەکانی داهاتوومان ڕۆژە خۆشەکانی ئایندە بە چاوی خۆیان دەبینن. ئەم پەندە ئێرانییە چەند جـوان و باشە کە دەڵێت : (پێشینان چاندیان و ئێمەیش خواردمان)، ئێمەیش دەیچێنین تاکو ئەوانی دوای ئێمە بیخـۆن. هەرکاتێک کە بەریتانیای گەورە، یان (پاشای دەریاکان)، سەرکەوتوو بێت لە تێکشکاندنی ئیــسلامدا و زاڵبــێت بەسەر ناوچەکەدا، ئەوا جیهانی مەسیحییەت لە هەموو ئەو ئازارو ژانانەی کــە لــە دوازدە ســەدەی ڕابــردوودا چەشتوویەتی، بە یەکجاری ڕزگاری دەبێت. لە دوازدە ســەدەی ڕابــردوودا، موســڵمانەکان چــەندین هــێرشیان کردووەتە سەرمان و چەندین جەنگیان بەســەردا ســەپاندووین : بۆنموونــە، جەنگــە صــلیبییــەکان کــە هــیچ قازانجێکی بۆ مەسیحییەت نەبووە، هەر بەو شێوەیەی کە هێرشی مەغۆل لەسەرەتای خۆیــەوە بــە مەبەســتی تالانکردن و وێرانکردنی وڵاتانی ئیسلامی دەستپێکرد، بەڵام چونکە بــەبێ لــێکۆڵینەوە و توێــژینەوە و بــەبێ ئامانج دەستی پێکرد بوو، نەیتوانی کە ئیسلام لە نێو ببات. پەلامار و هێرشی ئێمە بۆ سەر وڵاتــانی ئیــسلامی، وەک هێرش و پەلاماری مەغۆلەکان نییە کە تەنها لە چوارچێوەی کردەوە سەربازییەکان و کوشت و کوشــتار و تالانکردندا خۆی قەتیس بکات، بەڵکو ئێمە هیچ پەلەیەکمان لەم کارەدا نییە و زۆر بەشێنەیی ئەم کارە ئــەنجام دەدەین. حکومەتی بەریتانیای گەورە، لەگەڵ توێژینەوە و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی ڕێـگای تێکـشکاندنی

ئیسلامدا هەنگاو دەنێت و بە سەبر و حەوسەڵەوە بەدوای بەرنامە سیستماتیک و ووردەکانی خۆیدا دەچێت و سەرئەنجامیش بە دوا ئامانجی خۆی دەگات. بێگومان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، پەنا دەبەینە بەر هێزی سەربازی، بەڵام کردەوە و هەنگاوی سەربازی و جەنگی، دوایین ڕێگاچارە دەبێت و ئەو کاتەی کە بەتەواوەتی دەسەڵاتی خۆمان سەپاند بەسەر وڵاتە ئیسلامییەکاندا، بۆ سەقامگیر کردن و پاراستنی ئەو دەسەڵاتە و لەدژی ئەو گروپ و لایەنانەی کە دژی دەسەڵاتی ئێمە بن، پەنا بۆ چەک دەبەین. ئەوەیش گومانی تێدانییە کە دەسەڵاتدارانی ئەستەنبوڵ (عوسمانییەکان)، زۆر هوشیارن و ناهێڵن کە پرۆژەکانمان لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەخێرایی پراکتیزە بکەین، بەڵام دەبێت هەرلە ئێستاوە منداڵانی چینە ناوەنجییەکان (middle class) لەو قوتابخانانەی کە بۆمان ئامادەکردوون، پەروەردە بکەین. چەندین کڵێسا لەو ناوچانەدا دروست بکەین، دەبێت ئەوەندە پەرەبدەین بە مشروب، قومار و سێکس کە بە تەواوی نەوەی نوێی ئیسلام لە ئاین دوور بخەینەوە. دەبێت لە نێوان دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی ئیسلامیدا ناکۆکی و ملاملانێ جۆراوجۆرەکان پەرە پێبدەین و ئاگری فیتنەیی و دووبەرەکی خۆش بکەین. ئەشرافەکان و پیاوانی دەوڵەت و ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتدارن، بیانخەینە داوی ژنانی جوان و مەکربازی مەسیحییەوە و مەحافلەکانی ئەم ژنە ئەگریجە لولانە پەرە پێبدەین وبیانڕازێنینەوە تا وورده وورده لەڕێگای ئەمانەوە، ئەشرافەکان و پیاوانی دەوڵەتیش توانایی دینی خۆیان لە دەست بدەن و خەڵکیش گومانی خراپیان لەسەر دروست بکەن و بڕوایان بە ئیسلام کەمبکرێتەوە، لە دوا ئەنجامیشدا یەکێتی و یەکبوونی سێ لایەنەی زاناکان، حکومەت و خەڵک لە ناوببرێت. لە ڕەوشێکی لەو جۆرەدایە کە بە پەرپاکردنی جەنگە ماڵوێرانکەرەکان، بنەماکانی ئیسلام لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەتەکێنین".

# بەشی حەوتەم

سەرئەنجام، جێگری وەزیری وەزارەتی مستعمرات پەردەی لەسەر دووهەمین نهێنییەک کە پێشتر بەڵێنی پێدابووم پێم بڵێت و منیش چاوەڕوانی بیستنیم دەکرد، هەڵدایەوە : نهێنی دووەم بریتی بوو لەو ڕێککەوتنامەیەی کە لێپرسراوانی پایەبەرزی دەوڵەتی ئینگلیز کە هەموویان لەئاستی وەزارەتی دەرەوەدا بوون، پەسەندیانکردبوو. ئەم ڕێکەوتننامە پەنجا لاپەڕەییە، نەهجی وەزارەتی مستعمراتی بۆ شکستپێهێنان و لە ناوبردنی ئیسلام و موسڵمانانی لەماوەی سەدەیەکدا دیاریدەکرد. بەپێی پێشبینییەکانی ئەم نامیلکەیە، پاش لەو ماوەیەی کە دیاریکرابوو، ناوی ئیسلام لە سەر ئاستی جیهانیدا دەسڕایەوە و شوێنەوارێکی نەدەما. لە هەمان نامیلکەدا تەئکیدێکی زۆریش لەسەر ئەوە کرابوو کە بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامە 14 مادەییە، نهێنییە و نابێت بەهیچ شێوەیەک بابەتەکان و ناوەرۆکەکەی ئاشکرا بکرێت، چونکە ترسی ئەوە هەبوو کە ئەگەر موسڵمانەکان پێی بزانن، ئەوا ئەوانیش لەبەرانبەردا، بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن. کورتەیەکی ڕێکەوتنامەکە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو :

1 – هاوکارییەکی فراوان و کاریگەر لەگەڵ ڕوسیادا بەمەبەستی دەستگرتن و زاڵبوون بەسەر ناوچە موسڵمان نشینەکانی باشوری ئەو وڵاتە (بخارا، تاجیکستان، ئەرمەنستان، باکوری خۆرسان و پشتی رووبار – ماوراء النهر) دا. هەروها هاوکاریکردن لەگەڵ ڕوسەکاندا ئامانجێکی تریشی هەبوو، ئەویش دەستگرتن بوو بەسەر خاکی تورکمەنستان و ئازەربایجاندا کە ئەو دوو وڵاتەیش هەم وابەستە بوون بەئێرانەوە و هەم هاوسنووریشی بوون.

2 – هاوکاریکردن لەگەڵ پاشاکان و ئیمپراتۆرەکانی فەرەنساو ڕوسیای قەیسەریدا بۆ دانانی پرۆژەیەکی هاوبەش و هەمەلایەنە بۆ تێکشکان و ڕوخاندنی حکومەتە ئیسلامییەکانی ناوەوە و دەرەوەی ناوچەکە.

3 – پەرەدان بە ناكۆكی و كێشە لەمێژینەكانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی و خۆشكردنی ئاگری ناكۆكی و دوژمنایەتییە نەتەوەیی و ڕەگەزییەكانی نێوان توركەكان و فارسەكان. بەرپاكردنی ڕاپەڕینە ناوخۆییەكان و جەنگە خێڵەكییەكان لە نێوان عەشیرە و خێڵە موسڵمانەكانی دەوروبەری شارە گەورەكانی عێراق و ئێراندا. بڵاوكردنەوە و زیندووكردنەوەی سەرلەنوێی ئاینەكانی پێش لە ئیسلام، تەنانەت ئاینە وازلێهێنراو و لەیادچووەكانی میزۆپۆتامیا، ئێران و میسر و هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ لەنێوان ئیسلام و ئاینە ناوبراوەكاندا.

4 – دانی بەشێک لەزەوی شارەكان و لادێكانی ولاتانی ئیسلامی، وەک (اقطاع) بە نەتەوە نا موسڵمانەكان. بۆنموونە، سپاردنی مەدینە بە جولەكەكان، بەندەری ئەسكەندەرییە بە مەسیحییەكان و شاری یەزدی ئێرانیش بە زەردەشتییە پارسییەكان، عەمارەی عێراقیش بە صائیبینەكان، كرماشانیش بە علی اللهیان، موسڵیش بەیەزیدییەكان، دەوروبەری كەنداوی فارسیش، بوشهر... بە هیندییەكان، لەم ناوچەی دواییەیاندا دەبێت لەپێشدا هیندییەكان جێگیر بكەین. طرابلسي لوبنان بە خێڵەكانی دروز و گارضیش بەشیعە عەلەوییەكان و مەسقەتی عومانیش بە خوارجەكان. پاش سپاردنی ئەم شوێنانە بە گروپە ئاینی و كۆمەڵایەتیە ناوبراوەكان، پێویستە هەوڵبدەین كە بناغەی دارایی و سەربازییانەی ئەم كەمایەتییانە، لەڕێگای كۆمەكە لۆجستییەكان، شومەكی جەنگی و ناردنی پسپۆڕانی سیاسیی و جەنگییەوە بەهێز بكەین بۆ ئەوەی كە پاش لە ماوەیەكی كەم، ئەم كەمایەتییە ئاینییانەش ببن بە دڕكی چاوی موسڵمانەكان و ئازاری گیانیانبدەن. فراوان بوونەوەی پلەبەپلەی نفوز و دەسەڵاتی ئەوان لە ناوچەكەدا، دەبێتە هۆی لە ناوچوونی حكومەتەكانی موسڵمانان و نفوزی ئیسلامیش لە ناوچەكەدا بەرەو لاوازی و داڕزین دەبات.

5 – داڕشتنی نەخشەیەكی وورد و عەمەلی بەمەبەستی دابەشكردنی حكومەتە بەهێزەكانی ئێران و عوسمانی بەسەر چەند فەرمانڕەوایەكی بچووک و خۆجێ (محەلی)دا و دروستكردنی كێشەو ناكۆكی لە نێوانیاندا، ئەمە لەلایەک و لە لایەكی تریشەوە بەشەڕدانیان لەگەڵ حكومەتی ناوەندیدا، وەک ئەو پرۆژەیەی كەئێستا لە هیندستاندا پیادە دەكرێت، یان بەكەڵک وەرگرتن لە دەستور : دووبەرەكی بنێرەوە و حكومەت لەدەستبگرە، یان بە دەربڕینێكی ڕاشكاوانەتر و باشتر : دووبەرەكی بنێرەوە و لە ناویان ببە !.

6 – لە ناوچە ئیسلامییەكاندا، بە بەرنامەڕێژی هوشیارانە وسیستماتیكەوە پروپاگەندە بۆ بیروباوەڕ و ئاینە ساختە و دروستكراوەكان بكرێت، بەجۆرێک كە ئەو كارە دەبێت پاش لە هەڵسەنگاندنی زەمینە فكرییەكانی توێژە جیاوازەكانی خەڵک ئەنجام بدرێت. بۆ نمونە : شیعەكان ئیمامەكانی خۆیان زۆر خۆش دەوێت، بۆ مەزهەبی حسین اللهی، پەرەستنی حەزرەتی صادق، زیادەڕەویكردن لە بارەی حەزرەتی مەهدی ونبووەوە، زیادەڕەوی لەبارەی كەسایەتی عەلی كوڕی موسا ڕەزاوە ــ گروپی هەشت ئیمامی ــ تەرویج بكرێت. گونجاوترین شوێنەكان بۆ بڵاوبوونەوەی هەریەكێک لەم مەزهەبانە، بەم شێوەیەیە : حسین اللهی لە (كەربەلا)، مەهدی ونبوو لە (سامەڕا)، حەزرەتی صادق لە (ئەسفەهان)، هەشت ئیمامەكەیش لە (مەشهەد ). بێگومان بڵاوكردنەوە و تەبلیغكردنی هەریەكێک لەم مەزهەبە ساختانە نابێت تەنها سنوردار بكرێتەوە بە ناوچە شیعەنشینەكانەوە، بەڵكو دەبێت لە ناو گروپی چواری ئەهلی سوننەشدا (حەنەفی، شافعی، حەمبەلی و مالكی ــ و. ک)، چەند مەزهەبێكی لەوجۆرەی كەباسكران، بڵاوبكرێنەوە و ناكۆكی و دووبەرەكیەكی بەهێزیش لە نێوانیاندا دروست بكەین، بەجۆرێک كە هەر یەكەیان خۆی بە موسڵمانی ڕاستەقینەتر بزانێت لەویتریان، یان ئەوانی دیكە بەكافرو هەڵگەڕاوە لە دین بزانێت و كوشتنیان بكاتە واجب.

7 – بڵاوكردنوەی لەشفرۆشی و نێربازی (لواط)، مەشروب خواردنەوە و قوماربازی، لەو بەرنامانەیە كە دەبێت لە ناو موسڵمانانەدا ڕەواجیان پێبدرێت. لە پەرەدان و تەرویجكردنی ئەمجۆرە فەسادانەدا، دەبێت لە ئاینەكانی پێش لە هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەكە، كە خۆش بەختانە ژمارەیان كەم نییە، كەڵكێكی زۆر وەربگیرێت.

8 – هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایانی فاسدو ناپاک تا کو بتوانن هەستیارترین کارو بارەکـانی ئـەم وڵاتانە لەدەستبگرن، پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایە کە دەبێت فەرمانڕەوایانی ویلایەتەکان لــە بەکرێـگیراوەکانی وابەستەی وەزارەتی مستعمراتی ئینگلیز بن، بەکورتییەکەی کار بۆ دەوڵەتی ئینگلیز بکـەن و فـەرمان لــەوەوە وەربگرن. پێویستە کە ئامانجەکانی ئێمە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، لە ڕێگای ئـەو فـەرمانڕەوا بەکرێـگیراوانەوە بەنهێنیانە عەمەلی بکرێنەوە. بێگومان دەبێت لە ڕووکەشدا وا بنوێنێت کە ئەم فـەرمانڕەواو فەرمانبەرانــە لــە لایەن پاشاکانی ئیسلامەوە دیاری دەکرێن، بەڵام لە ژێرەوە فەرمانبەری دەوڵەتی بەریتانیای گەورە و وەزارەتی مستعمرات بن.

9 – بەرگرتن بە زمان و کلتوری عەرەبی لە وڵاتانی موسڵمان نشینی نا عەرەبیدا و لەبەرانبەریشدا تەبلیغ و بڵاوکردنەوەی زمان و کلتوری نەتەوەیی خۆیان، وەک زمانی سانکریت، زمانــە ئـێرانییەکان، زمـانی کـوردی، زمانی پەشتو و ئۆردو. دەبێت بایەخ بەوە بدرێت کە لەهجە محەلییە باوەکانی نـاو هـۆز وخـێڵە عەرەبــەکان پەرەی پێدرێت و جێگای زمانی عەرەبی پەتی (فصیح) بگرێتەوە تا لەم ڕێگایەوە بتوانرێت پەیوەندی عەرەبەکان لەگەڵ زمان و کلتوری قورئان و سونەتدا بپچڕێنرێت.

10 – هەوڵدان بۆ زیادکردنی ژمارەی بەکرێگیراوان و سیخوڕەکانی ئینگلیز لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکانـدا وەک ڕاوێژکارانی دەسەڵاتداران، پسپۆڕان و... لە ئەنجامدا کاریگەری دانانیــان لەســەر بڕیارەکــانی وەزیرەکــان و ئەمیرەکانی وڵاتانی ئیسلامی. باشترین ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجانەش، لە پێشدا پەروەردەکردن و ڕاهـێنانی کۆیلەکان و کەنیزە هوشیارو لێهاتووەکانە و لــە قۆنــاغی دواتریــشدا فرۆشــتنەوەیانە بــە فــەرمانڕەواکان، منداڵەکانی لێپرسروانی دەربار، شازادەکان، هاوسەرەکانیان و کەسانی بەنفوزتر. ئەم کۆیلە و کەنیزانە، بەهۆی لێهاتووییەکەوە کە هەیانە، وورده وورده جێگای خۆیان دەکەنەوە و تا ئاسـتی ڕاوێـژکارانی دەسـەڵاتداران و ڕێپیشاندەرانی وەزیر و ئەمیرەکانی وڵاتانی ئیسلامی دەچنە سەرەوە.

11 – پەرەدان بە ئاینی مەسیحیەت لە ناو چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، بە تایبــەتی تەکنۆکراتەکان (کارمەندانی دارایی دەوڵەت، پزیشکەکان و ئەندازیاران) و کەسانێکیتر کە وابەستەن بەمانــەوە. زیادکردنی ژمارەی کڵیساکان، قوتابخانەکان و دەرمانخانەکانی سەربە کڵیسا، بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکـە تەبشیریەکان و دابەشکردنیان بــە خــۆڕایی لــە ناوچــینە ناوەنجییــەکانی خەڵکدا، بایەخــدان بــە مــێژووی مەسیحیەت و بەرجەستەکردنەوەی  ئەو مێژووە لە بەرانبەر مێژووی ئیــسلامدا. بــە مەبەســتی فەراهــەمکردنی ئیمکاناتێکی زیاتر بۆ تەبلیغکردنی ئاینی مەسـیح و بەدەستهـێنانی زانیــاری پێویــست لــەبارەی بــارودۆخ و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی ناوکۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە، دەبێت بەکرێـگیراوەکان و جاسوســەکانی بریتانیــا لەبەرگی خوشکانی دنیا تەرک کردوو، ڕاهیب و قەشــەکاندا بنــێردرێن بــۆ ناوکڵێــساکانی وڵاتــانی ئیــسلامی. هەندێک لەم ڕۆحانییە بە شێوە مەسیحیانە، دەبێت لە بەرگی ئیسلامناس، ڕۆژهەڵاتناس و تــاد... لــە هــەوڵی ئاوەژۆکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکاندا بن و پاش لە فەراهەمکردنی بەڵگە و زانیارییە پێویــستەکان لــە مــەڕ بارودۆخی وڵاتانی ئیسلامی، ئینجا دەبێت هیمەت بکەن بۆ نووسینی چەند وتارو بابەتێک بەزیانی ئیسلام و بە قازانجی مەسیحییەت.

12 – بڵاوکردنەوەی ئاتییزم (الحاد Atheism ) لە ناوکچان و کوڕانی موسڵماندا و دروستکردنی گومان لــە مێشکیاندا بەرانبەر بە بنەماکانی ئیسلام، ئەویش لەڕێگای تەبلیغکردنەوە لە قوتابخانەکانی ســەر بەکڵێــسا، بڵاوکردنەوەی کتێبە دژی ئــەخلاقی و دژی ئیــسلامییەکان، دروســتکردنی یانــەکانی ڕابــواردن و دیــسکۆکان، فەراهــەمکردنی پێداویــستییەکانی دروســتکردنی پەیوەنــدی دڵــداری لەگــەڵ بــرادەرە ناموســڵمانەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ بەدڕەوشتی و بێدینی. دروستکردنی ئەنجومەنــە نهـێنییەکان بــە بەشـداری لاوە جولەکــە و مەسیحییەکان و... بە مەبەستی خستنەداوی لاوانی موسڵمان، بەهەر هۆیەک کە میسەر ببێت.

13 – هەڵگیرساندنی ئاگری ناکۆکی و پشێوییەکان لە نـێوان موسـڵمانان و ئاینـەکانی دیکـەدا، لـە نـاوەو دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتانی ئیسلامیدا، یاخود لە نێوان خـودی گروپـە جیاوازەکـانی موسڵمانەکانیـشدا، ئەویش بە مەبەستی لاوازکردنی هێزی ئیسلام و دورخستنەوەی پەیروانی ئەم ئاینە لە هـاوڕایی و لەیـەکجۆر بیرکردنەوە لە بارەی کێشەکانی ژیانەوە و پابەستکردنیان لە هەنگاونان بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتنیان.لـە ناوبردنی هێزە فکری، دارایی و نەتەوەییەکانیان، مراندنی گیانی چالاکی و تێکۆشان لە جەستەی لاوەکانیاندا و پەرەدان بە بێ سەرەو بەرەیی و پاشاگەردانی.

14 – تێکشکاندنی ئابوری نەتەوەیی وڵاتانی ئیسلامی، بـە کـشتوکاڵ و سەرچـاوەکانیتری بەرهەمهـێنانی کۆمەڵایەتی و ژیانەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیش دەبێت بەنداوەکان تێکبدەین و هەوڵبدەین کە گیانی تەمەڵی و بێزار بوون لە ناو یەک بەیەکی ئەندامانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەرانبەر کارو بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەین. هەوڵبدەین کە لەڕێگای کردنەوەی شوێنە تەرفیهییەکان و چایخانەکانەوە، ڕێژەی بەکارهێنانی تریاک و کەرەستە سڕکەرەکانیتر ببەینە سەرەوە.

پێویستە ئەوەیش بڵێم کە ئەو 14 بەندەی سەرەوە، لە نامیلکەکەدا هەموویان بە نەخشە، وێنە و نموونـەوە هێنرابوونەوە، بەڵام من لێرەدا چەند ئاماژەیەکی کورتم بە هەر یەکێک لەوبەندانە کردووە.

بەکورتیەکەی، پاش ئەوەی کە سوپاسی جێگری وەزیر وەزارەتی مستعمراتم کـرد بـۆ ئـەو متمانەیـەی کـە پێیکردبووم، نامیلەکە نهێنییەکەم لەلای خۆم هێشتەوە. مانگێک لە لەندەن مامەوە تا ئەو کاتەی کە لـە لایـەن وەزیرەوە فەرمانی درێژەدان بە مەئموریەتەکەم لەعێراقدا دەرچـوو. دوایـین مەئموریـەتم تایبـەت بـوو بـە ئامادەکردنی محەمەد عبدالوەهاب بۆ ئەوەی کە ئاینە نوێیەکەی ڕابگەیەنێت. جێگری وەزیـر لـەوە ئاگـاداری کردمەوە کە زۆر بە شێنەیی و هوشیارییەوە لەگەڵیدا بەرەو ڕوو ببمەوە و بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات کە لەسەرەتاوە زیادەڕۆیی لەگەڵدا بکەم، چونکە تێگەیشتنەکەی جێگری وەزیر لەسەر ئەو ڕاپۆرتانـە بینـاکرابوو کە جاسوسەکانی بەریتانیا لە عێراق و ئێرانەوە ناردبوویان بۆ وەزارەتی مـستعمرات. محەمـەد عبـدالوەهاب گونجاوترین و شایستەترین کەس بوو کە دەکرا دەوڵەتی بـەریتانیا بـۆ جێبەجـێکردنی پرۆژەکـانی وەزارەتی مستعمرات حسابی لەسەر بکات. پاشان جێگری وەزیر لە درێژەی قسەکانیدا وتی :" دەبێت بەڕاشـکاوانە قـسە لەگەڵ محەمەددا بکەیت، چونکە پێشتر جاسوسـەکانمان لـە ئەسـفەهاندا گفتوگۆیـان لەگەڵـدا کـردووە و و شێخیش پێشنیارەکانی ئێمەی قەبوڵ کردووە، هەڵبەت بەو مەرجەی کە لە ئەگەری ئەو مەترسـی و هەڕەشـانە بپارێزرێت کە لەلایەن زاناکان، یان لەلایەن دەمارگیر و بەکرێگیراوەکانی دەسەڵاتدرانی ناوخۆییەوە، کە کار بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەکەن، ڕووبەڕووی دەبنەوە، چونکە لەگەڵ ئاشکرابوونی بانگی نوێـی ئـەودا، لـە هـەموو لایەکەوە پلانی لەدژی دادەنرێت و هێرشی ترسناک بۆ لە ناوبردنی شێخ دەست پێدەکات".

هەروەها دەوڵەتی ئینگلیز ڕازی بوو بوو بەوەی کە لە کاتی پێویستدا پارەو چەک بۆ شێخ محەمەد بنێردرێت و بەپێی مەیل و ئـارەزووی شـێخ، ناوەنـدی فەرمانڕەوایەتییـە سـەرەتاییەکەیان لـە ناوچـەیەکی بـچوکدا دیاریکردبوو لە نزیکی" نجد"ەوە، کە دەکەوێتە جزیرەی عەرەبییەوە.

بەڵێ ! زۆر خۆشحاڵ بووم بەبیستنی هەواڵی ڕازی بوونەکەی شێخ، بەڵام تەنها پرسیارێک کـە لـە جـێگری وەزیرم کرد، ئەمەبوو کە :" ڕۆڵ و ئەرکی داهاتووی من چییە ؟ لەمەودوا چی بکەم ؟ چ کارێکیتر بخەمە سەرشانی شێخ ؟ لە کوێوە دەست بەمەئموریەتەکـەم بکـەم ؟".جـێگری وەزیـر وەڵامـی دامـەوە کـە :" پێـشتر وەزارەتی مستعمرات سنووری ئەرکەکانی تۆی بەڕوونی دیاریکردووە و ئەویش ئەو ئەرکانەیە کە دەبێت شێخ پلە بەپلە ئەنجامیان بدات. ئەرکەکانیش بریتین لە :

1 – بەکافر ناوزەد کردنی هەموو ئەو موسڵمانانەی کە بە مەزهەبەکەی شێخەوە پەیوەست نابن و بە ڕەوا زانینی کوشتن، تاڵانکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ناموسیان، ڕێگادان بە فرۆشتنی ئەوانەی کە بەدیل دەگیرێن لەبازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنەوەی کۆیلەکاندا، وەکو کۆیلە و کەنیزەک.

2 – ئەگەر بکرێت بینای کەعبە وێران بکرێت، ئەویش بە بیانوی نەهێشتن وسڕینەوەی پاشماوەکانی بت پەرستی، ڕێگاگرتن لە موسڵمانان بۆ ئەنجامدانی فەرزی حەج و بزواندن و هاندانی خێڵە عەرەبەکان بۆ تاڵانکردنی حاجییەکان.

3 – هاندانی خێڵە عەرەبەکان بۆ یاخی بوون و سەرپێچیکردن لە فەرمانەکانی خەلیفە (ئیمپراتۆری عوسمانی)، بزواندن و هاندانی خێڵ و کەسە نارازییەکان بۆ هەڵگیرسانی ئاگری جەنگ دژ بە حکومەتی عوسمانی، دروستکردن و ئامادەکردنی سوپایەکی چەکدار بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. هەروەها بەهەرهۆکارێک کە لە توانادا بێت، بەرپاکردنی شەڕو تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەرستۆکراتەکانی حیجازدا، ئەویش بە مەبەستی کەمکردنەوە لە نفوز و ڕێزیان لەناو خەڵکدا.

4 – تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت،گۆڕەکان و مەزارگەکانی موسڵمانان کە لە مەککە، مەدینەو شارەکانی تردا بوونیان هەیە وێران بکرێن، ئەوەیش بە بیانوی جیهاد لەدژی نەریت و ڕەوشتی بت پەرەستی و شەریک دروستکردن بۆ خوا و بەشێوەیەکی گشتیش ڕێگا گرتن لە سوکایەتیکردن بە کەسایەتی محەمەد و بە هەڵبژێردراوان و زانایانی ئیسلامیی.

5 – تا ئەو جێگایەی کە مەیسەر بێت، پەرە بە نائارامی، فتنە و دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە بدرێت لە وڵاتانی ئیسلامیدا.

6 – چاپکردن و بڵاوکردنەوەی قورئانێکی نوێ کە ئایە و سورەتەکانی کەم و زیاد کرابێت، ئەویش لە سەر بنەمای حەدیس، یان ئەو هەواڵانەی کە دەبنە هۆی کەمبوونەوە، یان زیادبوونی ئەو قورئانەی کە هەنوکە لەبەر دەستدایە.

پاش ئەوەی کە جێگری وەزیر ئەو بەرنامە شەش برگەییەی ڕوونکردەوە کە دەبوو شێخ محەمەد عبدالوەهاب جێبەجێکردنی تەواوەتیان لە ئەستۆ بگرێت، لە درێژەی قسەکانیدا ووتی کە :" نابێت قورسی و چڕو پڕی ئەم بەرنامەیە بترسێنێت ! ئەرکی هەموومانە کە تۆوی لەناوبردنی ئاینی ئیسلام لە وڵاتانی ئیسلامیدا بچێنین تاکو نەوەکانی ئایندەمان بتوانن کاروانەکەی ئێمە لەم ڕێگایەوە بگەیەننە دوا مەنزڵگە. دەوڵەتی بەریتانیای گەورە سەبرو حەوسەڵەی هەیە و نەفەسی درێژە لە تێکۆشانی درێژخایەنی خۆیدا. ئێمە ئەم ڕێگا دوورو درێژە بە هەنگاوی حساب بۆکراو و دڵنیابووەنەوە تەی دەکەین. باشە ئەی محەمەدی پێغەمبەر، خۆی پیاوێکی تەنها نەبوو کە توانی شۆڕشێکی ئەوها ماڵوێرانکەر بەرپا بکات ؟ محەمەد عبدالوەهابیش، هەروەک پێغەمبەر، دەتوانێت ئاگری ئەو شۆڕشە بڵێسەدار بکات کە ئامانجی ئێمەیە لەداهاتوودا".

چەند ڕۆژێک دوای دیدارەکەم لەگەڵ جێگری وەزیردا، ئیزنی سەفەرەکەم وەرگرت و پاشانیش خواحافیزم لە خێزانەکەم و برادەرەکانم کرد. لەکاتی هاتنە دەرەوەم لەماڵەوەدا، کوڕەکەم بە زمانێکی داواکاری ئامێزەوە وتی :" بابە ! زوو بگەڕێرەوە". بە قسەکانی ئەو چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بوون و چتر نەمتوانی گریانەکەم لە هاوسەرەکەم بشارمەوە، یەکترمان ماچکرد، ماچەکانمان، ماچی گەرم و ئاگراوی بوون. دوای ئەوە، ئینجا بەمەبەستی سەفەرکردن بۆ بەسرە، بەرەو لای کەشتییەکە ڕۆیشتم. پاش سەفەرێکی سەخت و دژوار، سەرئەنجام لە شەوێکدا گەیشتمە بەسرە و بە پەلە خۆمکرد بە ماڵی عبدالرەزای دارتاشدا. کەچوومە ماڵیان، عبدالرەزا خەوتبوو، هەرکە خەبەری بووە و چاوی بەمن کەوت، زۆر بەگەرمییەوە پێشوازی و بەخێرهاتنی لێکردم. ئەو شەوە لە ماڵی ئەوان مامەوە، بەیانی زوو کە لە خەو هەستاین،عبدالرەزا پێی وتم کە ماوەیەک لەوەپێش شێخ محەمەد عبدالوەهاب گەڕاوەتەوە بۆ بەسرە، بەڵام چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، خواحافیزی لێکردووە و سەفەری بۆ

شوێنێکی نادیار کردووه. عبدالڕەزا پێی وتم کە شێخ نامەیەکی بۆ من نووسیووه و لەلای ئەو بەجێی هێشتووه. شێخ لە نامەکەیدا ئادرەسی شوێنی نیشتەجێبوونەکەی خۆیی لە نەجدا بۆ نووسی بووم.

ڕۆژی دوایی بە تەنیا بەرەو نەجد کەوتمەڕێ و پاش لە ماندوو بوون و فەلاکەتێکی زۆر، گەیشتمە نەجد و سەرئەنجام شێخم لە هەمان ماڵدا دۆزییەوە کە لە نامەکەیدا بۆی دەستنیشان کرد بووم. ماندوویەتیم لە ڕوخساری شێخدا بەدیدەکرد. بە باشم نەزانی کە لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکەم، خێرا تێگەیشتم کە لە کاری سێکسیدا زیادەڕەوی کردووە و وزەی لەبەر بڕاوە، بەڵام چاریشم نەبووم دەبوایە کە ئامۆژگاری بکەم تا لەکاری سێکسیدا تووند نەڕوات، چونکە دەبووایە کە پێکەوە چەند پڕۆژەیەکیتر ئەنجام بدەین. شێخ ئامۆژگارییەکەمی قەبوڵ کرد و پاشان بڕیارماندا کە من خۆم بکەمە کۆیلەی ئەو و بە ناوی" عەبدوڵڵا"وەخۆم بناسێنم و واپیشان بدەین کە شێخ منی کۆیلەی لە کۆیلەفرۆشەکان کڕیووەتەوە و ئێسایش بوومەتە موڵکی ئەو، هەروەها شێخیش وای باسکردبوو کە منی لە شاری بەسرە کڕیوە و بۆئەنجامدانی کارەکانی ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆنەجد.

خەڵکی نەجد منیان بە کۆیلەی شێخ محەمەد عبدالوەهاب دەزانی. پێویستە ئەوەیش بڵێم کە ئێمە بۆ ماوەی دووساڵ لەنەجد خەریکی فەراهەمکردنی سەرەتاکانی دەرچوونی شێخ و ڕاگەیاندنی بانگە نوێیەکەی ئەو بووین. لە ناوەڕاستی ساڵی **1143** ی کۆچیدا، محەمەد عبدالوهاب بڕیاری یەکجاری خۆییدا بۆ ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی ئاینە نوێیەکەی لە جزیرەی عەرەبدا و هاوکاتیش بانگەوازی ئەو برادەرانەی خۆیی کرد کە هاوبیری بوون و بەڵێنی هاوکاریکردنیان پێدابوو. لەسەرەتادا، بانگەوازەکەی بە ووشە و دەربڕینی کورت و ناڕۆشن رووی لە هاوەڵ و موریدەکانی بوو، بەڵام پاشماوەیەک چەندین دەعوەتنامەی بۆ چینە جیاوازەکانی نەجد نارد و سەرئەنجام لەڕێگای پارەوە توانیمان هەنگاو بەهەنگاو، ژمارەیەکی زۆر لە دەورو بەری شێخ و بۆ پشتیوانی لە بیرو باوەڕەکانی ئەو کۆبکەینەوە و بەهۆی پڕوپاگەندەی ئەو کەسانەی کە بە دەوری شێخدا کۆبووبوونەوە، ئێمەییش بڕیارەکەی خۆمان لەبارەی خەباتکردن لەدژی دوژمنان و نەیارانی شێخ تووندوتیژتر کردەوە. پێویستە ئاماژەیش بەوە بکەم کە هەرچی بانگەوازەکەی شێخ لەدورگەی عەرەبدا ئاشکراتر دەبوو، هەربەو ڕادەیەیش ژمارەی دوژمنان و نەیارەکانییشی زیادیان دەکرد.

زۆر بەخێرایی دوژمنکاری و دژایەتیکردنەکانی شێخ گەیشتنە ئاستێک کە خەریک بوو شێخ لەجێبەجێکردنی بڕیارەکەی پاشەگەز بکاتەوە و پاشەکشەی پێبکات، ئەمە بەتایبەتی لەوکاتەدا بوو کە لە نەجدا دەنگۆ ترسناکەکان لەدژی ئەو بڵاوبوونەوە. من زۆر بە لێبڕاوییەوە هانی شێخم ئەدا کە خۆڕاگربێت و نەمدەهێشت کە ئیرادە و ڕۆڵی ئەو بەرەو لاوازی بڕوات. هەردەم پێم دەگوت :" محەمەدی پێغەمبەری خوایش لە یەکەمین ڕۆژەکانی (بعثت) دا، کۆمەڵێک دوژمنی هەبوو کە زۆر لە دوژمنەکانی تۆ بەهێزتر بوون، زیاتریش لەتۆ تەحەمولی بەلاوکوێرەوەرییەکانی دەکرد، بڕینی ڕێگایەکی گەورو شکۆدار، بەبێ تەحەمولکردنی ئازار و ئەشکەنجە مەیسەر نابێت و هەموو ڕابەرو پێشەوایەکی خێرخوایش لەگەڵ ئەم دژوارییانەدا بەرەو ڕوو دەبێتەوە".

بەم شێوەیە، دەستمانکرد بە خەبات و ڕووبەڕووی دوژمنە ترسناکەکان وەستاینەوە.شێوازی تاکتیکی ئێمە لەم خەباتەدا بریتی بوو لە جەنگ و هەڵهاتن. یەکێک لە نەخشە سەرکەوتووەکانی ئێمە لەم خەباتەدا، بەکرێگرتنی ئەو کەسانە بوو کە لە دوژمنەکانی شێخەوە نزیک بوون، ئەم بەکرێگیراوانە کە بە ڕووکەش لە ڕیزی نەیارنی ئێمەدابوون، بەڵام کاری جاسوسیان بۆ دەکردین. ئێمەیان لە بڕیار و نەخشەکانی دوژمنەکانمان ئاگادار دەکردەوە.ئێمە توانیمان کە بەکەڵک وەرگرتن لە زانیاری بەکرێگیراوە بە ڕووکەش دوژمنەکانمان، نەخشەکانی دوژمنە ڕاستەقینەکانمان بکەینە بڵقی سەر ئاو. بۆنموونە، جارێکیان ئەوەم بیستەوە کە گروپێک بڕیاریانداوە شێخ تیرۆر بکەن، بەڵام من بەخێرایی دەستبەکار بووم و نەخشەی تیرۆرکردنەکەیانم تێکدا ئەو

گروپەمان ئەوەندە ڕیسواکرد، کە ئەنجامەکەی بە قازانجی شێخ شکایەوە و خەڵک پشتیان لە تیرۆریستەکان کرد و ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ هاوکاری نەکردنیان.

سەرئەنجام، شێخ محەمەد عبدالوەهاب لەوە دڵنیایکردم کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە تێدەکۆشێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە 6 بڕگەییەکەی وەزارەتی مستعمرات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، هێشتا شێخ لە دوو ڕووەوە بەڵێنی گونجاوی نەدەدا : یەکەمیان لەکاتی گرتنی کەعبەدا، کەعبە بڕوخێنێت، چونکە شێخ ئەوەی بەکارێکی ترسناک و مەحاڵ دەزانی و پێی وابوو کە موسڵمانەکان بەو زووییە قسەکانی ئەو لە بارەی بتپەرەستییەوە قەبوڵ ناکەن. دووەمیان ئەوە بوو کە ئەو توانایەی لەخۆی ڕانەدەبینییەوە تا قورئانێکی نوێی بنووسێتەوە و ئامادە نەبوو کە هیچ شتێک لەبەرانبەر قورئاندا بکات. هەروەها، شێخ زۆر لەدەسەڵاتدارانی مەکە و ئەستەنبوڵی ناوەندی خەلافەتی عوسمانی دەترسا و لەو بارەیەوە دەیگوت :" ئەگەر کەعبە بڕوخێنم و قورئانێکی نوێ بهێنمە کایەوە، ئەوا مەترسی ئەوەهەیەکە عوسمانییەکان هێزێکی زیاتر بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنم ڕەوانەی عەرەبستان بکەن، لەوحاڵەتەیشدا، ئێمە توانای مقاوەمەتکردنمان نابێت لەبەرانبەریاندا". منیش لە لە عوزرەکەی تێگەیشتم و زانیم کە کەش و هەوای سیاسی – ئاینی ئەمڕۆکە لەبارنییە بۆ ئەوەی کە خەڵک قورئانی نوێ قەبوڵ بکەن و کەعبەیش بڕوخێنن.

پاش چەندینساڵ کە بانگەوازەکەی محمەد عبدالوەهاب و بڵاوبوونەوەی ئاینەکەی، بەپێی بەرنامەیەکی شەش بڕگەیی، لە سەرکەوتن نزیک دەبووەوە، ئینجا وەزارەتی مستعمرات بڕیاریدا کە لەباری سیاسیشەوە لە جزیرەی عەرەبیدا دەست بەکاربێت. ئەوەبوو کە یەکێک لە بەکرێگیراوەکانی خۆی کەناوی محەمەد بن سعود { باپیرەی بنەماڵەکەی سعودییەیە کە لە ساڵی 1147 ی کۆچیدا مەزهەبی وەهابی قەبوڵکرد و لەنەجددا بە هاوکاری ئیینگلیز حکومەتی بەدەستەوەگرت و لەساڵی 1179 کۆچیدا مرد – وەرگێڕی فارسی }بوو، ئەرکی هاوکاریکردنی محەمەد عبدالوەهابی گرتە ئەستۆی خۆیی و بۆ ئەم مەبەستەیش نوێنەرێکی خۆی ناردە لای محەمەد عەبدالوەهاب تا ئامانجەکانی بریتانیای گەورەی بۆ ڕوونبکاتەوە و تەئکید لەسەر هاوکاری و تێکۆشانی هاوبەشی هەردوو محەمەدەکە (محەمەد عبدالوهاب و محەمەد بن سعود) بکات. بڕیاری هاوکاری کردنەکەیان بەم شێوەیە بوو کە یەکلاییکردنەوەی کێشە ئاینییەکان بسپێردرێت بە محەمەد عبدالوهاب و مەسئولیەتە سیاسییەکەیش بکەوێتە ئەستۆی محەمەد بن سعود. لەو سەردەمەدا ئامانجی وەزارەتی مستعمرات ئەوە بوو کە دوو لایەنە هەیمەنە بکات بەسەر دڵ و جەستەی موسڵمانەکاندا، ئەویش بە پێی تێگەیشتن لەمە و بە شایەتی مێژوویش، حکومەتە دینییەکان تەمەنیان درێژتر و بەهێزتر بووە لە حکومەتە سیاسییەکان.

بەمجۆرە، هەر ڕۆژێک کە دەگوزەرا، بەرهەمی یەکێتی و یەکبوونەکەی ئەم دوو کەسایەتییە ئاینی و سیاسییە بەقازانجی دەوڵەتی ئینگلیز زیادی دەکرد. هەردوو ڕابەرەکە توانیان کە شاری" درعیە"ی نەجد بکەنە پایتەختی دەسەڵاتی خۆیان. وەزارەتی مستعمرات بە نهێنیانە کۆمەکی مالی زۆری بەم حکومەتە نوێیە دەکرد، بەتایبەتی ئیمکاناتێکی مالی ئەوتۆی بۆ حکومەتی نەجد فەراهەم کردبوو کە بتوانێت چەندکەسێکی بەڕووکەش کۆیلەی بۆ بکڕێت. لەڕاستییدا ئەوانە کۆیلە نەبوون، بەڵکو کارمەندە مەشق پێکراوەکانی وەزارەتی مستعمراتی ئینگلیز بوون کە بەتەواوی شارەزای زمانی عەرەبی بوون و هونەری جەنگی بیابانیشیان دەزانی. بە هاوکاری و ئازایەتی ئەو دەستەیە، کە ژمارەیان 11 کەس بوو، توانیمان کە نەخشەی مەنهجی ئاینی ـ سیاسیی حکومەت دابڕێژین. هەردوو محەمەدەکەیش پابەندبوون بە بەجێهێنانی ئەرکەکانیانەوە و لەڕێڕەوی ئەوبەرنامەیەی کەبۆیان دانرابوو، هەنگاویان بەرەو پێشەوە دەنا. پێویستە ئەوەیش بڵێم کە جاروبارەیش لە نێوانیاندا کێشەو دەمەقاڵێی لاوەکیانە دروست دەبوو، بەڵام هێندە توند و تیژ نەبوون تا وەزارەتی مستعمرات تدخولی تێدا بکات.

ئێمەیش هەموومان زەواجمان لەگەڵ کچانی دەوروبەری نەجدا کرد، پێویستە دان بەوڕاستییەشدا بنێم کە دڵسۆزی و خۆشەویستی ژنانی موسڵمان بەرانبەرانبەر بە مێردەکانیان، بەڕاستی سەرسوڕ هێنەرە. ئێمە توانیمان کە لە ڕێگای پەیوەندی پتەوی ژن و مێردایەتییەوە،زنجیرە پەیوەندییەکی برایانە و دۆستانەی بەهێز و پتەولەگەڵ خێڵەکانی نەجددا دابمەزرێنین.

ئێستا پەیوەندی نێوانمان زیاترلە هەر کاتێکی دیکە بەهێزترو باشترە. حکومەتی ناوەندی توانی کە دەسەڵات و نفوزی خۆی لەسەرتاسەری دورگەی عەرەبدا بەهێز بکات. هەرکاتێک کە ڕووداوێکی نەخوازراو و کارەساتێکی دڵتەزێن ڕوو نەدات، بەزوویی بەرهەم و میوەی ئەو نەمامە تازەپێگەیشتووە دەچنیینەوە کە تۆوەکەیمان بەسەرتاسەری وڵاتە ئیسلامییەکاندا چاندووە.

***

**تەواو**